کتێب: هەرزەکار لە تاراوگە – کێشە و گرفتەکانیان و ڕیگا چارەسەریان

ڕێبەرێک بۆ هەموو دایباب و هەرزەکارێک لە تاراوگە

نووسینی: غفور طاهر محمد

Contents

پێشەکی ..... ٥
یەکەم:- شوناسی کولتووری. ..... ٧
دایباب پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن: ..... ٨
هەوڵبدە بەدوربە: ..... ٨
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن: ..... ٩
دەستپێکی گفتوگۆ: ..... ١٠
دووەم- پەروەردەکردن و تەمبێکردن: ..... ١١
دایباب پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن: ..... ١٢
لێرەدا چەند ئامۆژگاریەک بۆ دانانی سنوورێکی ڕوون دەخەینەڕوو: ..... ١٤
ئەمانەی خاڵانەی خوارەوە هەندێک لە ڕێگاکانی پەروەردە لە خۆ دەگرێت: ..... ١٥
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن: ..... ١٦
دەستپێکی گفتوگۆ: ..... ١٧
سێیەم:- هاوڕێ: ..... ١٨
دایباب پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن: ..... ١٨
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن: ..... ١٩
دەستپێکی گفتوگۆ: ..... ٢١
چوارەم: فشاری هاوڕێکان: ..... ٢٢
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن: ..... ٢٣
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن: ..... ٢٤
دەستپێکی گفتوگۆ: ..... ٢٥
پێنجەم:- باند و مافیا: ..... ٢٦
دایباب پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن: ..... ٢٦
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن: ..... ٢٨
دەستپێکی گفتوگۆ: ..... ٢٩
شەشەم: هەڵاواردن (جیاکاری) و گەلەکۆمەکردن (التنمر): ..... ٣٠
أ: هەڵاواردن (جیاکاری) و چەوساندنەوە: ..... ٣٠
ب: (التنمر): گەلەکۆمەکردن بە قسەی ناشرین و سوکایەتیپێکردن: ..... ٣١

دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:........................................................................................................ ٣٢
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.................................................................................................. ٣٥
دەستپێکی گفتوگۆ:.................................................................................................................................. ٣٥
حەوتەم: ڕێزگرتنی خود و جەستەی خۆت. ...................................................................................................... ٣٦
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:........................................................................................................ ٣٧
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.................................................................................................. ٣٩
دەستپێکی گفتوگۆ:.................................................................................................................................. ٤٠
هەشتەم: پەیوەندی خۆشەویستی – پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ:................................................................................. ٤٢
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:........................................................................................................ ٤٢
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.................................................................................................. ٤٥
دەستپێکی گفتوگۆ:.................................................................................................................................. ٤٨
نۆیەم: سەلامەتی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین. ........................................................................................................ ٤٩
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:........................................................................................................ ٤٩
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.................................................................................................. ٥١
دەستپێکی گفتوگۆ:.................................................................................................................................. ٥٢
دەیەم: مادده هۆشبەر و مەی و جگەرە و ڤایپ:.................................................................................................. ٥٣
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:........................................................................................................ ٥٥
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.................................................................................................. ٥٨
دەستپێکی گفتوگۆ.................................................................................................................................. ٦٠
یانزەیەم:- تاتۆکردن: .............................................................................................................................. ٦١
دایباب پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن: ...................................................................................................... ٦٢
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.................................................................................................. ٦٤
دەستپێکی گفتوگۆ.................................................................................................................................. ٦٥
دوانزەیەم:- لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیل: .................................................................................................................. ٦٦
دایبابن پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:........................................................................................................ ٦٦
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.................................................................................................. ٦٧
دەستپێکی گفتوگۆ.................................................................................................................................. ٦٨
سیانزەیەم:- خوێندنی ئامادەیی و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا:................................................................................... ٦٩
دایبابن پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:........................................................................................................ ٦٩
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.................................................................................................. ٧٤
دەستپێکی گفتوگۆ:.................................................................................................................................. ٧٥
چواردەیەم:- فێرکردن هەندێک لە کارامەییەکانی ژیان بۆ هەرزەکاران:........................................................................... ٧٦
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:........................................................................................................ ٧٦
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.................................................................................................. ٧٧

دەستپێکی گفتوگۆ:........................................................................................................................................٧٨
پانزەیەم:- کێشەی دەروونی:.............................................................................................................................٧٩
خەمۆکی و دڵەڕاوکێ:.................................................................................................................................٧٩
أ:- دڵەڕاوکێ: .........................................................................................................................................٧٩
ب- خەمۆکی: ..........................................................................................................................................٨٠
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:..............................................................................................................٨١
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.........................................................................................................٨٢
دەستپێکی گفتوگۆ:........................................................................................................................................٨٣
شانزەیەم:- نەبوونی ئامانج: ..............................................................................................................................٨٤
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:..............................................................................................................٨٤
دەستپێکی گفتوگۆ:........................................................................................................................................٨٩
حەڤدەیەم:- هاوڕەگەزخوازی:.............................................................................................................................٩٠
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:..............................................................................................................٩١
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.........................................................................................................٩٢
دەستپێکی گفتوگۆ:........................................................................................................................................٩٣
هەژدەیەم:- خۆپەرەستی و چاوچنۆکی:.....................................................................................................................٩٤
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:..............................................................................................................٩٥
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.........................................................................................................٩٦
دەستپێکی گفتوگۆ:........................................................................................................................................٩٧
نۆزدەیەم:- مانەوەی هەرزەکار لەدەرەوە بەدرێژای شەو:..................................................................................................٩٨
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:..............................................................................................................٩٨
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:......................................................................................................... ١٠٠
دەستپێکی گفتوگۆ:........................................................................................................................................ ١٠١
بیستەم: هەڵهاتنی هەرزەکار لەماڵەوە: ................................................................................................................. ١٠٢
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.............................................................................................................. ١٠٢
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:......................................................................................................... ١٠٣
دەستپێکی گفتوگۆ:........................................................................................................................................ ١٠٤
بیست و یەک: بەشداری چالاکی قوتابخانە و چالاکی کۆمەڵایەتی:......................................................................................... ١٠٥
دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:.............................................................................................................. ١٠٦
هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:......................................................................................................... ١٠٦
دەستپێکی گفتوگۆ:........................................................................................................................................ ١٠٧
چەند ڕێنماییەکی گشتی بۆ دایبابان....................................................................................................................... ١٠٨
کۆتایی ................................................................................................................................................. ١٠٩
سەرچاوەکان............................................................................................................................................. ١١٠

## پێشەکی

زۆربەی خێزانە پەنابەرەکان لە پێناوی منداڵەکانیاندا، بە دوای ژیانێکی خۆشتر و دەرفەتی کاری باشتردا، بڕیاری سەختی کۆچکردن دەدەن بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئەوانیش هیوادارن وەک دایبابانی ئەمریکی و ئەوروپی ژیانی منداڵەکانیان باشتر بێت لە ژیانی خۆیان. بەڵام واقیعی پەروەردەکردنی منداڵان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکرێت زۆر قورس و ترسناک بن، لەکاتێکدا دایبابەکان لە ئاست تەحەددیاتی بەدەستهێنانی زمان، دامەزراندن، گۆڕینی ڕۆڵی خێزان و جیاوازی کولتووریدا توشی دەیان کێشە و گرفتی چاوەڕواننەکراو دەبنەوە، سەرەڕای ئەم هەموو گرفتانە، ڕووبەڕوی ئاڵنگاریەکی سەختر دەبنەوە ئەویش پەروەردەکردنی هەرزەکارەکانیانە.

زۆربەی گەنجان لە سەرەتای تەمەنی هەرزەکاریدا تووشی هەندێک هەوراز و نشێو دەبنەوە. ئەو منداڵەی کە لە ژێر چاودێری تۆدابوو ئێستا کە بووە بە هەرزەکار زیاتر لە جاران پێویستی بە تۆیە، دایبابی پەنابەر بێئەزموونن لە ژینگەی ڕۆژئاوا بەتایبەت کاتێک سەرەتا خۆیان دەگەنە ئەمریکا و ئەوروپا. پشت بەو کارامەییانەی پەروەردەکردن دەبەستن کە زۆرتر ئاشنان پێی، کە ئەمەش زۆرجار لەبری چارەسەر، گرفتیان بۆ زیاد دەکەن. ئەوانەی لە وڵاتی ڕۆژهەڵاتەوە ڕۆشتوون. شێوازێکی باوی دیسیپلین و چاودێری هەرزەکاران پەیڕەو دەکەن، دەکرێت بە سوود بێت لە نیشتیمانی خۆیان بەڵام لە ئەمریکا و ئەوروپا بە شێوەیەکی جیاوازتر لێکدەدرێتەوە، کە لە ئەنجامدا لەو وڵاتانە بە دەستێوەردانی لە خۆشگوزەرانی هەرزەکاران مانا دەکرێت، دایباب لە لایەن دەوڵەت و ڕێکخراوەکانەوە توشی لێپرسینەوە و وەرگرتنی سزا دەبنەوە.

پێناسەکانی ڕەفتاری گونجاوی پەروەردەکردنی منداڵ بەپێی کولتوور و بەپێی کۆمەڵگا جیاوازن، ئەمەش پێویستی بە پەروەردەیەکی تایبەت و گونجاو هەیە بۆ پەنابەران و کۆچبەران سەبارەت بە نۆرمەکانی پەروەردەکردنی لە ئەمریکا وڵاتانی تر و پێویستی بە هەستیاری کولتووری هەیە لەبەر ئەوە گرنگە دایبابان شارەزای زیاتریان هەبێت لە بواری پەروەردەکردنی هەرزەکاراندا بۆ ئەوەی بتوانین هەرزەکارێکی تەندروستیان هەبێت.

بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانتان، شێوازەکانی دیسیپلین، کارلێکەکانی دایباب و قوتابخانە، سەلامەتی تەندروستی و دەروونی لە کولتوورە جیاوازەکاندا، دەکرێت ئەم کتێبە یارمەتیدەر بێت بۆ گەڕاندنەوەی گەشبینی و شانازییتان بە هەرزەکارەکەتانەوە، هەروەها ئەو هێز و باوەڕەتان پێببەخشێت کە پێویستانە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەیەکی جیاوازتان هەبێت بۆ داهاتووی ڕۆڵەکانتان، هەروەها ئەم کتێبە گرنگە بۆ ئێوەی هەرزەکار چون هاوکارتان دەبێت لە کۆنترۆڵکردنی ئاڕاستەی ژیانتان، هەروەها چاکردنی پەیوەندیەکانتان لەگەڵ دەوروبەر، زاڵبون بەسەر ئالودەبون و خووەخراپەکان، گەشتن بە ئەنجام و ئامانجەکان، گەشتن بە بڕیارێکی باشتر.

هەموو تەوەرێک لە چوار بابەت پێک دێت:

١-ناساندنی بابەتەکە: وا لە دایباب و هەرزەکارەکە دەکات درک بە گرنگی بابەتەکە بکەن. وە کاتێک لە گرنگی بابەتەکە تێگەیشتن، پاڵنەریان دەبێت بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکان.

٢-دایباب پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بـکەن: گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە گفتوگۆیەکە لەگەڵ دایبابان بۆ ناسینی کێشەی هەرزەکاران و ناساندنیان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان، هەرزەکار ئەو لێهاتووییەیان نییە کە لە ڕێگەی

لەدایکبوونەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن. کاتێک هەرزەکاران توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان نابێت، پێویستە دایبابان هەوڵبدەن هاوکاریان بن و یارمەتیان بدەین بۆ پەرەپێدانیان و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان.

٣-هەرزەکار پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن: گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە گفتوگۆیەکە لەگەڵ هەرزەکاران خۆیان بۆ ئەوەی کێشەکانی خۆیان بناسن و هەوڵبدن چارەسەریان بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە سەربەخۆیی و پێگەیشتن و بەرپرسیارێتی زیاتر بکەن و یارمەتیان دەدات ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگاریە گەورانە ببنەوە کە ژیان بە متمانەوە فرێی دەداتە سەریان.

هەموو خویەکی خراپ بە دوو ڕێگەی سەرەکی دەکرێت لێی دەرباز ببیت:

یەکەم: چوارچێوەی مەعریفی: دەبێت بزانیت ئەو ڕەفتارە خراپەی خووت پێوەگرتوە لە ڕووی (ئاینی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و دەروونی)یەوە شتێکی خراپە، هەروەها پێچەوانەی ئەو ڕێگا ڕاستەیە کە پێویستە بیگریتە بەر، پێویستە زانست و زانیاری لەسەر ئەو ڕەفتارە کۆبکەیتەوە.

دووەم: چوارچێوەی ڕەفتاری: ئەمەش پێویستی بەوەیە گەر خوویەکی خراپت هەیە ئەم پێنج چارەسەرە بخەیتە تۆماری ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانتەوە (دورکەوتنەوە لە شوێن و هاوڕێی خراپ – خاوێنکردنەوەی جەستە لەو مادەی زیانبەخش و خوی خراپ – گۆڕینی بۆ ڕەفتاری باش – کۆنترۆڵکردنی خوود – پاڵپشتی کەسانی باش).

٤- دەستپێکی گفتوگۆ: گرنگی ئەم بابەتە بۆ هەرزەکارانە، لەگەڵ پرسیارەکان هزر و بیرکردنەوەیان زیاتر گەشە بکات، گەر لە هەر بابەتێکیش تێنەگەشتن جارێکیتر بابەتەکە گەنگەشە بکەن و بە باشتر بیخوێنەوە.

## یەکەم:- شوناسی کولتووری.



ناسنامەی کولتووری بریتییە لە سیستەمێک لە بەها و تێڕوانینەکان کە بەپێی تایبەتمەندییە مێژوویی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگەیەک تایبەتمەند دەکات، هەر کۆمەڵە مرۆڤێکیش سەر بە کولتوورێکی جیاوازە لە ئەوانی دیکە، شوناسی کلتوری بوونێکە کە بەردەوام لە پەرەسەندندایە و لە ژێر کاریگەری شوناسە کولتوورییەکانی دیکەدایە. سێ ئاستی هەیە: ناسنامەی تاک، ناسنامەی بەکۆمەڵ و ناسنامەی نەتەوەیی.

کۆچکردن لە نیشتیمان بەرەو هەندەران، هەرزەکاران ڕووبەڕووی دوو کلتور و دوو شوناسی جیاواز دەکاتەوە کە ئەمەش زۆر قورسە لەسەر خێزان. لەگەڵ تێکەڵبونی بە هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەی ڕووی لێدەکات فێری زمانیان دەبێت و تێکەڵ بە کلتور و دابونەریتیان دەبێت، هەرزەکارەکە ئارەزووی ئەوەی هەیە تێکەڵ بەو وڵاتە ببێت کە ڕووی تێکردوەوە وە هەست بە ئینتما دەکات بۆ ئەو شوێنە، ئەمەش وا دەکات دایباب کۆنترۆڵیان نەمێنێت بەسەر منداڵەکانیانەوە، زۆر ئاسایە هەستیش بە دڵەڕاوکێ بکەن. لەگەڵ ئەوەدا زۆر پێویستە لەسەر هەرزەکارەکە و دایبابی تێکەڵەیەک لە هەردوو کلتورەکە وەربگرن، ئەوەش بەوەی پەیوەندیەکیان هەبێت بە کلتور و زمان و ئاینی نیشتیمانەکەیان کە لێوەی هاتوون و لەگەڵ گەڕان و تێکەڵبوون بە کلتوری ئەو نیشتیمانەی کە بۆی ڕۆشتون بەتایبەت ئەوانەی یەکانگیرین یان دژ نین بە دابونەریتی و کلتوری خۆیان. ئەوەش بەوە دەبێت پەیوەندیە خێزانیەکەیان بە توندوتۆڵی بهێڵینەوە.

دایباب پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:

زۆرجار هەرزەکاران لە ڕۆڵی خۆیان سەریان لێ شێواوە و لە نێوان بەرپرسیارێتیەکانیان وەک گەورەساڵانی گەشەسەندوو و ئارەزووەکانیان وەک منداڵی بچوک. کاتێک کە هەرزەکاران تووشی قەیرانی ناسنامە دەبنەوە، کاتێک لەگەڵ پرسیارەکاندا دەجەنگن کە کێن؟ و دەیانەوێت کێبن؟ و چۆن لەگەڵ جیهانی دەوروبەریاندا خۆیان بگونجێن؟ ئەوان زیاتر هەست بە سۆزداری دەکەن (لۆمەی هۆرمۆنەکان دەکەن). هەموو شتێک دەتوانێت دڵخۆشیان بکات بیانوروژێنێت، یان شێتیان بکات و توڕەیان بکات.

١- گفتوگۆ بکە لەگەڵ هەرزەکارەت بە هۆی چ هۆکارێکەوە هاتون بۆ ئەم وڵاتە، ئایا هۆکاری ئابوریە یان سیاسیە یان ئاینیە یان بۆ خوێندن هاتوون.

٢- هانی هەرزەکارەکەتان بدەن پەیوەست بێت بە شوناس و کلتور و جلوبەرگ و ئاینی وڵاتی خۆیەوە وە سوپاسی بکە کاتێک ئەو کارەی ئەنجامدا.

٣- ئارامگربە و ڕاشکاو بە کاتێک گوێت لە قسە و ئەزمونی هەرزەکارەکەت دەبێت، گفتوگۆی لەگەڵ بکە دەربارەی ئەو شتانەی کە پێتخۆشە لە ژیانە نوێکەیدا ئەنجامی بدات وە ئەو شتانەی پێت ناخۆشە ئەنجامی بدات کە بەلای تۆوە کارێکی ئەستەمە.

٤- گفتوگۆی لەگەڵ بکە دەربارەی ئەو بەها و کاروبارانەی بۆ هەردوولاتان گرنگە.

٥- بیربکەرەوە لەوەی هەرزەکارەکەت بەشداربێت لە هەندێک چالاکی کە بەشێکە لەو وڵاتەی تێدا نیشتەجێیە، هەروەها لەو چالاکیانەشی کە پەیوەستە بە نیشتیمانی دایکەوە.

٦- هەوڵبدە لە شوێنێک نیشتەجێ ببن نزیک بێت لەو هاوڵاتیانەی کە نزیکن لە کلتور و دابونەریتی خۆتانەوە، یان لەو خوێندنگانە ناونوسیان بکەن کە تایبەتن بە شوناس و ئاین و کلتوری خۆتان یان نزیک لە خۆتانەوە.

٧- زۆر پێویستە لە ماڵەوە بە زمانی دایک (زمانی نیشتمانی یەکەم) گفتوگۆ بکەن لە نێو ئەندامانی خێزان، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت هەرزەکارەکەت زمانی یەکەم بیرنەچێتەوە، وە هەوڵبدە لە نیشتیمانی یەکەم هەندێک کتێب و چیرۆک و ڕۆمان بە زمانی دایک بۆ هەرزەکارەکەت بکڕە، پێکەوە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بە باشی زمانی دایک گۆبکات و بیخوێنێتەوە.

٨- هەروەها هەوڵبدن ساڵانە جارێک بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمانی خۆتان بۆ ماوەیەک بمێنەوە سەردانی خزم و ناسیاو بکەن و پێکەوە گەشت و سەیران ئەنجام بدەن.

هەوڵبدە بەدوربە:

* لەوەی هەرزەکارەکەت لە ماوەیەکی زۆرکەمدا ببێتە وەرگێڕێکی باش و خێرا، بتەوێت لە کەمترین کاتدا زاراوە پزیشکی و یاسایەکان بۆ وەربگێڕێت، لەبەر ئەوە فێربونی زمانی دووەم کارێکە ماوەیەکی پێویستە تا هەرزەکارەکە فێردەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە پشت بە خۆت ببەستیت و هەوڵبدە خۆشت فێری زمانی ئەو وڵاتە ببیت.

* لەوەی هەرزەکارەکەت بەیەکجاری هەموو یاسا و ڕێساکانت جێبەجێ بکات، چونکە توشی شۆک دەبێت کاتێک لە کلتور و شوناسێکی هاتووە لە پڕ ئاشنا دەبێت بە کلتور و شوناسێکی زۆر جیاواز، زۆرجار نازانێت کامیان باشترە لە کامیان، لەبەر ئەوە ماوەیەکی پێویستە تا تێدەگات.

هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:

پێدەچێت دایبابت هەوڵێکی زۆریان دابێت و وازیان لە زۆرشت هێنابێت لە پێناو ئەوەی بگەن بە شوێنێکی ئارام و ژیانێکی شایستە و گونجاو بۆ خۆیان و ئێوە، بەهۆی ئەوەوە تۆش زۆرێک لە ژیان و ژینگە کۆنەکەت لەدەستدابێت، وە هەست بە پەستانێکی زۆر بکەیت بۆ خۆگونجاندن لەو ژینگە نوێیەی تێدا نیشتەجێ بویت، هەست بەوە بکەیت پێویستە بە تەواوەتی ژینگە کۆنەکە واز لێ بێنیت بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانیت لەگەڵ ژینگە نوێیەکەدا خۆت بگونجێنیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاگاداربە ڕۆشنبیری و کلتورو و ژینگە کۆنەکەت بەشێکی زۆر گرنگن لە شوناست، هەوڵبدە بگەڕێ بەدوای ئەو شتانەی کە لە ژینگە نوێیەکە حەزت لێیەتی، بەڵام بە مەرجێک پەیوەستی بە خێزان و دابونەریتەکەیان بپارێزێت.

١- کولتوورەکەت بەشێکی گەورەیە لەوەی کە تۆ کێیت و شێوازی جیهان بینینت چۆنە. کاتێک لە وڵاتەکەی خۆت دەژیت کە کولتوورەکە سەرەکییەت هەمان کلتوری دایبابتە، پێدەچێت پێویست نەکات هەوڵێکی زۆر بدەیت بۆ پاراستنی- هەموو شتێک لە دەوروبەرتدایە! بەڵام چی ڕوودەدات ئەگەر ڕوو لە وڵاتێکی تر بکەیت یان کاتێک نەوە گەنجەکان پەیوەندییان لەگەڵ نەوە کۆنەکان لەدەست دەدەن؟ ئەگەر چالاکانە کولتوورەکەت نەپارێزیت، مەترسی ئەوەت لەسەرە کە ئەو هونەر و نەریت و خواردن و زمانە لەدەست بدەیت کە مانا بە ژیان دەبەخشن. بەردەوام بە لە خوێندنەوە بۆ ئەوەی بزانیت چی بکەیت بۆ ئەوەی کولتوورەکەت بە زیندووی بهێڵیتەوە.

٢- لە ڕیچکە و بنەچەی خێزانەکەت بکۆڵەرەوە و پرسیار بکە لە ئەسڵی دایک و باوکت، بزانە باپیرە و داپیرە، خاڵ و مام و پورەکانت کێن و ناوبەناو پەیوەندیان پێوە بکە، خاڵۆزا و ئامۆزا و پورزاکانت بناسە، وە بزانە هاونیشتیمانی وڵاتەکەت کێن حەزیان لە چیە و هەوڵبدە لە هەر ڕێگایەکەوە بێت پەیوەست بیت بە نیشتمانی یەکەمەوە. بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هەر پێنج هەستەکەوە پەیوەندیت بە کلتورەکەتەی پێشوتەوە هەبێت و چێژی لێ وەربگریت تەنانەت کاتێکیش زۆر دوور بیت.

٣- بەشداری بکە لە بۆنە و نەریتە کولتوورییەکان یان خۆت بۆنە و ئاهەنگەکانی ڕێکبخە بۆ ئەوەی کولتوورەکەت لەگەڵ کەسانی دیکەی دەرەوەی ئەودا هاوبەش بکەیت. هەروەها سەیرکردنی وردی لایەنێکی دیاریکراوی کولتوورەکەت، وەک چێشتلێنان، گاڵتە و گەپ، یاریەکان، ئەفسانە، فێستیڤاڵە تایبەتەکان، یان جلوبەرگی کلتورەکەت بناسێنە کە دەکرێت پرۆژەیەکی سەرنجڕاکێش بێت.

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ گەورەساڵانی کۆمەڵگاکەت بکە بۆ ئەوەی تۆمارێکی کولتووری لە بیروباوەڕ و نەریتەکانت دروست بکەیت کە بتوانیت بیگوازیتەوە بۆ کەسانی تر.

٥- لە کاتی بەشداریکردن لە پاڵەوانی نێوخۆی و نێودەوڵەتی، هەوڵبدە دابونەریت و کلتوری نیشتیمانی یەکەمت تێکەڵ بەو پاڵەوانیەتیە بکەتیت، ئیتر ئایا بە جلوبەرگ بێت یان ئاڵا یان تەنانەت وشەیەک بێت وەک "**بەیانیتان باش**".

٦- قسەکردن بە زمانی باوباپیرانت زۆر پێویستە بۆ پاراستنی ڕوانگە و تێڕوانینی کولتوورەکەت بۆ ژیان و جیهان. بیرت بێت شارەزای لە دوو کلتوری جیاواز و زانینی دوو زمان یان زیاتر یەکێکە لە خاڵی بەهێزت، ئەمەش هۆکارە بۆ باشکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی و پیشەیت.هەوڵبدە لە ڕێگای مامۆستا یان یوتوبەوە فێری زمانی کوردی ببە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانی بنوسیت و بخوێنیتەوە.

٧- لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری خۆت کات بەسەربەرە. وەک گروپێک کۆببنەوە نەک تەنها بۆ جەژن و بۆنە گەورەکان، بەڵکو بۆ ژەمە خواردنە ئاساییەکان و یان تەنانەت تەنها بۆ گفتوگۆکردنیش بێت. ئەم کاتانە بەکاربهێنە بۆ فێربوون و زیندوو ڕاگرتنی ئەو لایەنانەی کولتووریانەی کە لە ڕێگەی کتێب و مۆزەخانەکانەوە فێربوونیان قورسە، وەک ئاداب و زمانی جەستە و نوکتە.

٨- فێربە دەربارەی نەریتە ئاینییەکانی کولتوورەکەت. بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا تۆ هاوبەشی بیروباوەڕی ئایینی دایبابت یان داپیرە و باپیرەت، لێکۆڵینەوە لە ئاینەکەت دەتوانێت یارمەتیت بدات باشتر لە کولتوورەکەیان تێبگەیت. ئایین پەیوەستە بە زمان و مێژوو و ڕەفتاری کەسییەوە. ئاشنابوون بەم بیروباوەڕ و نەریتە ئاینییانە یارمەتیت دەدات لە لایەنەکانی تری کولتوورەکەت تێبگەیت کە لەیەکتردا تێکەڵاون.

٩-خۆبەخشانە وەک وەرگێڕ کاربکە ئەگەر بە زمانی باوباپیرانت قسە دەکەیت. بەڕاستی لێهاتووییەکانت وەک وەرگێڕێک بەنرخن- بە تایبەت ئەگەر بە زمانێکی قورس و گران یان زمانێک قسە بکەیت، کەم کەس پێی ئاشنابن، ئەمەش هاوکارت دەبێت ک بتوانێت لەگەڵ کەناڵە بەناوبانگەکان کار بکەیت. هەروەها دەتوانیت یارمەتی توێژەران بدەیت زیاتر لە نەریتە کولتوورییەکانت تێبگەن بە وەرگێڕانی بەڵگەنامە یان تۆمارەکان بە زمانی باوباپیرانت بۆ زمانێکی باوتر، نمونە وەک ئینگلیزی یان عەرەبی یان فەرەنسی.

١٠- لە قوتابخانەکان یان کتێبخانەکاندا لەسەر کولتوورەکەت سیمینار یان وۆرک شۆپ پێشکەش بکە. زۆرجار مامۆستایان بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێن بۆ فێرکردنی خوێندکارەکانیان دەربارەی کولتوورە جیاوازەکان- پەیوەندی بە هەندێک قوتابخانەوە دەکەن و پرسیار دەکەن بزانن کێ شارەزایە، تۆ دەتوانیت لەو ڕێگایەوە خۆت بسەلمێنێت! قسەکردن لەگەڵ خەڵک ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی کولتوورەکەت لەگەڵ کەسانی دیکەدا هاوبەش بکەیت و بیپارێزیت بۆ نەوەکانی داهاتوو.

### دەستپێکی گفتوگۆ:

١- بیری چ شتێک دەکەیت لە وڵاتی ڕەسەنەکەت؟
٢- باشترین شت لە خێزانەکەتدا چییە؟
٣- خۆشترین شتی خێزانت یان نەریتی کولتووریت چییە و بۆچی؟
٤- چیت زۆر پێ خۆشە لەو وڵاتەی کە گەشتت بۆ کردووە؟
٥- چی فێری هاوڕێ نوێیەکانت کردووە دەربارەی کولتوورەکەت؟
٦- کام شتە لە کلتور و ئاینەکەت دەتوانیت شانازی پێوە بکەیت؟
٧- جیاوازی زۆر لە کام بەشی نێوان کلتوری ئەو نیشتمانەی لێوەی هاتوی لەگەڵ نیشتمانە نوێیەکەت کامەیە؟ چۆن هەوڵدەیت ئەم خاڵانە بگونجێت؟

٨-  ئایا لەگەڵ دایبابت گفتوگۆت کردوە لەسەر ڕەچەڵەکیان یان ئاین و داب ونەریتیان.

دووەم- پەروەردەکردن و تەمبێکردن:



کاتێک منداڵ گەورە دەبێ و دەبێتە هەرزەکار لە لایەن دایبابیەوە شێوازی پەروەردەکردنەکەیان دەگۆڕێت. هەرزەکار باشتر لە مانای سزادان تێدەگات، وە بە ئاسانی دەزانێت شەرحی ڕێساو یاساکان بکات لە چاو منداڵدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەرزەکار پێویستە سەربەخۆیەکی سنورداری پێببەخشرێ، ئەمەش هەرچەندە کەمێک سەختە بۆ خێزان چون زۆر دڵەڕاوکێیان هەیە ئایا ئەم سەربەخۆیە بە دروستی بەکاردەهێنێت یان بە نادروستی.

کاتێک منداڵ گەورە دەبێت، دەبێتە هەرزەکار زۆر بەرەنگاری و دژایەتی یاسا و ڕێسا کۆنەکان دەکات و هەوڵدەدات زیاتر سەربەخۆ بێت و کەسایەتی و شوناسی خۆی بناسێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا زیاتر ئارەزوی سەربەخۆیی تاکی هەیە بە تایبەت بۆ قۆناغی هەرزەکاران. ئەمەش وا دەکات هەرزەکارەکەت زیاتر تامەزرۆی سەربەخۆی بکات و پێیانخۆشە خۆیان بڕیار لەسەر چارەنوسی ژیانی خۆیان بدەن و کەس تەداخولی ژیانیان نەکات، حەزدەکەن پارەی زیاتریان پێبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانیان خەرجی بکەن.

وەک دایبوباب پێویستە بەرپرسیاریتی هەڵبگریت و یاساوڕێسا دابنێت بۆ منداڵەکانت لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە گوێ لە منداڵەکانت بگریت و بزانیت پێویستیەکانیان چین. پێدەچێت هەندێک ئەزمونی نوێ هەبێت توشی هەرزەکارەکان ببێت ئێوە ئەزمونتان نەکردبێت و تیادا نەژیابێتن، یان توشی کۆمەڵێک ئاڵنگاری نوێ ببن پێویستیان بە کۆمەکی و هاوکاری ئێوە هەبێت.

هەرزەکار پێداگیری دەکەن وەک هاوڕێکانی تا یانزەی شەو نەگەڕێنەوە ماڵەوە، ئەمەش ئێوە ڕووبەڕووی کێشەدەکاتەوە گەر ڕێگای بدەیت ئەوا توشی هەندێک گرفت دەبێتەوە، گەر ڕێگاشی پێنەدەیت ئەوا کێشەو ململانێ لەگەڵ هەرزەکارەکە لە نێوماڵ هەڵدەگیرسێت.

دایباب پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بـــکەن:

١- ڕوون و ڕاشکاوبە بەرامبەر ئەو بەرپرسیارێتیەی دەکەوێتە سەرشانتان وە ئەو ڕەفتارانەی چاوەڕوانیت ڕووبدەن و ئەو هۆکارانەی پشتەوەیان. بیربکەرەوە لە دانانی ڕێساویاسایەک بە شێوازی نوسین بێت، بۆ ئەوەی هەردوولا پێوە پابەند بن.

٢- گفتوگۆبکە دەربارەی ڕێساویاسا و کۆتوبەند و سنور و سزاو لە چوارچێوەی خێزاندا. هەوڵبدە هەرزەکارەکەت بەشداری پێبکەیت لە دانانی بڕیارەکان چون هەستدەکات ڕێزت لە بیروبۆچونەکانی گرتوە، ئەوکات زیاتر پابەند دەبێت بە یاساو ڕێساکانەوە.

٣- توندوتۆڵ و جێگیربە لەسەر جێبەجێکردنی یاساوڕێساکان، بەڵام بەدیهێنانی ئەم یاساوڕێسایانە گونجاندنێتی لەگەل هەرزەکارەکەدا، لە بوونی هەر کێشەو گرفتێک گفتوگۆ لەگەڵ هەرزەکارەکەتدا بکە و هەلێکی پێبدە بۆ چارەسەرکردن کێشەکە. ئەمەش وا لە هەرزەکارەکە دەکات هەست بە سەربەخۆی و بەرپرسیارێتی بکات وە هاوکاری و یارمەتیدەری دەبێت بۆ ئەوەی هەرزەکارەکە فێری ئەوە بێت چۆن بڕیاری ڕاست و دروست بدات.

٤- چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازێک بێت گونجاندن و نەرمیەکی تێدا بێت، هەرکاتێک هەرزەکارەکە بە تەواوەتی بووە جێگای متمانەتان و هەستانکرد دەتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت ئەوا دەتوانن گۆڕانکاری لە هەندێک لە بەندەکان بکەن و ئاسانکاری زیاتری بۆ بکەن.

٥- وایدابنێ هەمووان لەسەر هەڵەن بەڵام لە نێو ئەو هەمووە فەوزایە هەرزەکارەکەت دەیەوێت فێر ببێت و ببێتە کەسێکی پێگەشتوی بەرپرسیار، کەواتە دەبێت ئێوەش بەرپرسیارانە مامەڵەیانلەگەڵدا بکەن.

٦- منداڵەکەت پێویستی بەم کارامەییانەیە بۆ ئەوەی ببێتە گەنجێکی پێگەیشتوو کە پێوەرەکانی خۆی هەبێت بۆ ڕەفتاری گونجاو و ڕێزگرتن لە کەسانی تر. بەشێکی گرنگی ئەمەش فێربوونی پابەندبوونە بە هەندێک یاسای ڕوون، کە پێشوەختە لەسەری ڕێککەوتوون و دەرئەنجامەکانی ڕێککەوتوون.

٧- هەرزەکاران هێشتا هەموو ئەو لێهاتووییانەی نییە کە پێویستیانە بۆ ئەوەی هەموو بڕیارەکانی خۆیان بدەن، بۆیە سنوورە ڕێککەوتووەکانتان بۆ ڕەفتارەکان یارمەتی منداڵەکەت دەدەن هەڵبژاردنی باش بکات سەبارەت بە چۆنیەتی ڕەفتارکردن.

٨- ڕێککەوتن لەسەر سنوورێکی ڕوون لەگەڵ منداڵانی پێش هەرزەکاری و هەرزەکاران. سنوور و چاوەڕوانییە ڕوونەکان دەتوانن وا لە هەرزەکارەکە بکەن بە ئاسانی لە مانا و مەبەستی ڕێساو یاساکان بگات. هەروەها سنووردارکردن یارمەتی منداڵەکەت دەدات بۆ پەرەپێدانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەرێنی، لەوانەش نیشاندانی خەمی کەسانی دیکە.

٩- سنوورەکان دابنێ. با هەرزەکارەکەت لە نێو ماڵەکەتدا بزانێت کام ڕەفتارانە قبوڵکراون و کامەیان قبوڵکراو نین. گرنگە سنوورەکان بە ڕوونی دیاری بکرێت بۆ ئەوەی بە تەواوی بزانن کام کردار و ڕەفتارانەیە کە ڕێگەیان پێنادرێت

بیکەن. ئەگەر هەستت بە توندی کرد کە پێویستە خۆیان لە هەموو جۆرە خواردنەوەیکی کحولی بەدوور بگرن، ئەوە ڕوون بکەرەوە.

١٠- داوای ئامۆژگاری بکە لە کەسانی پسپۆڕ (پەروەردەکاران، دەروناسان). کاتێک زانیت مامەڵەکردن لەگەڵ هەرزەکارەکەتدا قورس بێت. لەوانەیە هەست بە سترێس و ماندوێتی و بێتاقەتی بکەیت. مەترسە لە داوای یارمەتی. لەوانەیە ئەندامێکی متمانەپێکراوی خێزانەکەت هەبێت کە بتوانێت هەندێک ئامۆژگاری پێشکەش بکات سەبارەت بە چۆنیەتی پەیوەندیکردن لەگەڵ هەرزەکارەکەت.

١١- پرسیار بکە بۆ ئەوەی شارەزاتر بیت، منداڵ لە تەمەنی هەرزەکاریدا، دەست دەکات بە بەسەربردنی کاتێکی زیاتر لە دووریماڵەوە- ڕۆژانی خوێندنی درێژترە، چالاکیی زیاتر هەیە، زیاتر بەشداری دەکات لە گروپەکاندا، هاوڕێی زیاتریش هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا کۆببیتەوە. بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هەرزەکارەکەتدا دروست بکەیت، گرنگە بزانیت چی لە ژیانیدا ڕوودەدات. بۆ ئەوەی ئەوە بکەیت کە دروستە، پێویستە پرسیار زیاتر بکەیت.

ئەو پرسیارانە بکە کە زیاتر لە وەڵامی "بەڵێ" یان "نەخێر" دەوێت. بە وەڵامەکانی شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی زیاترت دەست دەکەوێت. لەبری ئەوەی بڵێیت "ئەرکی ماڵەوەت ئەنجامدا؟"، هەوڵبدە بڵێیت "لە پۆلی ئینگلیزیدا کارت لەسەر چی بووە؟

ڕۆژانە کاتێک دیاری بکە بۆ ئەوەی لەگەڵ کوڕەکەت یان کچەکەت قسە بکەیت دەربارەی ئەوەی کە شتەکان چۆن دەڕۆن. دەتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی بێت، بەڵام دڵنیابە لە پرسیارکردن بۆ ئەوەی بزانیت دۆخیان چۆنە. دەتوانیت بڵێیت "هەستت چۆنە بەرامبەر بە یارییە گەورەکەی تۆپی پێت کە ڕۆژی شەممە دەکرێت؟"

١٢- پەرەپێدانی لێپرسینەوە. هەندێک جار پەیوەندییەکان تێکدەچن و بە پێویستی دەزانیت هەرزەکارەکەت دیسپلین بکەیت. چەند شێوازێک هەیە بۆ دیسپلینکردنی منداڵەکەت، پێویستە بە وردی بیر لەوە بکەیتەوە کە چی باشترین کاریگەری دەبێت بۆ خێزانەکەت. یەکێک لە شێوازە کاریگەرەکانی دیسپلین ئەوەیە کە منداڵەکەت لێپرسینەوە لە هەموو کردارەکانی بکەیت. ئەگەر بە ڕوونی چاوەڕوانییەکانت داڕشتووە، هەرزەکارەکەت دەزانێت کە چاوەڕوانی کام ڕەفتاریان لێدەکەیت. ئەگەر بە ئاشکرا بێڕێزی دەکات، با بزانن کە ئێستا دەبێت بەرپرسیار بن.

دەتوانیت هەوڵبدەیت بڵێیت "بۆم ڕوونکردیتەوە کە ئازاردانی برا بچووکەکەت باش نییە. دەزانیت کە ڕەفتارێکی لەو جۆرە دەبێتە هۆی لەدەستدانی چەند ماف و دەستکەوتێک". بە گرنگیدان بە کردار و زانیاری منداڵەکەت، ئەوە ڕوون دەکەیتەوە کە ئەو هەرزەکارەکەت دەزانێت لێپرسینەوە لە کارەکانی دەکرێت.

١٣- ڕەچاوی دۆخەکە بکەن. لە هەندێک کاتدا ڕەنگە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرزەکارەکەت قورس بێت، بەڵام گرنگە لەبیرت بێت کە مامەڵە لەگەڵ زۆر شتدا دەکەن. هۆرمۆن و جەستەیان لە گۆڕاندایە، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی باری دەروونی. هەروەها هەوڵدەدەن بە تەواوی پەرە بە ناسنامەکەیان بدەن، مامەڵە لەگەڵ فشارەکانی قوتابخانە یان هاوڕێکانیان بکەن. لەکاتی دیسپلینکردنی هەرزەکارەکەتدا، هەندێک شت لەبەرچاو بگریت.

ئایا لەم دواییانەدا بێ ئەدەب و بێ مەزاج بوون؟ هەوڵبدە بزانیت ئایا شتێک لە دەرەوەی ماڵ بێزاریان دەکات یان نا. تێبینیت کردووە باشترین هاوڕێیان وەک جاران هاوڕێیەتیان ناکەن؟ بیر لەوە بکەرەوە کە ڕەنگە هەرزەکارەکەت بە کاتێکی سترێسدا تێپەڕێت و هەوڵبدە کەمێک ئارامیان بکەیتەوە.

١٤- هاوسۆزی بەکاربهێنە. هاوسۆزی بوون بەو مانایەیە کە بیر لەوە دەکەیتەوە، یان هەستیاریت بەرامبەر بەو شتەی کە کەسێکی تر هەستی پێدەکات یان بیری لێدەکاتەوە. لەکاتی دیسپلینکردنی هەرزەکارەکەتدا هەوڵبدە خۆت لە شوێنی ئەوان دابنێیت. لە کاتی هەڵبژاردنی ڕێگای دروستدا، هەستەکانیان لەبەرچاو بگرە. ئەگەر کوڕەکەت یان کچەکەت کاردانەوەی خراپی هەبوو بەرامبەر ئەوەی ڕێگەی پێنەدرا لەگەڵ هاوڕێکانت بچنە گەشتێکی دورودرێژ، هەوڵبدە بیر لەوە بکەیتەوە کە هەست بە چی دەکەن. پێدەچێت نیگەران بن لەوەی گاڵتەیان پێ بکرێت، یان ڕەنگە تووشی ترسی لەدەستدان بوون. پێویست ناکات پاشەکشە بکەیت لەو یاسایانەی کە داتناون، بەڵام دەتوانیت هاوسۆزی پێشکەش بکەیت.

هەوڵبدە بڵێیت "پێموایە هەست بە بێزارییەکی زۆر دەکەیت کە لەگەڵ هاوڕێکانت ناڕۆیت. ئایا شتێکی تری خۆش هەیە کە من و تۆ بتوانین لەم کۆتایی هەفتەیەدا لەبری ئەوە ئەنجامی بدەین؟"

لێرەدا چەند ئامۆژگاریەک بۆ دانانی سنوورێکی ڕوون دەخەینەڕوو:

١-منداڵەکەت بەشداری پێبکە لە کارکردن لەسەر سنوور و یاساکان. کاتێک منداڵەکەت هەست دەکات کە تۆ گوێیان لێدەگریت و بەشداریان پێدەکەیت لە دانانی ڕێساو یاساکان، ئەوا ئەگەری ئەوە زیاترە کە تۆ وەک کەسێکی دادپەروەر ببینن و پابەند دەبن بە یاسانەی لەسەر ڕێکەووتون.

٢- ڕوون بە لەو ڕەفتارانەی کە چاوەڕێی دەکەیت. سنوورێک دابنێیت سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی هەرزەکارەکەت. ڕوونی بکەرەوە کە تەنها ڕێگەیان پێدراوە تا کاتژمێرێکی دیاریکراو لە دەرەوە بمێننەوە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی بزانیت کە منداڵەکەت لە چاوەڕوانییەکانت تێگەیشتووە. بۆ نموونە دەتوانیت بڵێیت "تکایە دوای فیلمەکە وەرەوە ماڵەوە". بەڵام ڕەنگە ڕوونتر بێت بڵێین، "دوای کۆتایی هاتنی فیلمەکە ڕاستەوخۆ وەرەوە ماڵەوە و مەچۆ بۆ هیچ شوێنێکی تر" ئەم ڕستەی دووەم ماناکەی ڕوونتر وئاشکراترە.

٣- لەگەڵ منداڵەکەت باسی بەرپرسیارێتی بکە. بۆ نموونە، "من بەرپرسیارم لە دابینکردنی پێداویستییەکانتان. تۆش بەرپرسیاریت هەیە، وەک ڕێکخستنی ژوورەکەت".

٤-پێشوەختە لەگەڵ منداڵەکەت ڕێکبکەوون کە ئەگەر پابەند نەبێت بەو یاسایانەی کە لەسەری ڕێککەوتوویت، دەرئەنجامەکانی چی دەبن.

٥-کاتێک منداڵەکەت گوێڕایەڵی ئەو ڕێسا و یاساکان دەبێت کە ڕێکەوتوون لەسەری و پێوە پابەندە، ستایشی بکە. بۆ نموونە، "سوپاس بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لە فیلمەکەوە گەڕایتەوە بۆ ماڵەوە".

٦-ئامادەبە لەگەڵ ئەوەی منداڵەکەت بەرپرسیارێتی خۆی نیشان دەدات یان تەمەنی بەرز دەبێتەوە – بۆ نموونە، بە درێژکردنەوەی قەدەغەی هاتووچۆی منداڵەکەت.

ئەمانەی خالانەی خوارەوە هەندێک لە ڕێگاکانی پەروەردە لە خۆ دەگرێت:

١- پێشکەشکردنی خەڵات و سوپاسکردن لەپای ئەو ڕەفتارە باشانەی ئەنجامیداوە و ئەو هەڵبژاردن و سەرکەوتنانەی بەدەستی هێناوە.

٢- بێبەشکردنی لە هەندێک لەم شتانە:

- هەڵگرتنی کۆمپیوتەر و ئایپاد و ئێکس بۆکس بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.
- ڕێگریکردن یان سنورداکردنی هەرزەکارەکە لەچونەدەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانی، هەروەها هەڵپەساردنی هەندێک لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی.

٣- سەپاندی کاری ماڵەوە زیاتر بەسەر هەرزەکارەکەدا یان دەبێت ڕازیبکرێت بەوەی داوای پۆزش بکات لەو کەساتەی سوکایەتی پێکردون و ئازاریداون.

٤- واز لە سزای توند بهێنە بەڵکو هەوڵبدە سزاکانت سروشتی بن و دوربن لە توندوتیژی و هاوارکردن و لێدان، نمونە بلێ ئەگەر لە خوێندنگە دەرنەچیت ئەوکات کارت دەستناکەوێت بە ئاسانی، یان ئەگەر لە وەرزی زستان بە پۆشاکی ئەستورەوە نەچیتە دەرەوە توشی نەخۆشی دەبیت.

کچ: بۆچی هەموو ڕۆژێک هەستم بەکاری ماڵەوە؟

دایک: ئیشکردنەکانت بە بەرزی دەنرخێنم، پێویستە لەسەرمان هەر هەمومان هەستین بە ڕۆڵی خۆمان لەناو ماڵدا.

٥- دورکەوتنەوە لە تەمبێکردن توند وەک زلە لێدان و ڕاوەشاندن و پیاکێشان و لێدانی توند لەبەر ئەوە لە داهاتوودا کاریگەری خراپ لەسەر هەرزەکارەکە بەجێدەهێلیت، هەروەها لە زۆربەی ئەو وڵاتانە توشی سزای یاسای دەبیتەوە چونکە بە پێی یاسا توندوتیژی دژی منداڵ ڕێگەپێدراو نیە و سزای لەسەرە. دەگونجێت لێدان و ترساندن لەو کاتەدا جێی خۆی بگرێت بەڵام لە دوور مەودادا کاریگەری نەرێنی لەسەر دەرون و ڕەفتاری منداڵەکە بەجێدەهێڵێت.

٦- ئەمجۆرە تەمبێکردنانەش خراپن و ڕێگەپێدراو نین:

- قریشکاندن و هاوارکردن.
- بوغزاندن و قسەنەکردن لەگەڵی بۆماوەیەکی دورودرێژ لەگەڵیدا.
- سوکایەتی و گاڵتەپێکردن.
- ڕەشوەپێدانی لەپێناو بێدەنگکردنی.
- بەراوردکردنی بە خوشک و براکانی یان بە خزم و ناسیاوەکانی.

هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بـــکەن:

١- بزانە هەر خێزانێک شێوازی ژیان و شێوازی پەروەردەکردنیان جیاوازە، هەموو خێزانێک لەسەرانسەری جیهان یاساوڕێسای تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ پەروەردەکردن و سزادان لە چوارچێوەی خێزانەکانیان. بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو شوێنەی لێوەی هاتون یاسا و ڕێسا و سزا لەماڵەوە هەیە ئەگونجێت ئەوجۆرە سزایانە دادپەروەرانە نەبێت وە هەندێکجار دایبابت پرسیاری زۆرت لیبکەن دەربارەی ڕۆژەکانت، کە چۆن بەسەرت بردوە؟ لەگەڵ کێ بەسەرتبردوە؟ بۆچی درەنگ گەڕاویتەتەوە؟ چەندین پرسیاریتر، ئەگونجێت ئەم پرسیارانە بێزارکەر و تێکشکێنەر و ناخۆشبن بەلاتەوە، بەڵام وایدابنێ ئەو لێپرسینەوە و پرسیارانە تەنها بەمەبەستی پاراستن و سەلامەتی تۆیە بۆ ئەوەی توشی هیچ ڕوداوێکی نەخوازراو نەبیتەوە، وە ئامانجیان ئەوەیە هەموو ژیانت بە خۆشی بەڕێبکەی.

٢- هەوڵدەدەن لەو وڵاتانەی بۆی ڕۆشتون سەربەخۆیەکی زیاتر وەربگرن لە خێزانەکانتان، ئەمەش کەمێک سەختە بۆ ئەو خێزانانە کە بگونجێن لەگەڵ ئەو سروشتەدا، ئەمەش واتان لێدەکات هەندێکجار هەستدەکەن کە ئابلۆقەدراون، تامەزرۆن ئازادی زیاترتان هەبێت وەک ئەو هاوڕێ تازانەی کە ناسیوتان و هاوڕێتیتان دەکەن. لەلایەکیترەوە ناتانەوێت دایبابتان توشی ئیحراجی بکەن یان ناتانەوێت ڕێڕەوی شێوازی خێزانتان بگۆڕن وە یان پێچەوانەی ئەوان هەڵسوکەوت بکەن.

٣- هەوڵبدە گفتوگۆ لەگەڵ دایبابت بکەی دەربارەی ڕێساویاساکانی خێزان بە شێوازێک ڕێزگرتنی پێوە دیاربێت لە کاتی قسەکردنتان، ئەتوانیت داوای هەندێک گۆڕانکاری بکەیت لە یاساکان یان جۆری سزاکان بگۆڕن، هەوڵبدە کاتێک گفتوگۆ دەکەیت بە پەلە نەبیت بەڵکو بە لەسەرخۆی و بەشێوازێکی بەڕێزانە و بە دەنگێکی لەسەرخۆ و پڕ متمانە لەگەڵیان بدوێ. لەگەڵ بەشداریکردنتان لە دانانی ڕێساویاساکانی نێو خێزان پێویستەلەسەرتان پێیانەوە پابەندبن و یاساکان نەشکێنن.

٤- پێدەچێت کچانی هەرزەکار زیاتر هەست بەوە بکەن ئازادیەکی کەسیتان کەمتر پێدراوە لە چاو کوڕانی هەرزەکار، یان هەست دەکەن ئاسانکاری دەکرێت لەوەی کوڕان چی دەپۆشن و چۆن کاتەکانیان بەسەر دەبەن، بەڵام کچان هەستدەکەن ئەمجۆرە لە کۆتوبەندە نادایەروەریە کە سەپێندراوە بەسەر ئەماندا و جیاوازیەکی زۆر ڕوونە و ستەمە کە لێیان دەکرێت. ئەمجۆرە جیاوازی کردنە لە نێوان کوڕان و کچان لە ژینگەی وڵاتانی دەرەوە کارێکی زۆر قورس و ئەستەمە لەبەر ئەوەی کاتێ ئەبینن زۆربەی هاوڕێ و هاوتەمەنەکانتان چێژ لە ئازادیەکی بێسنور دەبینن ئێوە ناتوانن سودی لێببینن. دەبێت زۆر بەوردی و هەستیاری بیر لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکەنەوە، مەرج نیە ئەو ئازادییە بێسنورە خۆشی و سودی هەبێت بەڵکو زۆرجار دەبێتە کێشەو گرفت.

٥- ئەگەر تیبینی بکەیت کە زۆربەی ئەو کیشانەی لە پەیوەندیەکان و هەڵوێستەکان هەڵە لەیەک تێگەشتنە، بۆ نمونە ئەگەر پەیوەندیتان لەگەڵ دایبابتان خراپە زۆرجار لەبەر ئەوەیە کە هەریەکەتان بە هەڵە لەو دیکە تێگەشتوە، تۆ وای دەبینیت دایبابت بە هیچ شێوەیەک ئاگای لە دونیای ئەمڕۆ نیە، ئەوانیش تۆ وا دەبینێت کەسێکی دەستوپێ سپی و بێکەڵک و ئیزعاجیت، ڕێزی هیچت لانیە و بە هیچ شتێک نازانیت، لەڕاستیدا ئەم دوو تێڕوانینە هەردوکیان ناتەواون، وە ئەمجۆرە تێڕوانینە ڕێگرن لەوەی ئێوە بتوانن پەیوەندیەکی کاریگەری ڕاستەقینەتان هەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە هەردووولاتان بیروبۆچونتان بەرامبەر یەک بگۆڕن و لە گۆشە نیگای یەکترەوە سەیری یەکتر بکەن.

دەستپێکی گفتوگۆ:

١- ئایا هەست دەکەیت ئەو یاساو ڕێسا و سزایانە دادپەروەرانەیە؟

٢- ئایا ئاوات دەخوازیت هەندێک لەو ڕیساویاسایانە لە نێو خێزاندا بونی نەبوایە، بۆچی؟

٣- ئایا سزای درەنگکەوتن و هێنانی نمرەی خراپ چیە؟

٤- ئایا ئەو یاسا و ڕێسایانە بۆ کۆتوبەندکردنی تۆیە؟ یان بۆ پاراستنت؟

## سێیەم:- هاوڕێ:



هاوڕێیەتی: ئەو پەیوەندیە مەعنەویەی کە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و متمانە و یەکتر قبوڵکردن دروست دەبێت، بێ بەرژەوەندی مادیی، بەبێ هیچ زۆرلێکردنێک و ئاروزومەندانە بە پێی بارودۆخی کەسەکان دروست دەبێت.

دایباب پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بـــکەن:

هاوڕێ کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هەرزەکار. ئێوە توشی دڵەڕاوکێ دەبن دەربارەی ئەوەی هەرزەکارەکەت کاتێکی زۆر لەگەڵ هاوڕێکانی بەسەر دەبات بێ ئەوەی بزانیت چی دەکەن و باسی چی دەکەن، ئەو کاتە زۆری

لەگەڵ هاوڕێکانی بەسەریدەبات کاریگەری دەبێت لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاریان، بیرت بێت لە هەمان کاتیش ئێوە وەک دایباب کاریگەری گەورەتان دەبێت لەسەریان.

١-هەولبدە کات بەسەربەریت لەگەڵ هەرزەکارەکەت بەشێوەیەکی ڕێکخراو. نانخواردنی خێزانی دادەنرێت بە هەڵبژاردنی باش، بەڵام هەولبدە بە تەنهاش کات بەسەربەرن پێکەوە، پێکەوە بچن بۆ پارک یان بۆ مۆزەخانە یان بۆ شوێنە ئاینیەکان و شوێنە گشتیەکان، ئاگاداربە و زۆر وریابە کاتێک دەربارەی هاوڕێکانی یان خوێندنگەکەی دەدوێیت.

٢- ستایشی هەرزەکارەکەت بکە دەربارەی ئەوکارانەی ئەنجامیداوەو شانازی پێوەبکە. هەولبدە دایبابی هاوڕێی هەرزەکارەکەت بناسیت و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەیت، بەتایبەت ئەو هاوڕێیانەی کە هەرزەکارەکەت زۆر لەگەڵیان تێکەڵە و دەیانهێنێتەوە بۆ ماڵەوە و ئەویش دەچێت بۆ ماڵیان و لەگەڵیان دەمێنێتەوە.

٣- هەمیشە ئاگاداربە بزانە کاتێک کۆمەڵێک هەرزەکار بڕیار دەدەن لە ماڵێک کۆببنەوە، پێویستە کەسێکی پێگەشتوو یان گەورە لەماڵەوە بێت نەوەک هەرزەکارەکان خۆیان توشی گرفتێک بکەن.

٤- هانی هەرزەکارەکەت بدە و هاوکاری بکە کاتێک پەنات بۆ دەهێنێت و داوای هاوکاریت لێدەکات بۆ ئەوەی لەو ترس و دڵەڕاوکێیە ڕزگاری بێت.

٥-هاوڕێکانی هەرزەکارەکەت بناسە و هەندێکجار کاتیان لەگەڵ بەسەربەرەو بە پێی ئەزمونی خۆت ڕێنمونیان بکە.

٦-ڕێگری مەکە لەوەی هەرزەکارەکەت بەتەنها کات لەگەڵ یەک هاوڕێی بەسەر بەرێت، لەبری ئەوە گفتوگۆی لەگەڵ بکە دەربارەی ئەو ترسە کە هەتە. هەندێکجار خوێندکاران لەو وڵاتانە بە گروپات کاری خوێندنگەیان جێبەجێدەکەن.

٧-ڕێگە بدە هەرزەکارەکەت هاوڕێکانی بهێنێتەوە بۆ ماڵەوە. تۆ دەتەوێت هەرزەکارەکەت هەست بە زۆرترین ئاسوودەیی بکات و ئاگاداری بێت، ماڵەوە باشترین و سەلامەترین شوێنە. هەروەها ئەمە دەرفەتت پێدەدات بۆ ناسینی هەرزەکارەکەت و هاوتەمەنەکانی. دەتوانیت هاندەری چالاکییە تەندروستەکان بیت، وەک یارییە تەختەییەکان و فیلمە گونجاوەکانی تەمەن، لەسەر ئەو جۆرە چالاکییانەی کە ڕەنگە هەرزەکارەکەت تووشی کێشە بن.

٨-ڕەنگە هەرزەکارەکەت هاوڕێیەک هەڵبژێرێت نەخوازراو خراپ بێت، بۆیە هەرگیز لەبارەی ئەم بابەتەوە بە پەلە بڕیارمەدە و داوا مەکە بەخێرای واز لە هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەو کەسە بهێنێت، ئەویش هێندە هۆگری هاوڕێکەی دەبێت ئیدی هەرچی پێ بڵێیت ڕەتیدەکاتەوە، چونکە سروشتی هەرزەکار وایە گەر فەرمانی بەسەردا بکەیت بەبێ ڕونکردنەوە، ئەوە دژایەتی ئەو فەرمانە دەکات. هەولبدە ئاگاداربیکەیتەوە لە هەڵەی هاوڕێکەی، هەرکاتێک تێگەشت ئەو جۆرە هاوڕێیەتیانە هەڵەیە خۆی وازی لێدەهێنێت، پاشان گەر ئەو هاوڕێیەی هات بۆ ماڵەوەتان بەخێرهاتنی بکە، بەڵام پێی بڵێ بە یارمەتی خۆت پێویستە هەولبدەیت پابەندی یاسای ئەم ماڵە بیت.

### هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:

هەموو کەسێک پێویستی بە تۆڕێکی پشتیوانی هەیە، هاوڕێیەتی بەردی بنەمای سیستەمی ئەم پشتیوانیە کۆمەڵایەتیمانە. کاتێک خۆت بە هاوڕێی کەسێکی تر دەزانیت، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێشنیاری ئەوە دەکەیت کە

بەشێک بیت لەو تۆڕە پشتگیرییە. ئەگەر زۆرجار کاتێک پێویستت پێیان بێت هاوکاریت دەکەن تۆش پێویستە هاوکارییان بکەیت. هاوڕێیەتی لەسەر یەکتربینی و بەرامبەرایەتی بنیات نراوە.

١-دەکرێت لە وڵاتێک یان کولتوورێکی نوێدا هاوڕێیەتیکردن قورس بێت، بەڵام گرنگە ئەو هاوڕێیانە هەڵبژێریت کە گرنگی بە تۆ و خۆشگوزەرانیت بدەن. هاوڕێ کەسێکی متمانەپێکراوە و پشتیوانت دەکات و بێهیوات ناکات. هاوڕێی ڕاستەقینە داوات لێناکات کارێک بکەیت کە ئازارت بدات یان بتخاتە بەر مەترسی، لەبیرت بێت دایبابت مافی خۆیەتی هاوڕێکانت بناسێت بزانێت هاوڕێیەتی چ جۆرە کەسانێک دەکەیکت. لەبیرت بێت کە هەموو کەسێک جیاوازە. هەندێک هاوڕێ دەیانەوێت هاوڕێیەکی زۆریان هەبێت، هەندێکی تر دڵخۆشن بە هەبوونی یەک یان دوو هاوڕێی باش، هەردوو جۆرەکەش باشن.

٢-کاتێک هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسێک دەکەیت، یارمەتیت دەدات شتێکی هاوبەش بدۆزیتەوە. زۆرێک لە قوتابخانەکان ژمارەیەکی دیاریکراو لە دەرفەتی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دابین دەکەن. ئەمانە دەتوانن شوێنی زۆر باش بن بۆ ناسینی هاوڕێی نوێ و دروستکردنی پەیوەندی لەسەر بنەمای ئامانجە هاوبەشەکان. ئەگەر نازانیت قوتابخانەکەت یان کۆمەڵگاکەت چ چالاکیەک پێشکەش دەکات، لەگەڵ مامۆستاکەت یان ڕاوێژکاری قوتابخانەکەت قسە بکە.

٣-ئەو بەشانەی کولتوورەکەت بەشداری پێبکە کە زۆرترین هەستی شانازیکردنی پێوە دەکەیت و زیاتر دەربارەی کولتوورەکانی تریش لە هاوتەمەنەکانتەوە بزانە.

٤-باسی هاوڕێکانت بۆ دایبابت بکە و هاوڕێکانت بناسێنە پێیان، بۆ ئەوەی بزانین هاوڕێکانت کێن. لەبیرت بێت دایبابت مافی خۆیانە بزانن کاتەکانت لەگەڵ کێ بەسەر دەبەیت.

٥-جیاواز بوون خەسڵەتێکی باشە نەک خاڵێکی لاواز، ئەگەر دوو کەس بە دوو شێوەی جیاواز بیربکەنەوە دەسکەوتیان باشتر و زۆرترە لەوەی هەردوکیان بە یەک شێواز بیربکەنەوە، هاوڕێیەتیکردن بە مانای ئەوە نیە دەبێت وەک ئەو بیربکەویتەوە و بچیتە سەر ئاینی ئەو بەڵکو مانای ئەوەیە کە تۆ هاوڕێیەتی دەکەیت و ڕێزی دەگریت.

٦-هیچ شتێک لەوە باشتر نیە مرۆڤ پەیوەست بێت بە ژمارەیک زۆر لە هاوڕێوە، وە هیچ شتێکیش لە تەنهایی و گۆشەگیری خراپتر نیە. هاوڕێ گرنگە بەڵام هەرگیز نابێت هاوڕێکانت ببنە سەنتەری ژیانت، لەبەر ئەوەی هەست و سۆزیان دەگۆڕێت، ناوبەناو بۆت دەردەکەون هەندێکیان ساختەکارن، هەندێکیان بەرژەوەندیخوازن، هەندێکیان لە پاشملە باست دەکەن، یاخود هاوڕێی تازە پەیدا دەکەن و هاوڕێیەتی تۆیان لەبیر دەچێتەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا تۆ ئەگەر زۆر خوو بدەیتە ئەوەی کە هاوڕێت هەبێت و ڕەزامەندی ئەوانت زۆر بەلاوە گرنگ بێت، ناچار دەبیت سازش لەسەر بنەماکانی خۆت بکەیت، بەڵام بڕوا بکەیت یاخود نا ڕۆژێک تێدەگەیت کە گرنگترین شت لە ژیاندا هاوڕێ نیە، ئەوە گرنگە هاوڕێت هەبێت بەڵام بە هیچ جۆرێک سازش لە بنەما و باوەڕ و داهاتووت مەکە لە پێناو هاوڕێیەتی.

٧-هاوڕێیەتی وەکو پەتێکی دووسەر وایە، کارێکی سەختە خۆت وابەستەی کەسێک بکەیت بەڵام ئەو وابەستەی تۆ نەبێت.

٨- هەندێک بنەما بۆ هەڵبژاردنی هاوڕێ:

- دروستکردنی پەیوەندی دۆستایەتی، بە یەکترناسین دەستپێدەکات، سەرنجی هەڵسوکەوتی ئەو کەسانە بدەن کە دەتانەوێت هاوڕێیەتیان بکەن. ناسین و چۆنیەتی دروستکردنی ئەو پەیوەندییە گرنگە.
- ئەوەی زۆر گرنگە بیزانین، هەرگیز هاوڕێ جێگەی دایباب ناگرێتەوە، چون هاوڕێ بەجێدەهێڵێت لە کاتی تەنگانە، یان لێت زویر دەبێت، بەڵام هەرگیز دایباب بەجێتناهێڵێ لە کاتی تەنگانە، کەواتە هەرگیز دایبابت مەکە بە قوربانی بۆ هاوڕێکانت.
- لەکەسانی خراپ و گێرەشێوێن دوربکەونەوە، هەرکەسێک شێوازی بیرکردنەوە و ئاستی ڕۆشنبیری زۆر لە تۆوە دوورە، هەوڵبدە نەیکەیت بە هاوڕێی خۆت.
- هەوڵبدە ستایشی سیفەتە باشەکانی بکەیت، بە ڕەقی و توندی ڕەفتار لەگەڵ هاوڕێکانت مەکە بەڵکو بە ئەدەبەوە لەگەڵیان بدوێ، تا ناچار نەبیت ڕەخنەی لێمەگرە، کە ڕەخنەشت گرت بە تەنها و دووبە دووبن.
- هەموو نهێنیەکانت لای هاوڕێکانت مەدرکێنە، چونکە لەوانەیە ڕۆژێک ببێتە دوژمنت و هەموو نهێنیەکانت بدرکێنێ.
- ڕێگە مەدە هاوڕێکانت، ناچارت بکەن بۆ پێشێلکردنی ئەخلاق و بنەماکانت، دەبێت وەک خۆت قبوڵت بکەن. هاوڕێکانت فێر بکە چۆن مامەڵەت لەگەڵ بکەن، هەرگیز ڕێگەیان پێمەدە سوکایەتی بە خۆت و دایباب و ئاین و کلتورەکەت بکەن.
- ئەگەر ئەم یاسایانەی هاوڕێیەتی جێبەجێ بکەیت، ئەوا بە درێژایی ژیانت چێژ لە زۆر هاوڕێیەتی نزیک دەبینیت.
- هاوڕێکانت بە دایبابت بناسێنە، بۆ ئەوەی بزانن هاوڕیەتی کێ دەکەیت، ئەوانیش دایبابت بناسن.
- لە هاوڕێیەتیدا زۆر گرنگە چەندە لە لێبوردەیی، سۆز، گاڵتە، نیگەرانی و قوربانی وەردەگریت پێویستە لە بەرانبەریشدا ئەوەندە بدەیتەوە.
- پەندێک هەیە دەڵێت: پێم بڵێ هاوڕێیەتی کێ دەکەیت، تا پێت بڵێم تۆ کەسێکی چۆنی، کەواتە لە هاوڕێیەتی هەموو کەسێک دوربکەوەرەوە.
- **دروشمێک هەیە دەڵێت:** تۆ وەک خۆت بمێنەرەوە منیش وەک خۆم دەمێنمەوە، چیت پێ خۆشە بیکە، چیم پێخۆشە دەیکەم، نە بێزارم بکە نە بێزارت دەکەم.

**دەربارەی کاریگەری هاوڕێ لەسەر هاوڕێ پێغەمبەر سەلامی خودای لێبێت دەفەرموێت:**

**هاوڕێ لە ژێر کاریگەری شێوازی ژیانی هاوڕێکەیەتی. کەواتە، پێویستە هەرکەسێکتان ئاگاداری ئەوە بن کێدەکەن بە هاوڕێی خۆتان.**

دەستپێکی گفتوگۆ:

٥- باشترین هاوڕێت کێیە و بۆچی؟

٦- چۆن دەزانیت ئەم کەسە، هاوڕێیەکی باشە؟

٧- پێت وایە خۆت هاوڕێیەکی باشیت؟

٨- هیچ هاوڕێیەکت هەیە کە خەمی لێ بخۆیت؟

٩- ئایا هیچ جیاوازیەک هەیە لە هاوڕێگرتن لە وڵاتی خۆت و لەو وڵاتەی بۆی ڕۆشتوی؟

## چوارەم: فشاری هاوڕێکان:

ئاساییە گەنجان خەمی خۆگونجاندنیان هەبێت، گروپەکانی هاوتەمەن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ژیانی گەنجان، بەتایبەتی لە کاتی هەرزەکاریدا. 'فشاری هاوتەمەنەکان' ئاماژەیە بۆ ئەو کاریگەرییەی کە ئەم گروپانە دەتوانن هەیانبێت لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوە و مامەڵەکردنی تاک. زۆر جار دەتوانیت بزانیت هاوتەمەنەکانی منداڵەکەت کێن بە گرنگیدان بەو کەسانەی کە لەگەڵ کێدا هاوڕێیەتی دەکەن و باسی چی دەکەن.

گەنج بە پلەی جیاواز تووشی فشاری هاوتەمەنەکانی دەبێتەوە، هەندێک جار هاوتەمەنەکانیان ڕەنگە بە شێوەیەکی چالاکانە کاریگەرییان لەسەر دروست بکەن بۆ ئەوەی بە هەندێک شێوە ڕەفتار بکەن و لە هەندێکی تردا ڕەنگە تەنها بەدوایدا بگەڕێن، هەردوو ئەم بارودۆخانە لەسەر بنەمای داوای ڕەزامەندیدان، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە فشاری هاوڕێیان لە ئەنجامی ڕەفتاری ناشرینەوە بێت، ئەمەش کاتێکە کە منداڵەکەت ترسی ئەوەی هەیە کە گاڵتەیان پێ بکرێت یان ئازاری جەستەیی بدرێت بە هۆی ئەوەی لەگەڵیدا نەگونجێت.

فشاری هاوڕێیان ئەو پرۆسەیە کە ئەندامانی هەمان گروپی کۆمەڵایەتی کاریگەرییان لەسەر ئەندامانی دیکە هەیە بۆ ئەوەی ئەو کارانە بکەن کە ڕەنگە بەرگرییان هەبێت، یان بە پێچەوانەوە هەڵی بژێرن. هاوتەمەنەکان ئەو کەسانەن کە بەشێکن لە یەک گروپی کۆمەڵایەتی، بۆیە زاراوەی "فشاری هاوتەمەن" ئاماژەیە بۆ ئەو کاریگەرییەی کە هاوتەمەنەکان دەتوانن لەسەر یەکتر هەیانبێت.

بەگشتی، زاراوەی فشاری هاوتەمەنەکان کاتێک بەکار دەهێنرێت کە مرۆڤەکان باس لەو ڕەفتارانە دەکەن کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە قبوڵنەکراو یان نەخوازراو دادەنرێت، وەک تاقیکردنەوە لەسەر خواردنەوەی کحول یان ماددە هۆشبەرەکان.

١-لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا زۆرجار پەیوەندی خۆشەویستی وەک بەشێک لە گەورەبوون سەیر دەکرێت، بەڵام هەموو خێزانەکان بە یەک شێوە سەیری ئەم بابەتە ناکەن، هەندێک خێزان پێیان وایە هەرزەکاران نابێت پەیوەندی سۆزدارییان هەبێت. زۆرێک لە هەرزەکارانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، نەک تەنها کۆچبەران، لە نێوان بیروباوەڕی خێزانەکانیان و ئەو بەها جیاوازانەی کە لە نێو هاوڕێکانیان یان لە تەلەفزیۆن و فیلمەکاندا دەیبینن، ململانێ دەکەن.

٢- ڕەنگە هەندێک لە خێزانەکان پێیان وایە کە پێویستە مامەڵە لەگەڵ کوڕان و کچاندا جیاواز بکرێت کاتێک باس لە پەیوەندی خۆشەویستی دەکرێت. زۆرجار دایباب نیگەرانن لەوەی ئەگەر کچەکەیان بەتەنها کات لەگەڵ هەر کوڕێک بەسەر ببات لەوانەیە کوڕەکە ئازاری پێ بگەیەنێت یان زیان بە ناوبانگی کچەکە خۆی و خێزانەکەی بگەیەنێت. بەهۆی ئەمەوە هەندێک خێزان زیاتر نەریتین بەتایبەت بۆ کچان و ڕەنگە هەمان ڕێژەی ئازادی کوڕانیان پێ نەدات.

٣- هەروەها ڕەنگە هەندێک جار وا دەرکەوێت کە زۆرێک لە هەرزەکاران چالاکیی سێکسییان هەیە بەڵام گرنگە بزانن کە زۆربەیان چالاکیی سێکسیان نییە. پەیوەندی سێکسی پێویستی بە پێگەیشتن و بەرپرسیارێتی هەیە لە ژێر ڕێساویاسای زەواجدا کە خودا مۆڵەتی پێداوە. هەروەها سێکس پێش زەواج ئاڵۆزییەکی زۆر بۆ پەیوەندییەکان زیاد دەکات و دەرئەنجامانێکی لێدەکەوێتەوە کە زۆر قورس دەبێت کە ڕەنگە ئامادە نەبیت بۆی، وەک کاریگەرییەکی قووڵی سۆزداری و جەستەیی و دەروونی لەسەرت دەبێت و زۆرجار پەشیمان دەبیتەوە لەو کارە یان دەبێتە هۆی دروستبونی منداڵ ئەوەش کێشەکە زۆر ئاڵۆزتر دەکات. لەبیرت بێت یەکێک لە گرنگترین کارەکانتان پاراستنی لایەنی تەندروستی و دەروونیتانە. تا دەتوانێت دوربکەوەرەو لەو ڕێگایەی بەرەو ئەو ئاڕاستەیەت دەبات.

٤- لەگەڵ دایبابت، خوشک و برا گەورەکەت، یان ڕاوێژکار یان مامۆستایەکی قوتابخانە قسە بکە ئەگەر بۆت دەرکەوت کە بەرگریت لە بیروباوەڕی جیاواز هەیە یان هەست دەکەیت مامەڵەی نادادپەروەرانەت لەگەڵ دەکرێت، هەرگیز سازش مەکە لەوەی جەستەت ڕادەست بە کەسێک بکەی لە پێناو ئەوەی سوکایەتیت پێنەکەن یان بۆ ئەوەی بە کەسێکی دواکەوتوو نەزانیت.

٥- بەدوای ئەو بوارانەدا بگەڕێ کە خۆت و دایبابت بتوانن بگەنە لێکتێگەیشتن، بۆ نموونە دەتوانیت لەگەڵ هاوڕێکانت بچیتە دەرەوە ئەگەر خوشک و برا گەورەکانت لەگەڵت بێن. یان دەتوانیت بچیتە بۆنەیەک کە قوتابخانەکە ئەنجامی دەدات ئەگەر ئەندامێکی خێزانەکەت یان کەسێک پێگەشتو یان مامۆستایەک چاودێرتان بێت.

٦- لە دایبابت بپرسە کە ئایا حەز دەکەن کەسێک بناسن کە دەتوانیت لەگەڵیدا هاوڕێیەتی بکەیت. هەرچەندە ڕەنگە ئەوە جێی دڵەڕاوکێ بێت کە هاوڕێ کوڕەکەت یان هاوڕێ کچەکەت لە دایبابت بشاریتەوە، بەڵام ڕەنگە بیرۆکەیەکی باش نەبێت. دایبابت مافی خۆیانە بزانن لەگەڵ کێ کات بەسەر دەبەیت، چون بەرپرسیارن لە سەلامەتی تۆ.

٧- بزانە پەیوەندی تەندروست چییە. ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا هاوڕێیەتی دەکەیت، بیرۆکەیەک لەبارەی کەسایەتی بەرامبەرەکەتەوە بەدەستبهێنە: ئەم کەسە چ جۆرە کەسێکە؟ ئایا جێی متمانەیە؟ ئایا مامەڵەی لەگەڵ کەسانی تر باشە؟ ئایا بیروباوەڕی تۆی بەلاوە گرنگە؟ ئایا گرنگی بە تۆ و بۆچوونەکانت دەدات؟ ئایا تەنها چاوی لەوەیە تەنها چێژت لێ ببینێت و بگات بە جەستەت؟

٨- ئەگەر کەسێک ئارەزووی پەیوەندی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ تۆدا هەیە یان پەیوەندییەکی ئینتیمی لەگەڵتدا بکات، بەڵام تۆ ناتەوێت، بە وتنی نەخێر ڕەتکردنەوەی خۆت دەربڕە! هەرگیز شەرم مەکە بۆچونی خۆت دەربڕە، قسە بکە و داوای یارمەتی بکە ئەگەر ڕێز لە تۆ یان ئارەزووەکانت نەگرێت.

٩- لە پەیوەندییەکدا مەمێنەرەوە کە باڵادەستی یان سووکایەتیکردن لەخۆبگرێت. پەیوەندی سۆزداری نادروستە و بۆ تۆ ناگونجێت چونکە دژە بە کلتور و ئاینەکەت.

١٠- ئێمە حەزمان بەو شتەیە کە بەدەستهێنانی قورسە و کەم بیر لەوە دەکەینەوە کە بە ئاسانی بەدەست دەهێنرێت. ڕاستییەکی سەیر لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە هەیە: ئێمە بەها و خەڵاتی ئەو شتە دەدەین کە بەدەستهێنانی قورسە و بە سوکی مامەڵەی لەگەڵ دەکەین یان سووکایەتی بەو شتە دەکەین کە بە هەوڵێکی کەم یان هیچ هەوڵێک لەلایەن ئێمەوە بەدەست دێت، کەواتە گەر جەستەت بخەیتە بەردەست ئەو کەسانەی خۆشت دەوێن ئەوا هیچ نرخێکی نازانن بە بێبەها سەیرت دەکەن.

١١-بۆ کەس نیە کە ناچارت بکات بە زۆر پەیوەندی لەگەڵ ببەستیت، وە بۆ کەس نیە ناچارت بکات کارێک بکەیت کە تۆ ناتەوێت یان هەست بە ئاسوودەیی ناکەیت لەگەڵیدا. ئەگەر پێت وایە لە پەیوەندیەکەتدا توندوتیژی لەگەڵت بەکاردەهێنێت و بەزۆر دەیەوێت بتخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی ئەوا لەگەڵ کەسێکی گەورەساڵ قسە بکە کە متمانەت پێی هەیە و داوای یارمەتی بکە یان پەیوەندی بە هێڵی گەرمی توندوتیژی خێزانی ناوخۆیی ئەو شوێنە بکە کە لێی نیشتەجێیت.

١٢-ئێمە بەو شێوەیەی کە لە ناوەوە خۆمان دەبینین کۆنترۆڵ دەکرێین. ئەوەی بیر لە خۆت دەکەیتەوە زۆر گرنگە. پەیوەندی کاریگەری لەسەر دڵخۆشی تۆ نییە بەڵکو کاریگەری لەسەر چۆنیەتی پێکەوەبوونت لەگەڵ کەسانی تریشدا هەیە. ئەوانەی لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵنەوە و تێدەگەن پێمان دەڵێن کە ئێمە بە شێوازی بینینی خۆمان لە ناوەوە کۆنترۆڵ دەکرێین. ئەگەر بە شێوەیەکی تر بڵێین، تۆ بڕیارە بەو شێوەیەی کە خۆت دەبینیت، ڕۆڵی خۆت پیشان بدەیت. ئەگەر خۆت بە بەهایەکی زۆرەوە ببینیت، ئەوا بڕیارە بەو شێوەیە مامەڵە بکەیت.

١٣-جیاوازییەکی بنەڕەتی لە شێوازی بیرکردنەوەی کوڕان و کچان لە خۆشەویستیدا هەیە. کچان و کوڕان لە زۆر ڕووەوە جیاوازن، نەک تەنها لە جیاوازییە ئاشکرا و دەرەکییەکانی شێوازی دروستکردنی جەستەیان، بەڵکو لە زۆر ڕووی دیکەشەوە. یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان کوڕ و کچ شێوازی بیرکردنەوە لە خۆشەویستییە؛ بە زۆری کچ لە ڕووی ڕۆمانسیەوە بیر لە خۆشەویستی دەکاتەوە، کچ دەیەوێت کوڕێک خۆشی بوێت و بە نرخی بزانێت و قسەی لەگەڵ بکات و گوێی لێبگرێت و نازی هەڵبگرێت و بیپارێزێت، بەکورتی کچ (خۆشەویستی و پاراستن و ئاسایشی دەوێت).

بە زۆری کوڕ بە شێوەیەکی جیاوازتر بیر لە خۆشەویستی دەکاتەوە. زیاتر لە ڕووی سێکسەوە بیر لە خۆشەویستی دەکاتەوە. تەرکیز و سەرنجی ئەو لەسەر جەستەیی کچەکەیە. ئەو خەونی ڕۆژانەی لەبارەی خۆشەویستیەوە ڕۆمانسیەت نیە؛ بەڵکو لایەنی سێکسی پەیوەندییەکەیان سەرنجی ڕادەکێشێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە زیاتر لە ڕووی سێکسەوە بیر لە خۆشەویستی بکاتەوە، بەڵام ئاگادربە ئارەزووی بۆ سێکس بەڵگەی خۆشەویستی ڕاستەقینە نییە.

١٤-کچان ئەمە بە کۆنکرێتی بنووسن: تەنها لەبەر ئەوەی کورێک دەیەوێت سێکست لەگەڵ بکات مانای ئەوە نییە کە تۆی خۆشدەوێت. ئێمە نامانەوێت زۆر ڕەق بن بەرامبەر کورەکان بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە زۆربەی کوران دەیانەوێت چێژ لە تۆ وەربگرن هەرچیەک لەبەر بکەیت! لەبەرئەوە هەموو جلوبەرگێکی وروژێنەر لەبەرمەکە تەنها لەبەر ئەوەی هەندێک کوڕ پێیان خۆشە، بەجۆرێک ڕهفتاربکە وەک مرۆڤ مامەڵەت لەگەڵ بکەن نەوەک وەک چێژ.

تەندروستی سێکسی – و دووگیانی بێ پلان و نەخۆشییە سێکسییەکان:



گەشەکردنی تایبەتمەندییە سێکسییە لاوەکییەکان لە کاتی هەرزەکاریدا هەستێکی نوێ لە هەرزەکاراندا دروست دەکات و پاڵیان پێدەنێت بۆ تاقیکردنەوە لەسەر جەستەیان.

• بەبێ ڕێنمایی دروست، ڕەنگە هەرزەکاران پێش ئەوەی ئامادەبن، چالاکی سێکسی بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی دووگیانی نەخوازراو. دووگیانی نەخوازراو گەورەترین مەترسییە کە کچانی هەرزەکار ڕووبەڕووی دەبنەوە.

• سێکس دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییە سێکسییە گواستراوەکانی وەک ئایدز و سیلان کە ئەمجۆرە نەخۆشیانە تێچوی چارەسەریان زۆرە و بە ئاسانیش دەگوازرێنەوە بێئەوەی هەستی پێبکەیت.

• گۆڕانکارییە هۆرمۆنییەکان لە هەرزەکاراندا ڕەنگە وایان لێبکات بە شێوەیەکی ئیمپاسیڤ مامەڵە بکەن. لەوانەیە هەرزەکارەکەت حەزی لێ نەبێت بەڵام گرنگە لەگەڵیان قسە بکەیت دەربارەی دەرئەنجامەکانی سێکس کە چۆن بەتەواوەتی ژیانیان تاریک دەکات.

• لە یەکێتی ئەورووپا لە هەر ٢٠ ژنێک کە تەمەنیان ١٥ ساڵ و سەرووترە، یەکیان دەستدرێژی کراوەتە سەر. واتە نزیکەی ٩ ملیۆن ژن. وە لە هەر ١٠ ژنێک کە تەمەنیان ١٥ ساڵ و سەرووترە لە یەکێتی ئەورووپا، یەکێکیان تووشی جۆرێک لە توندوتیژی سێکسی بووە.

• یاساکان ڕێنمایی هەڵوێست و ڕەفتاری خەڵک دەکەن، بۆیە زۆر گرنگە کە بە شێوەیەکی باش بۆیان ڕوون بکەینەوە، کە لە یاسادا، کە سێکس بەبێ ڕەزامەندی دەستدرێژییە.

• دەستدرێژی سێکسی جۆرێکە لە توندوتیژی سێکسی و دەتوانێت کاریگەرییەکی قووڵی سۆزداری و جەستەیی و دەروونی لەسەر قوربانییەکە هەبێت. هەر کەسێک بەبێ گوێدانە ڕەگەزەکەی دەتوانێت ببێتە قوربانی دەستدرێژی سێکسی. بەڵام تاوانێکە کە بە شێوەیەکی نارێژەیی کاریگەری لەسەر ژنان و کچان هەیە.

• سەرەڕای جددیەتی پێشێلکارییەکە، دەستدرێژیکردنە سەر ژنان لە ئەوروپادا بە شێوەیەکی کەم سکاڵا کراوە. دەستدرێژلێکراوەکان ترسیان لەوە هەیە کەس باوەڕیان پێناکات، نەبوونی متمانە بە سیستەمی دادوەری یان ئەو چەواشەکارییەی کە پێیەوە بەستراوەتەوە، زۆرێک لە ژنان لە ڕاپۆرتکردنی دەستدرێژی سێکسی ڕادەگرێت.

• ئەو ژن و کچانەی کە ڕەنگە ڕووبەڕووی تەحەدای تایبەت و دەستدرێژی دەبنەوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر داواکارییەکانیان بریتین لە: کرێکاران، ژنانی ڕەگەزگۆڕاو، ئەوانەی لە ناوچە گوندنشینەکان دەژین، ژنانی بێ ماڵ و حاڵ، پەناخوازان، ئەو ژنانەی کە دۆخی کۆچبەری نارێکیان هەیە و ئەوانەی بەدەست بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان یان نەخۆشی دەروونییەوە دەناڵێنن.

• کاتێک سکاڵا دەکەن، ئەگەری دادگاییکردنی تاوانباران لە دادگادا کەمە. زۆرجار کەیسەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەی یاساییدا بەلاڕێدادەبرێن بەبێ ئەوەی هەرگیز بگەنە دادگا. ئەمەش بەو مانایەیە کە تاوانباران لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت.

دەستپێکی گفتوگۆ:

١-چۆن دەزانیت کەسێکە جێی متمانەیە و هاوڕێیەکی باشە؟ پەیوەندی تەندروست چیە و چۆنە؟

٢- ئایا هیچ چیرۆکێک هەیە کە بیستبێتت یان بینیبێتت لەگەڵ هاوڕێکانت ڕوودەدات کە هەست بە نارەحەتی بکەیت؟ یان دەستدرێژیان کردبێتە سەری.

٣- پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ دەبینیت؟.

٤-پێت وایە مرۆڤەکان لە چ تەمەنێکدا عاشق دەبن؟ مرۆڤەکان دەبێ لە چ تەمەنێکدا هاوسەرگیری بکەن؟

٥-پێت وایە خۆشەویستی لە ژیانی ڕاستەقینەدا جیاوازە لە فیلمەکان؟

٦- ئایا خۆشەویستی لە دوای زەواجەوە یان لە پێش زەواج؟

٧-ئایا هەر کەسێک خۆشویست ئەکرێ داوای هەرچی کرد پێشکەشی بکەی؟

٨-پێت وایە منداڵ خستنەوە پێش زەواج کارێکی دروستە یان نا؟

## نۆیەم: سەلامەتی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین.



هاتنی سۆشیال میدیا شێوازی کارلێککردنمان لەگەڵ یەکتر گۆڕی. زۆرترین کاریگەری لەسەر شێوازی ژیانی هەرزەکاران هەبووە. ئینتەرنێت دەکرێت ئامرازێکی نایاب بێت بەڵام بەمەرجێک بزانین چۆن سودی لێدەبینین. منداڵە هەرزەکارەکانت بەزۆری چێژ لە بەسەربردنی کاتەکان وەردەگرن لە ئینتەرنێتدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوڕێکانیان، لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات وە خەریکی هاوبەشکردنی وێنە و ڤیدیۆ و یاریکردنن. هەروەها لەوانەیە کارەکانی قوتابخانە بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجام بدەن. چاودێریکردنی بەردەوامی ئەوەی کە هەرزەکاران بە شێوەی ئۆنلاین چی دەکەن و پاراستنی سەلامەتیان یەکێکە لەو ئاڵنگاریانەی کە هەموو دایبابان ڕووبەڕووی دەبنەوە. وە گفتوگۆی ڕاشکاوانە بکەن بۆ ئەوەی سەلامەت بن. ئەگەر منداڵە هەرزەکارەکەت تێگەیشت کە تۆ ئارەزووی ئەوە دەکەیت. پاشان لەوانەیە هەست بە ئاسوودەیی زیاتر بکات کە قسەت لەگەڵ بکات سەبارەت بەو کارانەی کە بە شێوەی ئۆنلاین دەیکات.

### دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بـــکەن:

١-ئەو سایت و ئەپ و یارییانە بگەڕێ کە هەرزەکارەکەت بەکاری دەهێنێت و هەندێک شتە دڵخوازەکانت لەگەڵدا بەشی بکە. لە منداڵەکەت بپرسە چ تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت و لە ئینتەرنێت قسە لەگەڵ کێ دەکات؟

٢-پێکەوە هێڵی کاتیی و چاوەڕوانییەکان دابنێن، لەوانە کام سایت گونجاوە بۆ سەردانکردن، کام سایت دەبێت دوور بکەویتەوە لێی، چ زانیارییەک دەتوانرێت هاوبەش بکرێت و چی دەبێت بە تایبەتی بمێنێتەوە. لێی بپرسە بیر لە چی دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەست بکات بەشدارە لە بڕیاردان.

٣-ئاگاداربە هەندێک یاری ڤیدیۆیی لەوانەیە توندوتیژییەکی زۆریان هەبێت، یان ناوەڕۆکی سێکسیان تێدابێت، یان کارلێککردن و پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی نامۆدا هەبێت. بەزۆری کۆنترۆڵی یاریکردن و کۆمپیوتەرەکان سنووردارکردنی دایبابیان هەیە کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانێت سنووردارکردنی ئەوەی کە منداڵەکەت دەتوانێت دەستی پێ بگات.

٤- هەڵگرتنی کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی یاریکردن لە شوێنێکی هاوبەشی ماڵەکەدا.

٥-یاسایەک دابنێ سەبارەت بە بەکارهێنانی مۆبایل. وەک بەکارنەهێنانی لە کاتی ئەرکی خێزانیدا. هەروەها بە هەرزەکارەکەت بڵێ کە ڕەنگە ناوبەناو مۆبایلەکەیان بپشکنیت بۆ چاودێریکردنی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا یان نامە ناردنەکانیان.

٦- لە هەرزەکارەکەت بپرسە دەربارەی ئەو شتانەی کە لەوانەیە لە ئینتەرنێتدا بیبینێت و لەوانەیە هەست بە ناڕەحەتی بکات. هانی بدە هەرکاتێک هەستی بە دڵەڕاوکێ کرد یان تەنانەت هەستی بە نائارامی کرد لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە ڕوو لە تۆ بکات.

٧- وا مەزانە منداڵەکەت پێشتر دەزانێت چۆن لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بە سەلامەتی بمێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر منداڵەکەت پێت بڵێت کە پێشتر دەزانێت چۆن لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە سەلامەت بێت، بەردەوام بە پرسیاری لێبکە و بزانە چی دەکات.

٨- منداڵە هەرزەکارەکەت سزا مەدە بە وەرگرتنی کۆمپیوتەر لە دەستی، چونکە ڕەنگە پێویستی بەو کۆمپیوتەرە هەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی قوتابخانە. بەڵام هەوڵبدە بەکارهێنانی سنوردار بکە.

٩-ئەگەر منداڵەکەت پەیامی نەشیاوی پێگەیشت، تاوانباری مەکە. لەوانەیە بەبێ ئەوەی داوای کردبێت و پێی خۆش بێت ئەم پەیامانەی پێگەیشتبێت و مەرج نییە ئەمە بەو مانایە بێت کە منداڵەکەت شتێکی نەشیاوی کردبێت.

١٠- هەرزەکارانی ئالوودەی ئینتەرنێت زیاتر هاوڕێیان و لە ژیانی کۆمەڵایەتی کەمتر چالاکن. ژیانی تاکەکەسی بەڕێوەدەبەن و چەند کاتژمێرێک بە گەڕان بە ئینتەرنێتدا دڵخۆشن.

١١- ناویان تۆمار بکە لەو چالاکییانەی کە هانیان دەدات بۆ کارلێککردن لەگەڵ کەسانی تر. چالاکیی خێزانیی هەبێت کە وایان لێبکات حەز بکەن کاتێکی کەمتر لە کۆمپیوتەردا بەسەر بەرن.

١٢- هەندێک یاسا و سنووری ئەلیکترۆنی هەبێت بۆ هەموو کەسێک لەماڵەوە. بەکارهێنانی مۆبایل سنووردار بکرێت بۆ چەند کاتژمێرێک لە ڕۆژێکدا، هەروەها ڕێگا نەدرێت هەرزەکار مۆبایلەکەی بەرێتە ژووری نووستن چونکە ئەگەری زۆرە کاریگەری لەسەر خەوی هەبێت. دەتوانیت وەک دایباب ڕێساویاسا بەکاربهێنیت، بەڵام لەوانەیە ئەوە لەلایەن هەرزەکارەکەتەوە بە باشی وەرنەگیرێت – لەبیرت بێت کە ئەوان ئیتر منداڵ نین. بۆیە وەک دایبابێک ڕێنماییان بکە، بەڵام هەرگیز بڕیاریان بەسەردا مەسەپێنە.

١٣- گرفتی سەیری سایتی پۆڕن یان گرتە ڤیدیۆییە نەشیاوەکان: زۆر جار خووگرتن بە فیلم و وێنەی نەشیاو لە بکەری کارەکەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەناو خێزانەکەیدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و دروست لەنێوان ئەندامانی خێزاندا نییە، دکتۆر ماری لایدن، لێکۆڵەر لە سەنتەری چارەسەری دەروونی لە زانکۆی پەنسلڤانیا، دەڵێت: ئالوودەبوون بە فیلمە ئابڕووبەر و سێکسییەکان زۆر ترسناکترە لەسەر باری دەروونیی مرۆڤ لەچاو ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، چوون ئاسانتر بەردەست هەمووان دەکەوێت و پەیڕەوکردنی لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئاسانترە و کاریگەریی نەرێنییشی زیاترە ئەرکی سەر شانی دایبابە شێواز و چۆنیەتی و کاتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت فێری منداڵەکانیان بکەن، ئەگەر بەم کارە هەڵنەسن، خۆیان لە زنجیرەیەک گرفتی خێزانیدا دەبیننەوە، تووشی دەردی سەریی زۆر دەبن و دایباب دەبێت خۆیان سەرمەشق بن لە سەیرنەکردنی ئەم جۆرە گرتانە، تا دەتوانن پێکەوە سەیری بەرنامەی بەسوود بکەن.

١٤- لەسەرمانە بە شێوازێکی زۆر ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە و بێ پێچوپەنا پێیان بوترێت سەیرکردنی ئەم سایت و گرتانە کارێکی هەڵەوخراپە و سەر ئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە، لە کۆتاییدا ئالوودە دەبیت و ناتوانیت وازی لێبهێنی،

گرنگە زانیاریی پێبدرێت کە ئەم فیلم و گرتانە هەموویان نمایشن، هیچ ڕاستی نین، لە دونیای واقیعدا تەنها مەبەست لە بەرهەمهێنان و پەخشکردنیان پەیداکردنی پارە و داڕووخانی ڕەوشتی لاوەکانە، سەیرکردنی ئەم فیلمانە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەشی پێشەوەی مێشک، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازیی لەبەرکردن و دابەزینی ئاستی زانستی لە قوتابخانە، سەرئەنجام تووشی دڵەڕاوکێ و تێکچوونی مەزاجی دەکات و دەتکاتە کەسێکی زەلیل و سەرشۆڕ لە هەردوو دونیا.

١٥- توندوتیژی لەسەر شاشە: هەرزەکاران شاهیدی هەندێک میدیای توندوتیژ دەبن. تەنها تەلەفزیۆن و فیلمەکان نین کە توندوتیژی وێنا دەکەن. زۆرێک لە یارییە ڤیدیۆییە توندوتیژەکانی ئەمڕۆ دیمەنی خوێناوی و کردەوەی شەڕانگێزی نائارامکەر نیشان دەدەن. لە ماوەی یەک دوو دەیەی ڕابردوودا، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە سەیرکردنی توندوتیژییان بەستەوە بە نەبوونی هاوسۆزی. بەپێی کۆمۆن سێنس میدیا، تا دایباب زیاتر سەیری توندوتیژی بکەن، ئەگەری ئەوە زیاترە کە منداڵەکانیشیان زۆرتر سەیری گرتەی توندوتیژی بکەن. لەگەڵ هەرزەکارەکەت قسە بکە دەربارەی مەترسییەکانی بەرکەوتنی وێنەی توندوتیژ و چاودێری باری دەروونی هەرزەکارەکەت بکە.

١٦- بەپێی ڕاپرسی نیشتمانی هەڵسەنگاندنی تەندروستی و خۆراک، ٢٠،٦%ی منداڵانی تەمەن ١٢ بۆ ١٩ ساڵ قەڵەون. ئەو منداڵانەی هەمیشە بەدیار شاشەی مۆبایلەکانەوە دانیشتون زیاتر ئەگەری تووشبوونیان بە کێشی زیادە یان قەڵەوی هەیە. منداڵانی قەڵەو مەترسی زۆر زیاتریان لەسەرە بۆ تووشبوونیان بە کێشەی تەندروستی تەواوی ژیانیان، وەک نەخۆشی شەکرە، هەوکردنی جومگەکان، شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دڵ. ڕاپرسییەکان دەریدەخەن کە دایک و باوک خراپن لە ناسینەوەی کێشیان زیادە منداڵەکانیان. ئەوان مەیلیان هەیە منداڵەکەیان کێش و قەبارەیان زۆر بێت و هەست بە مەترسییەکانی کێشی زیادە ناکەن.

## هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:

١-ئینتەرنێت بەکاردەهێنێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوڕێ نوێیەکانت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەروەها بۆ بەردەوامبوون لە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە لە وڵاتی خۆتدا بەجێت هێشتوون. هەروەها لەوانەیە ئینتەرنێت بە ئامرازێکی زۆر باش بزانیت بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی ماڵەوە.

٢- دەبێت ئەوەت لەبیربێت کە دایبابت مافی خۆیانە بزانن لە ئینتەرنێت چی دەکەیت وە دڵنیابن لەوەی کە تۆ سەلامەتیت. هەروەها دەتوانیت یارمەتیت بدەن بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بمێنیتەوە لەکاتی ئۆنلاین.

٣- ئاگاداربە لە کاتی قسەکردن لەگەڵ کەسانی نامۆ بە شێوەی ئۆنلاین. زەحمەتە بزانین ئەو کەسە قسەی لەگەڵ دەکەین کەسێکی ڕاستگۆیە یان ساختە. هەرگیز زانیاری کەسی وەک ناوی تەواو، ناونیشان، یان ژمارەی تەلەفۆنەکەت بە شێوەی ئۆنلاین بە کەس مەدە. لەکاتی یاریکردنی یارییە ڤیدیۆییەکان وێنەی ڕاستەقینەی خۆت بەکارمەهێنە یان وێبکام بەکارمەهێنە.

٤- پێش ئەوەی هەر شتێک لە ئینتەرنێت بڵاوبکەیتەوە، بیر لەوە بکەرەوە کە ئایا هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت یان نا ئەگەر مامۆستایەک، خزمێک، یان کەسێکی نامۆ بیبینێت چی دەبێت؟. مەرج نییە ئەو وێنە و بیرۆکە و پەیامانەی کە بڵاوی دەکەیتەوە تایبەت بن و هەر بۆیە دەتوانرێت ساڵانێکی دیکەش لەگەڵ کەسانی دیکەدا هاوبەش بکرێن.

٥- بلۆککردنی کەسێک ئەگەر ئەو کەسە بێزارکەربوو یان هەست بە نارەحەتی کرد. هەروەها دەتوانیت سکاڵا لە کەسێک بکەیت کە ڕەفتارێکی نەشیاو دەکات یان هەڕەشە دەکات، بەزۆری لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەوە بێت، ئەگەر نامەی بێزارکراوت پێگەیشت، پێویستە دایبابت یان کەسێکی گەورەی متمانەپێکراویش ئاگادار بکەیتەوە.

٦- بە شێوەی ئۆنلاین مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکە بەو شێوەیەی کە بە شێوەیەکی کەسی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەیت. کاتێک تۆ بە ئۆنلاین ناتوانیت مرۆڤەکان ببینیت، دەکرێت قورس بێت لەبیرت بێت کە ئەوان کەسانی ڕاستەقینەن و هەستەکانیان ئازاریان پێدەگات.

٧- لەبیرت بێت ئەو سایت و ئەپلیکەیشنانەی بۆ تۆ گونجاون لەوانەیە بۆ خوشک و برا بچووکەکانت نەگونجێن.

٨- باسی وشەی سێکسی و ورژێنەر لە ئۆنلاین مەکە و هیچ وێنەیەکی خۆت یان وێنەی ڕووت و سێکسی مەنێرە. ئەگەر نامە لەم جۆرە بنێریت یان هەڵیبگریت، لەوانەیە یاسا پێشێل بکەیت. فێری سنووری مەحرەمیەتی ببە و هەوڵبدە چاو لە مەحرەمیەتی کەسیش نەکەیت.

٩-سەردانی ماڵپەڕەکان مەکە یان بەشداری ئەو گفتوگۆیانە مەکە کە ورووبەڕووی مەترسی دەبیتەوە، ڕەنگە زۆرێک لە ماڵپەڕەکان ناوەڕۆکی نەشیاوی سێکسییان تێدابێت یان ڕەنگە هاندان بێت بۆ  توندوتیژ و توندڕەوەی.

١- ئەگەر کوڕیت لەگەڵ باوکت برۆ بۆ ئیش یان مزگەوت یان مەلەوانگە یان کۆڕوکۆبوونەوەی گەورەساڵان، گەر کچیشت لەگەڵ دایکت لە مەتبەخ کاربکە و کاری سەرپەرشتی منداڵە بچووکەکان لە ئەستۆ بگرە و زووزوو لەگەڵ دایکت برۆ بۆ ماڵە خزم و دراوسێ.

١١- فێری یاسای بەکاری بهێنە و بیکوژێنەرەوەی ببە، هەرکات پێویستی بە ئەنتەرنێت هەبوو، بەکاری بهێنە و هەرکات پێویستییەکەی جێبەجێ بوو، بیکوژێنێتەوە.

١٢- ترس و خۆشەویستیی خودای بخە دڵتەوە، لە هەر کات و شوێنێک بیت، خودا چاودێرە بەسەرتەوە و ئاگادارە لەوەی لەناو دڵیشتدایە.

دەستپێکی گفتوگۆ:

١- سایت و ئەپەکانی دڵخوازت چین؟

٢-بە ئۆنلاین لەگەڵ کێ قسە دەکەیت؟

٣-ئایا دەزانی چۆن لە ئۆنلاین بە سەلامەتی بمێنیتەوە؟

٤-چۆن زانیاریەکانت بە تایبەتی دەهێڵیتەوە؟ ئایا دەزانی چۆن سکاڵا لە کەسێک دەیت ڕەفتاری نەشیاو کردوە؟ یان چۆن کەسێک بلۆک بکەیت؟

٥- ئایا بە هیچ شێوەیەک هەست بە نا سەلامەتی کردوە لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە؟

## دەیەم: مادده هۆشبەر و مەی و جگەره و ڤایپ:

خواردنەوەی مەی لە نێو هەرزەکاراندا نیگەرانییەکی گەورەیە لە زۆرێک لە وڵاتان. لە سەرانسەری جیهاندا، زیاتر لە سێیەکی هەموو ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥-١٩ ساڵدایە، ئێستا دەخۆنەوە، کە دەکاتە ١٥٥ ملیۆن هەرزەکار. بڵاوبوونەوەی خواردنەوەی زۆر لە نێوان هەرزەکارانی تەمەن ١٥-١٩ ساڵدا لە ساڵی ٢٠١٦دا ١٣،٦% بووە، کە نێرەکان زۆرترین مەترسییان لەسەرە.

مادەی هۆشبەر: هەر مادەیەکی خاو یان گیایی یان دروستکراو کە هەر مادەیەکی هێمنکەرەوە یان ئارامبەخش لە ناوەرۆکەکەیدا هەبێت و لە خۆی گرتبێت، هەم لە لایەنی پزیشکی وەک دەرمان هەمیش لە لایەنی وەک مادەی هۆشبەر ببێتە هۆی خو پێوەگرتن، کار بکاتە سەر هۆش و عەقڵ و بیرکردنەوە و جەستەی ئەو کەسە بەکاری دەهێنێت.

حەشیش زۆرترین دەرمانی دەروونیی چالاکە کە لەنێو گەنجاندا بەکاردەهێنرێت و نزیکەی ٤،٧%ی کەسانی تەمەن ١٥-١٦ ساڵ لانیکەم جارێک بەکاریدەهێنن لە ساڵی ٢٠١٨. بەکارهێنانی کحول و مادده هۆشبەرەکان لە منداڵان و هەرزەکاراندا پەیوەندی بە گۆڕانکارییەکانی دەمارە مەعریفیەکانەوە هەیە کە دەتوانێت ببێتە هۆی ڕەفتار و سۆزداری، کێشە کۆمەڵایەتی و ئەکادیمییەکان لە ژیانی دواتردا. بەڵام هەندێک هەرزەکار پەنا دەبەنە بەر خواردنەوەی مادده کحولییەکان و خەریکە دیاردەی کێشانی ماددەی هۆشبەر لەنێو کۆمەڵگەشدا بڵاو دەبێتەوە، لە ئەمریکا ٣٣،٢%ی خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی ئامادەیی دەڵێن لەم دواییانەدا مەشروبیان خواردووەتەوە.

مادەی هۆشبەر کامانەن؟ وزەبەخشەکان (ئەمفیتامینەکان، ئەلیکسا فیتین) – لەناوبردنی ئێش و ئازار (ڤالیۆم، میتادۆن) – هێمنکەروەکان (قینەب، ماریجوانا، حەشیش) (پابونج و گانگا و کاراس، کۆکاین)- وڕێنەرەکان (لیسیرگایدو، میسکالین) (قات، ئەفیون، مۆرفین، هیرۆین)- ئەوانەی بۆندەکرێن (ئەسیتۆن، گازۆلین).

ترامادۆل و کریستاڵ بەربڵاوترینن. ١گرام مۆرفین=١٠ گرام تلیاک، ١ گرام هیرۆینە=١٠٠ گرام تلیاک، ١گرام کراک= ١٠٠٠ گرام تلیاک. ١گرام کراک بدە بە ١٠٠ کەس ئالودەیان دەکات.

بە پێی کاریگەرییان پێنج جۆر مادەی هۆشبەر هەن:

ئەو مادانەی مرۆڤ دڵخۆش دەکەن – ئەو مادانەی مرۆڤ مەست دەکەن - ئەو مادانەی وروژێنەرن – ئەو مادانەی خەوهێنینەرن و ئازارکەمدەکەنەوە – ئەو مادانەی وڕێنە لای مرۆڤ دروست دەکەن.

ڤایپ: جگەرەی ئەلیکترۆنیشی پێدەوترێت، ئامێری گەیاندنی ئەلیکترۆنی نیکۆتینە، بارگاوی دەکرێتەوە و لەڕێگای کۆیلێکەوە شلەی گەرمی تێدەکرێت و دەبێتە دووکەڵ، وەک جگەرەو نێرگەلە هەڵدەمژرێت، چەندین تامی جیاوازی هەیە وەک: ئەنەناس، لیمۆ، نەعنا، شلیک، پرتەقاڵ و چەند تامێکیتر. تا دێت بەکارهێنانی ڤایپ لەناو گەنجان و هەرزەکاراندا زیاتر دەبێت، بەجۆرێک کار گەیشتوەتە ئەوەی کە بەشێک لە خوێندکاران ئالودەبن پێوەی، خەریکە بەکارهێنانی دەبێتە دیاردە.




ئالودەبوون چیە؟ ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژی و ئۆرگانیەیە، تێیدا کارلێکردنی مادەی هۆشبەر و جگەرە و ڤایپ لە نێو لەشی مرۆڤ دروستی دەکەن، بەو هۆیەوە مرۆڤ ناچار دەبێت لەسەری بەردەوام بێت. (وەرگرتن و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر بە شێوازێکی ناڕێکخراو بەردەوام، دەبێتە هۆی ملکەچی و گوێڕایەڵی بەردەوام بۆ ئەو مادەیە بەشێوەک کەسی بەکارهێنەر ناتوانێت دەستبەرداری ئەو مادەیە بێت). هەموو مادەیەک کافاینی تێدا بێت بەجۆرێک لە مادەی هۆشبەر دادەنرێت، بەڵام ئەو مادانە بە هۆشبەری زۆر بچوک دادەنرێن.

کاتێک منداڵ لە قۆناغی هەرزەکاریدا دەیەوێت تەرزێکی تایبەت و دیاریکراو بۆ خۆی هەڵبژێرێت، هەندێک جار بوێریی ئەوە بەدەست دەهێنێت کە چەندین خووی خراپ تاقی دەکاتەوە، پاڵنەری سەرەکی لەم بوێرییەدا ئەوەیە دەڵێت، "کوڕە با تاقیی بکەمەوە، دوایی وازی لێ دەهێنم".
بێگومان یەکێک لە گەورەترین مەترسییەکان کە تووشی خێزان دەبێت لەم رۆژگارەدا، کێشانی جگەرە و نێرگەلە و ڤایپە لەلایەن هەرزەکارانەوە، وە کێشەکە کاتێک زیاتر دەبێت کە دایباب و ئەندامانی تری خێزان جگەرەکێش نین و ڕقیان لە جگەرەکێشە، لەو کاتەدا دەکەونە کێشە گەورەکەوە، هەست دەکەن کچەکەیان دەستی داوەتە جگەرەکێشان، کە ئەمەش بۆ خێزان ئازاری زیاترە لە کێشانی لەلایەن کوڕەکەیانەوە، ئەمەش بەتەواوەتی پێچەوانەی ئایین و دابونەریتیانە، بەتایبەت بۆ ئەو خێزانەی پابەندە بە ئایینەوە.
تەنها جگەرە نییە، هەرزەکارانی ئەمڕۆ بەرکەوتەی سیگار و سیگاریلۆ و جگەرەی ئەلیکترۆنی (ڤایپ و نێرگەلە) دەبن، چەندینی ئەو جۆرە تووتنانە "تامدار"یان هەیە، ئەمەش سەرنجراکێشییان بۆ گەنجان زیاد کردووە.
دیاردەی کێشانی جگەرە و نێرگەلە و ڤایپ لە ئێستادا لەنێو کچانیش بەربڵاوە، بەڵام کچان بەزۆری لە ئێستادا ڤایپ دەکێشن، هەندێکیشیان دەچنە کافتریاکان، تا درەنگانێکی شەو خەریکی کێشانی نێرگەلەن.
زۆربەی زۆری جگەرەکێشانی گەورەساڵ پێش تەمەنی ١٨ ساڵی دەستیان بە جگەرەکێشان کردووە، تەمەنی نێوان (١٥-١٨) ساڵ مەترسیدارترین قۆناغە بۆ فێربوونی جگەرەکێشان، وە زۆربەیان پێش ئەوەی تەنانەت خوێندنی ئامادەیی تەواو بکەن، ئالوودە بوون بەم جۆرە ماددانەوە، زۆربەی جگەرەکێشەکان لە گەنجییەوە دەست پێ دەکەن، ئەگەر گەنجان پێش تەمەنی ٢٦ ساڵی دەست بە بەکارهێنانی جگەرە نەکەن، بەدڵنیاییەوە بەدەگمەن دوای ئەوە تەمەنە دەست پێ دەکەن.

**کەواتە بۆچی هەرزەکاران لە پلەی یەکەمدان کە جگەرە دەکێشن؟**

١- دایبابێکی جگەرەکێش.

٢- بوونی کێشەی خێزانی، شەڕی نێوان دایباب، بەتایبەت گەر کێشەکە لەنێوان هەرزەکارەکە و دایبابیدا بێت.

٣- لاوازیی بیروباڕ و ئایین لەنێو ئەو خێزانانەدا، ئەم خێزانانە بەها ئایینییەکانیان لەنێو دەروونی منداڵەکانیاندا نەچاندووە، وە وایان لێ نەکردووە خودا بکەن بە چاودێری خۆیان.

٤- فشاری هاوتەمەنەکان - هاوڕێکانیان هانیان دەدەن جگەرە تاقی بکەنەوە و بەردەوام بن لە جگەرەکێشان، زۆبەی هەرزەکار لەبەر ئەوە جگەرە ناکێشن کە تام و چێژی هەیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە لەلای هاوڕێکانی هەست بە کەمی نەکات، وە هەندێک جاریش تەنها هەر بۆ لاساییکردنەوەیە.

٥- هەندێک جار بۆ سەلماندنی خۆی و وا هەست دەکات گەر جگەرە نەکێشێ، کەسێکی لاوازە.

٦- هەرزەکارەکە بەتاڵە، هیچ کارێکی نییە خۆی پێوە سەرقاڵ بکات، لەبەر ئەوە پەنا دەباتە بەر جگەرە و نێرگەلە و ڤایپ.

٧- ئەوان جگەرەکێشان بە شێوازێک بۆ یاخیبوون و نیشاندانی سەربەخۆیی دەبینن.

٨- ئەوان پێیان وایە هەموو کەسێکی تر جگەرە دەکێشێت و ئەوانیش دەبێ جگەرە بکێشن.

٩- پیشەسازیی تووتن تاکتیکی زیرەکیی بازرگانی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی بەتایبەتی هەرزەکاران بکاتە ئامانج.

١٠- دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی زۆریان هەیە، بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە زۆربەی فیلم و دراماکاندا ئەکتەرەکان و گۆرانبێژان جگەرە و نێرگەلە دەکێشن، ئەمەش هەستی لاسایی لای هەرزەکار دروست دەکات.

١١- نرخەکەی، ڕاستە لەو شوێنانەی کە باجی تووتن زۆر کەمە و نرخەکەی دابەزیوە، ئاسانترە بۆ هەرزەکاران کە توانای کڕینی جگەرەیان دەبێت.

١٢- زۆربەی هەرزەکاران تەنها حەز بە تاقیکردنەوەی شتی نوێ دەکەن، بەڵام ئەوەندە پێنەگەیشتوون کە بیر لە دەرئەنجامە درێژخایەنەکانی بکەنەوە.

١٣- نیکۆتین دەرمانێکی "هەستکردن بە باشییە" بەبێ سەرخۆشی.

### دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:

١-لە ئەوروپا و ئەمریکا خواردنەوەی کحول پێش تەمەنی ٢١ ساڵی نایاساییە و لە زۆربەی وڵاتان کڕینی بەرهەمی تووتنیش پێش تەمەنی ١٨ ساڵی نایاساییە. ئەگەر کەسێکی خوار تەمەنی ٢١ ساڵ مەی بکڕیت یان بیفرۆشێت، دەتوانرێت دەستگیر بکرێت. هەروەها بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لە زۆربەی وڵاتانی جیهان قەدەغەیە بۆ هەموو تەمەنێک، بە هەرزەکارەکەت بڵێ هەوڵنەدات بۆ تەنها جارێکیش بێت تاقی بکاتەوە.

٢- جگە لە جگەرە، شتی تریشیان پێ بناسێنە: ڕوونی بکەرەوە کە تووتنی بێدووکەڵ و نێرگەلە و جگەرەی ئەلیکترۆنی و ڤایپ هەموویان مەترسییان هەیە، لەوانەش ئالوودەبوون بە نیکۆتین.

٣- ماڵێکی بێدووکەڵ دابمەزرێنە: ڕێگە مەدە ئەندامانی خێزانەکەت یان هاوڕێکانت لە ماڵەکەت یان ئۆتومبێلەکەتدا جگەرە بکێشن. دڵنیا بە لەوەی ئەو شوێنانەی منداڵەکەت کاتێکی زۆری تێدا بەسەردەبات، بێتووتن بێت.

٤- پەروەردەی ئایینی: هەر لە منداڵییەوە خودایان پێ بناسێنە و فێری ئاکار و ڕەوشتی بەرزیان بکە و شتە یاساغ و نایاساغەکانیان پێ بناسێنە.

٥-زۆرجار هەرزەکاران بە هەست و کاردانەوەی سۆزداری بەهێز دەناسرێنەوە. ڕەنگە ئەمە بە تایبەتی بۆ ئەو هەرزەکارانە ڕاست بێت کە هەست بە دەمارگیری دەکەن لەگەڵ کولتوورێکی نوێدا. هەروەها هەندێک لە هەرزەکاران بەدەست بێزاری یان دڵەڕاوکێیەوە دەناڵێنن و لەوانەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان ڕوو لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان یان کحولیەکان بکەن. خۆشبەختانە توێژینەوەکان دەریانخستووە کە هەرزەکارانی کۆچبەر کەمتر مادەی هۆشبەری نایاسایی یان کحول بەکاردەهێنن بە بەراورد بەو هەرزەکارانەی لە ئەوروپا و ئەمریکا لەدایک بوون. هەروەها هەرزەکاران ئەگەری خراپ بەکارهێنانی مەی یان مادده هۆشبەرەکان کەمترە ئەگەر پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ خێزانەکانیان هەبێت و لەلایەن دایبابیانەوە سەرپەرشتی بکرێن.

٦-دڵنیابە هەرزەکارەکانت دەزانن کە تۆ ناتەوێت جگەرە بکێشن و مەی بخۆنەوە یان مادده هۆشبەرەکان بەکاربهێنن، بەڵکو داوای بۆچوونەکانیان لێبکەن و گوێ لە قسەکانیان بگرن.

٧-بەشداربە لە ژیانی هەرزەکارەکانت: هەندێک کار پێکەوە بکەن وەک یاریکردن، چوون بۆ سەیران، یان چوونە کتێبخانە یان مزگەوت.

٨-گوێ لە نیگەرانییەکانی هەرزەکارەکانت بگرە و یارمەتیان بدە بۆ وەسفکردن و گفتوگۆکردن لەسەر هەستەکانیان. دڵنیابە هەرزەکارەکەت تووشی خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، یان کێشەی تەندروستیتر بووە یان نا، لەوانەیە پزیشکەکەت یان ڕاوێژکارەکەت بتوانێت یارمەتیت بدات.

٩- بڵێ خۆت بە: هاوسەنگییەک بۆ فشاری هاوتەمەنەکان و کاریگەریی هاوتەمەنەکان، ئاساییە نیگەران بیت لەوەی منداڵەکەت زۆر لەژێر کاریگەریی هاوتەمەنەکانیدایە، یان سازش لەسەر بەهاکانی خۆی (یان بەهاکانی تۆ) دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانیدا بگونجێت. هەروەها ئاساییە نیگەران بیت لەوەی منداڵەکەت ناتوانێت بڵێت نەخێر ئەگەر فشارێکی زۆری لەسەر بێت بۆ تاقیکردنەوەی شتە مەترسیدارەکان، وەکوو وەرزشکردن یان جگەرەکێشان.

١٠-متمانەبەخۆبوون دەتوانێت یارمەتیی هەرزەکاران بدات بەرەنگاری کاریگەریی نەرێنیی هاوڕێیان ببنەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەرزەکارانی متمانەبەخۆبوو دەتوانن بڕیاری سەلامەت و ئاگادارانە بدەن و خۆیان لەو کەس و بارودۆخانە بەدوور بگرن کە بۆیان گونجاو نین.

١١-ئەگەر بۆت دەرکەوت منداڵەکەت دەستی بە کێشانی مادەی هۆشبەر کردووە، ئەوە سروشتییە هەست بە کۆمەڵێک هەستی ناخۆش بکەیت. بەڵام لەبیرت بێت سەبرت هەبێت و ئامادەی گوێگرتن بیت. ئامانجت ئەوەیە کە لەگەڵ هەرزەکارەکەت گفتوگۆ بکەیت. هەوڵ بدە بزانیت هۆکارەکەی چییە. ئەمە ڕەنگە یارمەتیت بدات بە شێوەیەکی کاریگەرتر لەگەڵیدا قسە بکەیت، لەبری سزا، تێگەیشتن و یارمەتیی پێشکەش بکە بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕزگاربوون لە مەترسیداریی بەکارهێنانی تووتن و ئالوودەبوون بەو جۆرە ماددانە.

١٢-هەوڵ بدەن هەرزەکارەکەت لەو ژینگەیە دوور بخەیتەوە کە هۆکار بووە بۆ کێشانی جگەرە و نێرگەلە و ڤایپ و مادەی هۆشبەر، پێی بڵێ کێشانی ئەم جۆرە ماددانە عادەتە نەک ئالوودەبوون، هەوڵ بدە ئەو دڵەڕاوکێ و بێزاری و خەموخەفەتەی هەیەتی بیرەوێنیتەوە، وە بەشداریی پێ بکە بۆ زۆربەی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها فێری بەرپرسیارێتیی بکە و لەگەڵیدا کارەکانت لە گەڵیدا بەش بکە، ماوەیەکی بۆ دابنێ بۆ وازهێنان لە جگەرە و مادەی

هۆشبەر، ئەوەت لە بەرچاو بێت کە نیکۆتین کاریگەریی لەسەر مێشکی گەشەسەندووی هەرزەکارەکەت هەیە و دەبێتە هۆی ئالوودەبوون. کاتی پێویستە تا ئارەزووی نیکۆتینیان کەم دەبێتەوە و هەوڵی وازهێنان دەدەن.

١٣- بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، هۆکارێکی دیکەیە کە دەکرێت ببێتە هۆی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندنی ئامادەیی. ئەو خوێندکارانەی کە لەگەڵ ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان یان کحولدا کێشەیان هەیە، ڕەنگە بەزەحمەت بتوانن بەردەوام بن لە خوێندن یان بەبەردەوامی بچنەوە بۆ قوتابخانە. هەروەها بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەتوانێت ببێتە هۆی کێشەی ڕەفتار، وەک شەڕانگێزی و کێشەنانەوە لە قوتابخانە، سەرئەنجام دەبێتە هۆی ڕێکاری دیسپلین بەرامبەریان یان ببێتە هۆی دەرکردنیان لە قوتابخانە.

١٢- لە کۆتاییدا، دەکرێت هەوڵی زۆری بوێت تا وەکوو هەرزەکارەکەت بۆ هەمیشە واز لە ڤاپپینگ یان مادەی هۆشبەر بهێنێت. لەوانەیە بتەوێت لەگەڵ دابینکەرێکی چاودێری تەندروستی قسە بکەیت کە دەتوانێت بەرنامەی کاریگەر بۆ وازهێنان لە نیکۆتین پێشنیار بکات کە یارمەتیی هەرزەکاران دەدات ئەو خووە لا ببەن.

١٣-گەر زانیت هەر واز ناهێنێت، سەردانی کەسانی پسپۆڕی پێبکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ وازهێنانی لەو مادده زیانبەخشانە.

**١٤-چارەسەری کەسی ئالودەبوو:** خولی هۆشیاری، بردنی بۆلای پزیشکی دەروونی، سەردانیکردنی نەخۆشخانە، کەمکردنەوەی بڕی مادەکە، گۆڕینیان بە مادەی تر کەمتر زیانی هەبێت وەک میپادۆن و برینورفین، تا زوتر توشبووەکە ئاشکرا بێت باشترە چون هەرچی زوتر چارەسەر وەربگرێت زوتر چاکتر دەبێتەوە، گەر چارەی نەکەین چارەمان دەکات، نابێ بچێتەوە بۆلای هاوڕێکانی پێشوەوە، دەبێت کۆمەڵگا ڕێزی بگرن و هاوکاریان بکەن.

**١٥- نیشانەکانی کەسی بەکارهێنەر:**

a. تەسکبونەوەی بیلبیلەی چاو، یاخود سوربونی چاوو ڕەشبونی بەرچاو.
b. لێڵبون و مۆربونی ڕەنگی دەم و پێست و ژێرنینۆک و لێوەکانی بەتایبەت.
c. بەدخۆراکی.
d. بەردەوام ئاو لە لوتی دێتە خوارەوە، پژمەی زۆر، باوێشکی زۆر و نا ئاسایی.
e. بەبێ هۆکار وەنەوز دەدات شێوەی برژانگی تێک دەچێت.
f. گڕبونی دەنگی کۆکینی زۆر بەتایبەت سەر لە بەیانیان.
g. ددانی توشی کلس و ڕەشبون دەبێت.
h. دەرکەوتنی خاڵی ڕەش و مۆر لەسەر جەستەی، شوێنەواری دەرزی و سوتاوی بەتایبەت لەسەر پەنجەو و قۆڵ و ڕانی.
i. ئازاری گەدە و قەبزبون.
j. زوو توڕە دەبن و هەڵدەچن.
k. ڕەفتار و قسە و هەڵسوکەوتیان نامۆیە.
l. لە چالاکی کۆمەڵایەتی دوردەکەوێتەوە.
m. زۆر خورانی لەشی بەتایبەت- لوت و قاچ و سک و لاڕومەتی.

n. هاوڕێی کەسانی گوماناوی دەکات و پێشی خۆش نیەماڵەوەیان هاوڕێکانی بناسن، ئیشی شاردراوە و گوماناوی زۆر دەکات.
o. لە شوێنی چۆڵ وەک ژووری نوستن یان گەرماو یان لە کەلاوە و شوێنە تاریکەکان زۆر دەمێنێتەوە.
p. زۆربەی جار گیرفانەکانی پڕە لە شقارتە و پاکەتی جگەرە و دەرزی و قەترەی چاو بۆ کەمکردنەوەی سوربونەوەی چاو بەکاری دەهێنن، یان حەب و شروبی کۆدائیندار و حەبی خەوهێنەری وەک ڤالیۆم.

## هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:

کحول و بەرهەمەکانی تووتن و ماددە هۆشبەرە نایاساییەکان زیان بە جەستە و دەروونت دەگەیەنن. چونکە هێشتا گەشە دەکەیت و مێشکت هێشتا لە گەشەکردندایە، کاریگەرییەکانی کحول و تووتن و ماددە هۆشبەرە نایاساییەکان دەتوانن زیانی بۆ تۆ زیاتر بێت لە گەورەکان.

لێرەدا چەند هۆکارێکی باش دەخەینەڕوو بۆ دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە کحولیەکان و تووتن و ماددە هۆشبەرەکان:

١- کحول و تووتن و ماددە هۆشبەرە نایاساییەکان بەجۆرێکن مادەی نیکۆتینیان تێدایە بە بەکارهێنانیان ئالودە دەبیت، ئەمەش واتە کاتێک دەستت کرد بە بەکارهێنانیان ڕەنگە وازهێنانیان لە خوارد و خواردنەوەیان قورس بێت.

٢- ئەمە پێچەوانەی یاسایە، بەو پێیەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان یان کحولییەکان دەتوانیت تووشی کێشەی گەورە بیتەوە.

٣-بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر یان خواردنەوەی کحول کاریگەری لەسەر ئاستی فێربونت دەبێت لە قوتابخانە.

٤-خواردنەوەی مەی یان بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر دەتوانێت ڕێگریت لێبکات لە ئەنجامدانی ئەو کارانەیتر کە حەزت لێیە، وەک وەرزش، مۆسیقا، هونەر، وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری، و چالاکییەکانیتر.

٥-زۆر مەترسیدارە سواری ئۆتۆمبێل بیت لەگەڵ کەسێک کە تازە مەی خواردبێتەوە یان مادەی هۆشبەری بەکارهێنابێت.

٦-سەرەڕای هەموو ئەمانە هەموو ئاینە ئاسمانیەکان (بەتایبەت ئاینی ئیسلامی پیرۆز) خواردنەوەی مەی و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەریان یاساغ کردوە. دەبێت بە هەموو شێوەیەک لێیدوربکەویتەوە.

٧-هەوڵبدە هاوڕێیەتی ئەو کەسانە مەکە کە مادەی هۆشبەر بەکاردەهێنن و مەی دەخۆنەوە، چونکە گەر فێرنەبیت بەکاریبهێنی، هەر توشی گرفتوکێشە دەبیت کاتێک ئەوان بەکاری دەهێنن. بەڵکو هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەو هەرزەکارانە بکە کە جگەرە ناکێشن و مەی ناخۆنەوە و مادەی هۆشبەر بەکارناهێنن. ئەو هاوڕێیانە بدۆزەرەوە کە یارمەتیت دەدەن لەکاری چاکە نەک کاری خراپە.

٨-دوربکەوەرەوە و بەشدار مەبە لەو ئاهەنگ و بۆنەیانەی هەرزەکاران، کاتێک هەرزەکاران خۆیان سەرپەرەشتی دەکەن و ئەمجۆرە مادانەی تێدا دەکێشن.

٩- بروات بەخۆت هەبێت. ئەگەر شتێک دەزانیت هەڵەیە مەیکە، مەکەورە ژێر فشاری هیچ کەسێک. دوور بکەوەرەوە لەو بارودۆخانە کە لەوانەیە فشارت لەسەر بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە حەزت لێی نییە.

١٠-پێشوەختە ئەو شتانە ڕێکبخە کە دەیڵێیت ئەگەر بانگهێشت کرایت بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان یان خواردنەوەی کحول. دەتوانیت بە سادەیی بڵێیت "نا سوپاس"، یان دەتوانیت بیانوویەک بهێنیتەو، وەک: "تاقیکردنەوەیەکم هەیە، یان سبەی یاری دەکەم، یان شتێکی تر".

١١-بۆ یارمەتیدانی کەمکردنەوەی فشار هاوڕێکانت، هەوڵبدە وەرزش بکەیت، قسە لەگەڵ هاوڕێیەکت بکە کە ئەم جۆرە مادانە بەکار ناهێنێت یان ئەندامێکی خێزانەکەت بکەیت، بۆ ئەوەی لەدەست ئەمجۆرە هاوڕێیانە ڕزگارت بێت.

١٢-ئەگەر بۆت دەرکەوت هەست بە دڵەڕاوکێ و بێزاری دەکەیت، یان کێشەت هەیە لە بەڕێوەبردنی هەستەکانت، داوای یارمەتی بکە. لەگەڵ دایبابت یان کەسێکی گەورەی متمانەپێکراو قسە بکە.

١٣-خۆت بەدەست فشاری هاوتەمەنەکانەوە مەدە. لەبیرت بێت کە نەکردنی کارێک کە هاوڕێکانت داوات لێدەکەن لەوانەیە لە ئێستادا قورس بێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە تۆ بەسەر شتی زۆر لەوە قورستردا زاڵبوویت. پاشان بیربکەرەوە خێزانەکەت وڵاتی خۆیان جێهێشتوە بۆ ئەوەی داهاتویەکی باشتان بۆ دابینبکەن بەڵام ئێوە بەدەستی خۆتان ئەو داهاتوە وێران دەکەن.

١٤- ماریجوانا، حەشیش، دەرمانی خەو، کۆکایین، هیرۆین، مۆرفین، ئەمانە فیکر و یادەوەریت تێکدەدەن، بیرکردنەوەت لاواز دەکەن، توشی گۆشەگیری و داڕمانی کۆمەڵایەتیت دەکەن، توشی نیگەرانی و خەمۆکی و دڵەڕاوکێی توندت دەکەن، هەندێکیان بەتایبەت هیرۆیین و مۆرفین دەبنە هۆی ئەوەی هەست و شعورت تێکبچێت و توشی نەخۆشی پێست و هەوکردنی سییەکان و تێکچونی خوێنهێنەرەکان ببیت.

١٥-سەرەڕای هەموو ئەم هۆکارانە، هەندێک لە هەرزەکاران جگەرەکێشان، خواردنەوە کحولیەکان، یان بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان هەڵدەبژێرن لە هەوڵێکدا بۆ کەمکردنەوەی فشار یان لەبەر ئەوەی هاوڕێکانیان ئەو کارە دەکەن. بەڵام سروشتییە، وەک منداڵێکی هەرزەکار، تووشی فشاری دەروونی ببیت و بتەوێت لێی ڕزگارت بێت، بەتایبەتی ئەگەر تازە بیت لە قوتابخانەکەت یان ئەو گەڕەکە کە تێیدا دەژیت و بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێیت کە قبوڵت بکات. بەڵام گرنگە لەبیرت بێت کە زۆربەی منداڵان جگەرە ناکێشن و مەی ناخۆنەوە و مادەی هۆشبەر بەکارناهێنن، هەروەها چەندین ڕێگەی باشتر هەیە بۆ نەهێشتنی فشاری دەروونی.

١٦- بەداخەوە، سەرەڕای ئەوەی هەندێک لە هەرزەکاران ئارەزووی ئەوەیان هەیە واز لە جگەرە و مادەی هۆشبەر بهێنن، بەڵام زۆر بەزەحمەت دەتوانن وازیان لێبهێنن بە هۆی مادەی نیکۆتینەوە، کە دەرمانێکی تایبەت بە ئالوودەبوونە و لە بەرهەمە تووتنییەکانی وەک جگەرەدا و مادەی هۆشبەردا بونی هەیە.

١٧- کاتە بەتاڵەکان: هەوڵ بدە بڕۆیت بۆ خولی فێربوونی قورئان و بەشداری بکات لە هۆڵەکانی وەرزش و لەشجوانی و ڕاهێنان. یان کتێب بکڕە و خوو بدە بە کتێبخوێندنەوە.

١٨- دەتوانیت پرسیار لەبارەی ئەو کەس و شێواز و شوێنانەوە بکەیت کە یارمەتیدەرن لە وازهێنان لە جگەرەکێشان. پزیشکی گشتیی نەشتەرگەریی ئەمریکی بەکارهێنانی جگەرەی ئەلیکترۆنیی گەنجانی بە پەتا ناو بردووە، بەپێی ئاماری سەنتەری کۆنترۆڵکردن و خۆپاراستن لە نەخۆشیی (CDC)، نزیکەی ٤،٧ ملیۆن خوێندکاری قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لانی کەم یەک بەرهەمی تووتن بەکار دەهێنن، لەنێویاندا جگەرەی ئەلیکترۆنی. لە ڕاستیدا ١ لە ٢٠

خوێندکاری ناوەندی و ١ لە ٥ خوێندکاری ئامادەیی لە ساڵی ٢٠٢٠دا ڕایانگەیاندووە کە لە ٣٠ ڕۆژی ڕابردوودا جگەرەی ئەلیکترۆنییان بەکار هێناوە.

چیرۆکێکی گرنگ: من بۆ ئەوە لەدایک بووم ببم بە پاشا...

دەگێڕنەوە لویسی شانزەیەم لەکار لابراو خرا زیندانەوە، ئەو کەسانەی کە لویسیان لە عەرش هێنا خوارەوە شازادەی کوڕە بچکۆلەی پادشایان گرت، مەبەستیان ئەوە بوو لە ئایندەدا نەتوانێت وەک میراتگرێکی عەرش ببێتەوە بە پادشا، لەبەر ئەوە هەوڵیاندا ئەخلاقی بڕوخێنن، بردیان بۆ کۆمەڵگایەکی دوور وە لەوێ خستیانە شوێنێکی بێڕەوشتەوە، خۆشترین خواردن و دڵڕفێنترین شوێن و گرانبەهاترین پۆشاک و چواردەوریان کرد بە ئافرەتی لەشفرۆش، هەرچی جنێوی خراپ و ناشرین هەبوو بەکاریان دەهێنا، بۆ ماوەی شەش مانگ بۆ ئەوەی بە خێراترین کات ببێتە کۆیلەی ئارەزووەکانی، بەڵام شازادە بۆ چرکەیەکیش تەسلیم نەبوو، پرسیاریان لێکرد بۆچی تەسلیم بەو هەمووە نازونیعمەتانە نابێت، شازادە لە وڵامدا گوتی من ناتوانم ئەو کارانە بکەم چونکە (من بۆ ئەوە لەدایک بووم ببم بە پاشا). شازادە وێنەیەکی ئەوەندە باشی بۆ خۆی دروستکردبوو کە هیچ شتێک نەتوانێت بیلەرزێنێت، ئێوەش خودا بۆ مەبەستێک و کارێکی گەورەو بڵند دروستی کردوون کە پێویستە بۆ هیچ شتێکی بچوک و خراپ تەسلیم نەبن.

### دەستپێکی گفتوگۆ

١- چی یارمەتیت دەدات ئارام بیتەوە کاتێک بەڕاستی هەست بە سترێس و دڵەڕاوکێ دەکەیت؟

٢- بەڕای ئێوە بۆچی منداڵانی خوار تەمەنی ٢١ ساڵان مەی بخۆنەوە نایاساییە؟

٣- هەرگیز چوویتە ئاهەنگێک کە مەی یان مادەی هۆشبەر هەبووە؟ چۆن مامەڵەت لەگەڵیان کرد؟

٣- ئایا بەهیچ شێوەیەک هەست بە فشاری هاوتەمەنەکان دەکەیت؟

## یانزەیەم:- تاتۆکردن:



تاتۆ چییە؟ تاتۆ جۆرێکی هەمیشەیی هونەری جەستەیە. دیزاینێک بە کونکردنی پێست بە لێدانی دەرزی ڕەنگی تاتۆ بۆ ناو چینە قووڵەکەی پێست دروست دەکرێت. (تاتۆ بە دانانی ڕەنگێک یان بۆیاخێک بۆ ناو چینی دووەمی پێست دروست دەکرێت. بۆیاخەکە بە بەکارهێنانی ئامێری تاتۆی ئەلیکترۆنی دەخرێتە ناو پێستەوەکەوە کە بە دەرزی تایبەت دەکرێت) تاتۆکاران ئەم دیزاینانە بە بەکارهێنانی چەندین پرۆسە و تەکنیکی تاتۆکردن دروست دەکەن، پێشتر تاتۆ بە دەست دەکرا — واتە تاتۆکار بە دەرزی پێستەکەی کون دەکرد و ڕەنگەکەی بە دەست لێدەدا، هەرچەندە ئەم پرۆسەیە تا ئێستاش لە هەندێک ناوچەی جیهان بەکاردێت، بەڵام لە ئێستا تاتۆکارە پیشەگەرەکان ئامێری تاتۆ بەکاردەهێنن. ئامێری تاتۆکردن دەرزیەکانی بەهێزن پێست کوندەکات لە سەرەوە و خوارەوە لەگەڵ دانانی ڕەنگ لە ناو پێستدا. مێژووی تاتۆکردن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردینی نوێ، لە کۆندا هونەری تاتۆ نیشانەدەرێکی پیرۆزی ناسنامە بوو لە نێو مائۆرییەکان و هەروەها وەک ئامرازێک بۆ هەڵگرتنی ناونیشان یان بوونە ڕۆحییەکانی مرۆڤ لە ژیانی دوای مردندا ئاماژەی پێدەکرا.

پێی توێژینەوەیەک لە نێو ٩٧٥٥ خوێندکاری ئامادەیی لە باشوری تایوان وەرگیراوە و پرسیارنامەکانیان پڕکردوەتەوە کە ئەم توێژینەوەیە ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندیە خێزانی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەو ٩٧٥٥ خوێندکاری ئامادەیی (پۆلی ٧ تا ١٢) دەرکەوتووە کە ١%ی خوێندکارانی ئامادەیی لە باشووری تایوان تاتۆیەک یان زیاتریان لەسەر جەستەیان کردووە.

هۆکارەکەشیان گەڕاندوەتەوە بۆ ئەوەی چاودێری خێزانەکانیان کەم بووە، هەروەها هاوڕێیان هەبووە کە بە بەردەوامی مەشروبیان خواردوەتەوە، یان مادەی هۆشبەری نایاسایی بەکاردەهێنن، هەندێکیشیان پێشینەی تاوانیان هەبووە یان لە باندێکدا بوون، ئەگەری ئەوە زیاتر بووە کە تاتۆیان هەبێت.

گەنجان بۆ تاتۆ دەکەن:

١ -دەیانەوێت وەک کەسێکی پێگەشتوو دەربکەون.

٢ -لاسایکردنەوەی هونەرمەندان و یاریزانان.

٣ -دەربڕینی ناسنامە و کەسایەتی.

٤ -دڵسۆزی یان پەیوەندی بە گروپێکەوە کە جۆرە تاتۆیەکیان بۆ خۆیان دیاریکردوە.

٥ -نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە بەهاکانی دایک و باوکیان یان خێزان یان زۆرجار دەیانەوێت دژە کۆمەڵگە دەربکەون.

٦ -دەیانەوێت وەک هاوتەمەنەکانیان بن.

٧-دەربڕینی خەموخەفەت لە ڕێگای تاتووە.

زیانەکانی تاتۆ کردن:

١ -هەوکردنی بەکتریا.

٢ -نەخۆشییە ترسناکەکانی وەک نەخۆشی جگەری جۆری B و C و نەخۆشی ئایدز.

٣ -پەڵەی ئەستوور کە پێی دەوترێت کیلۆید (ئەمە زیاتر لە نێو ئەو کەسانەی دەردەکەوێت پێستیان تۆخترە).

٤ -حەساسیەتی پێست.

٥ -توشبون بە ئەکزیما.

٦ -نەخۆشی پووک یان تێکچوونی ددانەکان بەهۆی کونکردنی دەمەوە.

### دایباب پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:

١-قەناعەت پێکردنی هەرزەکارەکەت لە هەر شتێک کە پێت وایە باشترینە بۆی بەزۆری کارێکی قورسە. قەدەغەکردنی شتێک بەزۆر، وایان لێدەکات زیاتر ئارەزووی شتەکە بکەن. ئەمەش هەموو شتێک دەگرێتەوە، بە تاتۆشەوە. لەگەڵ ئەوەی لەم کاتەدا تاتۆ زۆر بەناوبانگە، قەناعەت پێکردنی هەرزەکارەکەت بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە جەستەیدا نەکات و تاتۆیەکی هەمیشەیی نەکات، پێویستی بە هەندێک کارامەیی و زیرەکی پەروەردەکردنی منداڵان دەبێت.

٢ -تێچووی لابردنی: پێیان بڵێن لابردنی تاتۆ تێچوکەی گرانە بەیەکجار لاناچێت پێویستە چەندین جار سەردانی پزیشک بکات بۆ ئەوەی بە لێزەر بۆت لابات و هەروەها بە ئاسانیش شوێنی تاتۆکە لەجەستە لاناچێت، بۆیان ڕوون بکەرەوە کە لابردنی تاتۆ بە ئازارە.

٣ -هەروەها ڕوونی بکەرەوە کە ئەم نەشتەرگەریانە گەرەنتی سەرکەوتنیان لە سەدا سەد نییە. پێدەچێت لە کۆتاییدا تاتۆیەکی شێواوییان لەسەر ڕوخساریان بمێنێتەوە، کە زۆر ناشرین خراپ دەرکەوێت.

٤ -دانانی جێگرەوەیەک: دەتوانیت ئاگاداریان بکەیتەوە کە ئەم جێگرەوەیە ڕێگەیەکیان بۆ دابین دەکات بۆ گۆڕینی دەربڕینەکانیان بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ گەشەکردنیان وەک کەسێک و ئەزموونکردنی شتە جیاواز بکات و لەبری بیکردنەوە لە تاتۆ خۆی سەرقاڵبکات بەکارێکیترەوە.

٥ -ئەو کەسانەی هەندێک حاڵەتیان هەیە یان هەندێک دەرمان بەکاردەهێنن ئەگەری تووشبوونیان بە هەوکردن زیاترە، بۆیە پێویستە خۆیان لە کونکردنی جەستە یان تاتۆکردن بەدوور بگرن.

٦ -پرسیاری زۆر لە هەرزەکارەکانت بکە. چەند ساڵە بیر لە تاتۆ دەکەنەوە و بۆ ئەوان مانای چییە؟ ئایا ئەو وێنەیەی کە بیری لێدەکەنەوە شتێکی تایبەت بە ماناداره — یان تەنها مۆدێرن یان بەڕواڵەت ئیمپاسیڤە؟ بۆچی پێویستە ئێستا تاتۆ بکات؟

٧ -کەسانێکیان پیشان بدە کە تاتۆیان کردوە و پەشیمانبونەتەوەو ناچار بوون تاتۆکەیان بە نەشتەرگەری لابەرن، یان تاتۆکەیان تووشی نەخۆشی هەوکردنی جگەر یان ئایدز کردون و پێستیانی ناشیریکردون.

٨ -خاوەنکارەکان ڕەنگە حوکم لەسەر هەرزەکارێک بدەن یان چەشنە چەقبەستوویەکیان هەبێت کە تاتۆی لەسەرە، هەندێک کۆمپانیا مۆڵەت نادەن لە شوێنی کاردا کارمەندەکانیان تاتۆیان هەبێت بەتایبەت لە شوێنێکی دیاری جەستەیان.

٩ .لە ڕاپرسیەک لە نێو ئەو باوک و دایکانەی تاتۆیان کردوە، لە لەسەدا ٦٨ی ئەو دایک و باوکانەی کە بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، پێیان وابووە کە لەگەڵ گەورەبونی منداڵەکانیان و پێگەیشتنیان، پەشیمانن لە دروستکردنی تاتۆی هەمیشەیی. ئەمە پرسێکی دروستە.

١٠-هەرزەکاران نابێت بچنە ناو ئەمەوە بەو بڕوایەی کە ئەوە شتێکە کە دواتر دەتوانن پێچەوانەی بکەنەوە — چونکە ئەنجامدانی ئەم کارە بە ئازارە و گرانە و کات دەبات. لێیان بپرسە ئایا دڵنیان ئەم تاتۆیە پێویستە تا کۆتایی ژیانیان لەسەر جەستەیان بێت.

١١ -سازش مەکەن لەسەر ئەو فشارانەی منداڵ هەرزەکارەت دەیکات، بۆیە ئەگەر ناتەوێت منداڵەکەت تاتۆ بکات، پارەی بۆ مەدە و واژۆ مەکە لەسەر کاغەزەکان کە مۆڵەت بە منداڵەکەت دەدەن تاتۆیەکیان بۆ دروست بکەن، تەنانەت ئەگەر سواڵ بکەن یان هەڕەشەش بکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ دروستکردنی تاتۆیەک بەبێ ئاگاداری تۆ.

١٢- لەکاتی باسکردنی ئەوەی بۆچی تاتۆیان دەوێت، هەمیشە بژاردە هەیە بۆ ئەوەی بیریان بخەیتەوە کە پەلەکردن نییە لە بڕیاردان، و بەو پێیەی هەمیشەیی دەبێت، هیچ زیانێکی نییە چاوەڕێکردن تا کەمێک تەمەنیان گەورەتر دەبێت.

هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بـــکەن:

١- تاتۆی دەموچاو کاریگەری زۆر خراپیان هەیە لەسەر ڕوخسارت، زۆرجار شێوەی دەموچاوی و ڕوخسارتان ناشرین دەبێت.

٢-هۆشیاری دەربارەی ڕاگەیاندن، چون هەمیشە ڕاگەیاندن گەر بیەوێت شتە ناشرینەکان جوان دەکات و شتە جوانەکانیش ناشرین، زۆرجار هێندە گرنگی بە جوانی تاتۆ دەدات و بەتایبەت یاریزان و کچە مۆدێلەکان، ئەمەش واتان لێدەکات تامەزرۆبن بۆ تاتۆکردن.

٣- هەستکردن بە پەشیمانی لە داهاتوودا ئەگەر تاتۆکە ناوی خۆشەویستێکی پێشووت بێت یان ناوی یاریزانێک یان گۆرانیبێژێکی دڵخوازت بێت، یان ناوی گروپێک بێت و دوای ئەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت وازتان لەیەک هێنا تاتۆکە چی لێدەکەی؟.

٤-تاتۆکردن لایەنی نەرێنی زۆری هەیە کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت سەبارەت بە تاتۆکردن لە تەمەنی هەرزەکاریدا، دەکرێت لەبری خەیاڵکردن بە تاتۆکردن سەرقاڵبیت بە هەندێک کاری گرنگتری ژیانتەوە.

٥- لە ئاینی ئیسلامیش تاتۆکردن کارێکی نادروستەو ڕێگەپێدراو نیە، چونکە ڕێگرە لەوەی پێستت تەڕبێت و لاسایکردنەوەی گەلانیترە.

٦-زۆرجار تاتۆکاران بە باشی ئامێرەکانیان پاک نەکەنەوە، یان دەرزی تاتۆ بەکار دەهێننەوە، ئەوەش مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکی سەختت لەسەرە. هەوکردنی ڕووکاری پێست، هەوکردنی قارچکی، هەندێک جۆری هەوکردنی جگەر، ڤایرۆسی هێرسیس سیمپلێکس، HIV، ستاف، کزۆڵە و سیل.

٧-تاتۆکردن زۆر بە ئازارە. بە دڵنیاییەوە شایەنی بیرکردنەوە لەو ڕاستییەیە کە ئەمە ئازاری دەبێت، بەتایبەتی لەسەر هەندێک ناوچەی جەستەت. هەندێکجار دەکرێت تاتۆکردن ببێتە هۆی برینی خوێنبەرێک و بتکوژێت.

٨-لەوانەیە لە داهاتوودا بیرۆکەکەت بگۆڕیت، ئەمەش ئەگەری زۆر زیاترە ئەگەر هەرزەکار بیت چونکە مێشکی هەرزەکاران بە شێوەیەکی گشتی بیرکردنەوەیان درێژخایەن نیە. لە کاتێکدا بژاردەی لابردنی تاتۆ بە لەیزەرت هەیە، بەڵام ئەمەش ئازاری هەیە و لە سەدا سەد تاتۆکەت لانابات.

٩-لەبەر ئەوەی زۆربەی تاتۆکاران کەسانی پیشەیی و ڕاهێنراو نین، لەکاتی تاتۆکردن بە ئاسانی پەڵە دروست دەبێت لەسەر پێستت. ئەمە نەک هەر دەکرێت تاتۆکەت ناسەرنجڕاکێش دەربخات، هەندێکجار دەبێتە هۆی ساڵانێک هەست بە ئازار و هەستیاری بکەیت لە لە شوێنی تاتۆکەدا.

١٠-لەوانەیە جەستەی هەرزەکاران گەشە نەکات، بۆیە ئەو تاتۆانەی کە لە تەمەنێکی بچووکدا ئەنجام دەدرێن دەتوانن لە داهاتوودا درێژ ببنەوە یان جیاواز دەربکەون.

١١- بیر لەوە بکەرەوە کە ئایا لە داهاتوودا پێویستت بە داپۆشینی تاتۆکانت دەبێت یان نا. هەرچەندە لە ئێستادا زۆر مۆدێرنە، بەڵام هەمیشە بیرۆکەیەکی باش نییە کە تاتۆ لەسەر دەستەکانت یان ملت بکەیت. لەوانەیە کاتێک هەبێت کە نەتەوێت تاتۆیەکی وا دیارت هەبێت.

١٢- پێش ئەوەی تاتۆ بکەیت، بە وردی بیری لێبکەرەوە. ئەگەر دڵنیا نیت یان نیگەران نیت لەوەی پەشیمان بیت، کاتێکی زیاتری پێ بدە. ڕێگە مەدە فشار بخرێتە سەرت بۆ ئەوەی تاتۆ بکەیت.

### دەستپێکی گفتوگۆ

١- بەڕای تۆ بۆچی هەرزەکار پەنا دەبەنە بەر تاتۆ؟

٢- ئایا تا ئێستا بیرت لە تاتۆکردن کردوەتەوە؟

٣- ئایا زیانەکانی تاتۆکردن دەزانیت؟

## دوانزەیەم:- لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیل:



هەرزەکار دەڵێت: ناتوانم چاوەڕێ بکەم تا مۆڵەتەکەم وەربگرم تا بتوانم بە ئۆتۆمبێل بچمە بۆ قوتابخانە و بچمە سەرکارەکەم. لە زۆربەی وڵاتان وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری شتێکە کە زۆرێک لە هەرزەکاران هەوڵی بۆ دەدەن، هەرچەندە هەندێکیان پێش مۆڵەتی شۆفێری دەست بە شۆفێریکردن دەکەن. مۆڵەتی شۆفێری وەرگرتنی کار لە چالاکییەکانی دوای خوێندن بۆ هەرزەکاران و خێزانەکانیان ئاسانتر دەکات. لە زۆربەی وڵاتاندا، هەرزەکاران دەبێت لە پێش ئەوەی مۆڵەت وەربگرن پێویستە بەشداری لە خولی فێربونی شۆفێری بکەن (ئەم قۆناغانە بریتین لە کۆبوونەوەی پەروەردەی شۆفێر و چەندین کاتژمێر لە لێخوڕینی پراکتیکی، ئەمەش کات دەدات بە هەرزەکاران بۆ فێربوونی شۆفێری بە سەلامەتی) پاشان تاقیکردنەوەی زارەکی ئەنجامبدەن. ئەوکات تاقیکردنەوەی پڕاکتیکیش ئەنجام دەدرێت و دوای دەرچون لەم تاقیکردنەوەیە مۆڵەت بە هەرزەکار دەدرێت شۆفێری بکات.

### دایبابن پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بـــکەن:

١-ئارام بە لەکاتێکدا هەرزەکارەکەت فێری شۆفێری دەبێت. هاندەربە و بەشداربە لە فێربوونی، چۆنیەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل کات و ئەزموونی دەوێت.

٢-یارمەتی هەرزەکارەکانتان بدەن بۆ هەڵبژاردنی سەلامەتی بە دانانی نموونەیەکی باش و پابەندبوون بە یاساکانی شۆفێریەوە.

٣-با هەرزەکارەت بزانێت کە هەرکات هەستیان بە ناڕەحەتی کرد لە شۆفێری یان لەناو ئۆتۆمبێلی کەسێکی تردا دەتوانن پەیوەندیت پێوە بکەن بۆ یارمەتی.

٤-چاودێری ڕەفتاری هەرزەکارەکەت بکە لە پشت سوکانەوە، تەنانەت دوای وەرگرتنی مۆڵەتیش. بیر لە دانانی ئامێری چاودێری بکەرەوە، بۆ ئەوەی ئاگاداربیت چۆن شۆفێری دەکات.

٥-دڵنیابە بیمەی ئۆتۆمبێلت هەیە و منداڵە هەرزەکارەکەت زیاد بکە بۆ بیمەکەت، تەنانەت کاتێک دەست دەکات بە فێربوونی شۆفێری.

٦-زۆرێک لە وڵاتان یاسای قەدەغەی هاتووچۆیان هەیە، واتە نابێت شۆفێرانی هەرزەکار لە کاتێکی دیاریکراودا لەسەر ڕێگا بن (بۆ نموونە لە نێوان کاتژمێر ١١:٣٠ی پاشنیوەڕۆ تا ٦:٠٠ی بەیانی).

ئەستەمە زاناکان بتوانن بە وردیی یاخود بە نزیککراوەیی بە ڕێژەی سەدیی کەسانی هاوڕەگەزخواز دیاری بکەن. باوترین ئەو دەستەواژانەی کە بۆ کەسانی هاوەڕەگەزخواز بەکاردەهێنرێن (لێزبان و گەین)ـە، بەڵام دەستەواژەی گەی بەربڵاوترە بۆ هەردوو مێ و مێ، نێر و نێر بەکاردێت.

هاوەڕەگەزخواز چی ناگرێتەوە:

١- تێکچونە سێکسییە ئەندامیەکان: ئەو تێکچونانەی لە سکی دایکدا ڕوودەدەن و منداڵ کە لە دایک دەبێت تێکچونەکەی هەیە، کە پێیان دەگوترێت ڕەگەزی سێیەم (نێرەمووک).

٢- نارێکی ڕەگەزی: یەکێکە لە نەخۆشیە دەروونیەکان، ئەم گرفتە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کێشەیان لە ناسنامەی ڕەگەزیدا هەیە، بە زۆری نارەزایی خۆیان لە سێکسی بایلۆجی دەردەبڕن، وەک خواستێک بۆ

ئەوەی جەستەی سێکسی بەرامبەریان هەبێت. (ئەم جۆرە کەسانە ئارەزوو دەکەن کە هەموو شتێکیان ببێتە ڕەگەزی بەرامبەر نەک تەنها لایەنی تێرکردن و ڕەفتار و ئاڕاستەی سێکسیان گۆڕابێت).

## دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:

١- هەڵوێستی ڕۆژئاوایی زاڵ ئەوەیە هاوەڕەگەزخوازی دیاردەیەکی سروشتیە، مافێکە لە مافەکانی مرۆڤ، ئەوەی بەرەنگاری ببێتەوە، ئەوە بێگومان توشی حاڵەتی تۆقین لە هاوەڕەگەزخوازی بوەتەوە، ئەوەی دژایەتی بکات بە تاوەنبار لە قەڵەم دەدریت و ڕوبەڕووی یاسا دەکرێتەوە.

٢- کرداری هاوەڕەگەزخوازی بە درێژایی مێژوو هەبووە، بەڵام لە کۆمەڵگەکانی پێشوو بە کارێکی قێزەون دانراوە، بەڵام لە ئێستا زۆربەی دەسەڵاتدانی ڕۆژئاوا بە زەبری یاسا دەیانەوێت بیکەن بە کارێکی پەسەند و ئاسایی و یاسایی.

٣- لە هەندیک لە وڵاتانی جیهان هاوەرەگەزخوازان مافی هاوسەرگیری و بەخێوکردنی منداڵیان پێدراوە.

٤- لە ڕووی بایلۆجیەوە مرۆڤ لە دوو ڕەگەز پێکهاتوە و سێیەمیانی نیە یان نێر یان مێ. هاورەگەزخوازی دژی فترەتی پەیوەندی نێوان ژن و مێردە.

٥- ئەو دایک و باوکانەی کە جیا دەبنەوە، پێویستە بەو گریمانە دەست پێبکەن کە منداڵەکان دەچێت بۆلای ئەو کەسانەی کە وەک دایبابیان خۆشیان دەوێن، بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئایا ئەم کەسانە بە باشی پەروەردەیان دەکەن یان ئازاریان دەدەن و دەستدرێژیان دەکەنە سەر، لەبەر ئەوە پێویستە هەموو دایبابێک پاش جیابونەوەیان یان بە یەکەوە یان یەکێکیان منداڵەکانیان لە ئەستۆ بگرن، گەر لە ئەستۆشیان نەگرتن بەردەوام پەیوەندیان پێوە بکەن و بەردەوام بن لە پاڵپشتی دارایی بۆ منداڵەکانیان.

٦- ئەو منداڵە (کچانەی) بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوبەڕووی توندتیژی و ترسان دەبنەوە، لە ڕێگەی نزیکبونەوە لە هاوڕەگەزی خۆیانەوە پێداویستی سۆز و خۆشەویستی ناخیان پردەکەنەوە، بەریەککەوتنی جەستەی لە نێوان کچان کە لە ئەنجامی پێکەوەمانەوە و خەوتنیان لەسەر یەک جێگەی نوستن سەرهەڵدەدات، لەبەر ئەوە پێویستە هەر لە سەردەمی منالیەوە نەهێڵین دو کچ پێکەوە لەژێر یەک جێگە بخەون.

٧- ئەو منداڵە (کوڕەی) هەستی هاوەڕەگەزخوازی تێدا چەکەرە دەکات لەگەڵ گۆڕانی پێکهاتە ڕۆحیەکەی پێکهاتەی جەستەشی دەگۆڕێت، لە قۆناغی هەرزەکاریدا دەست و قۆڵیان هاوشێوەی کچان دەجوڵێنەوە، لە ڕۆشتندا بەلەنجەولار دەڕۆن، جوڵەی لێویان زیاتر دەبێت. وە بایەخ دەدەن بەکەرەستەی میکیاژ و برۆیان باریک دەکەنەوە و مووی لەشیان لادەبەن. لەگەڵ زیاتر گەورەبونیان بانگەشەی مێینە بوون بۆ خۆیان دەکەن. هۆکار گەلێک زۆرن کە هەرزەکاری کوڕ مەیلی هاوەڕەگەزخوازیان هەیە لەوانە بە منداڵی دەستدرێژی سێکسیان کرابێتەسەر یان سەیری گرتەی سێکسی هاوەڕەگەزخوازان زۆر دەکەن یان هاوڕێیەتی کەسانێک دەکەن کە هەمان مەیلیان هەیە، وەهەندێک کاتیش ئەو کوڕە بە منداڵی هەر لەناو کچاندا گەورە بووە.

٨- مەرجی گەورە بۆ دورکەوتنەی هەرزەکارەکەت لە مەیلی هاوەڕەگەزخوازی بریتیە لە دوورخستنەوەی لەو فاکتەرانەی سەرەوە کە باسمان کرد، وە جێگۆڕکی و گۆڕینی ژینگەکەشی کارێکی پێویستە، ئەگەر هیچ کام لەمانە سودی نەبوو ئەوکات چێویستە بیبەیتە لای پزیشکی دەروونی یان پسپۆڕی دەرونی بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتانە.

٩- به پێی ڕاپرسی ئەو کەسانەی هاوەڕەگەزخوازن یان مەیلی هاەڕەگەزخوازیان هەیە بیری خۆکوشتن و هەوڵی خۆکوشتنیان سێ هێندە زیاترە لەوانەی هاوەڕەگەزخواز نین.

١٠-هەندێک لە دایبابان پێیان خۆشە کچەکانیان کوڕانی بن، بەو ئومێدەی لە کوڕان پارێزراوبن و بەهرەو ناوەزەکانیان بەدەربخەن، تۆخکردنەوەی لایەنی کوڕانیی کچان بەهەر هۆیەک بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی هەستەکانیان وەکو هەستی کوڕانی لێبێت، کاریگەری ئەمەش لە داهاتوودا دەردەکەوێت کە حەزناکەن سروشتی خانمانیان تێدا دەربکەوێت.

١١-توێژینەوەیەکی زانستی پرۆفیسۆر (ڕۆبێرت سپیتزەرە) لەبارەی چارەسەری مەیلی هاوڕەگەزخوازی تێیدا ئەوەی سەلماندووە دەکرێت هاوڕەگەزخوازان لە حەزی هاوڕەگەزخوازی قوتاریان بێت بە چارەسەری دەرونی بەبێ ئەوەی دەرزی و دەرمان وەربگرن.

١٢-دایباب لە بەرامبەر خودای خۆیان لێپرسراون بەرامبەر پەروەردەکردنێکی جوانی منداڵەکانیان، لە ڕێگای بەخشینی سۆز و ئەوین و خۆشەویستی بێمەرج، مامەڵەکردن لەگەڵیان بە شێوازێکی دادپەروەرانە، پەروەردەکردنیان لەسەر بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام. لە توێژینەوەیکدا جەخت لەسەر ڕۆڵی باوک لە بەرهەمهێنانی و دیاریکردنی ناسنامەی سێکسیدا کراوە و دەرکەوتووە، ٨٤%ی هاوڕەگەزخوازە نێرینەکان دانیان بەو ڕاستیەدا ناوە، لە تەمەنی منداڵیدا باوکیان گوێی بە پەروەردەکردنیان نەداوە و لە ئاستیاندا بێباک و کەمتەرخەم و بێدەربەست بووە.

## هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:

١-شوناسی ئاینی هێڵێکی جیاکەرەوەی دیاری لە نێوان هەردوو ڕەگەز کێشاوە، هەر یەکەیان خاوەن سیما و سروشت و تایبەتمەندی جیاوازی خۆیانن، کوڕ هەر لە منداڵیەوە خۆی لە نێو پیاواندا دەبینێتەوەو جلوبەرگی کوڕانە دەپۆشێت وتێکەڵ بە ڕەگەزی خۆی دەبێت. هەرچی کچیشە هەر لە منداڵیەوە پتر لە دایکیەوە نزیکە و جلی کچانەی پۆشیوە و تێکەڵ بە کۆمەڵگەی ژنانە، بە ماناکانی ناسکی و جوانی، و شۆخ و شەنگی، تەواوی هەستە پڕ لە واتاکانی مێینەبونەوە پەیوەستە. گرنگە بایەخ بە تایبەتمەندیەکانی ڕەگەزی خۆت بدەیت.

٢-زانستی دەرونپزیشکی هاوچەرخ حاڵەتی وروژاندنی سێکسی بەهۆی لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕەگەزی پێچەوانە ناو دەنێت (دزەکردنی مەیلی پێچەوانە) لە ڕێگای لەبەرکردنی پۆشاکی ڕەگەزی بەرامبەرەوە. پێویستە هەرگیز پۆشاک ڕەگەزی بەرامبەر لەبەر نەکەیت، دوربکەونەوە لەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی تایبەتن بە ڕەگەزی بەرامبەر.

٣-توێژینەوەکان دەریانخستوە کە زۆرجار هاوڕەگەزخوازەکان، لە منداڵیدا هاوڕێی هاوڕەگەزی خۆیان کەمبووە، یان لە لایەن گروپی ڕەگەزی خۆیانەوە ڕەتکراوەنەتەوە، گەر هەر کات هەر گروپێکی ڕەگەزی خۆت ڕەتیکردیتەوە ئەوا هەوڵبدە لەگەڵ کۆمەڵێکیتر ڕەگەزی خۆت پەیوەندی ببەستی.

٤-هەندێک لە ڕاگەیاندنەکان کاریگەری نەرێنیان هەیە و هەوڵدەدەن وەک کارێکی ئاسایی باسی هاوەڕەگەزخوازی بکەن، هەوڵبدە دوربکەویتەوە لەسەیرکردنی ئەمجۆرە ڕاگەیاندنانە، هەروەها لە سەیری گرتە ڤیدیۆی سێکسی بەتایبەت ئەوانەی پەیامی هاوڕەگەزخوازیان لە خۆیاندا هەڵگرتوە.

٥-بە هیچ جۆرێک هاوڕێیەتی کەسانی هاوەڕەگەزخواز مەکە بە تایبەت لە ناوەندەکانی خوێندن و بەشداری چالاکیەکانان مەکە و دوربکەوەرەو لە پاڵپشتیکردنیان.

٦-هۆشیاری تەواو وەرگرە لە سەر هاوەڕەگەزخوازان، هەوڵبد ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی وروژاندنی سێکسی لێیان بەدووربە چون زۆرجار دەبنە هۆی پاڵنەر بۆ ئەوەی بەلاڕێدا بتبەن.

٧-زۆرجار لەگەڵ ڕەگەزی خۆت بەیەکەوە گەشت دەکەن و هاتوچۆی ماڵی یەکتر دەکەن، لە ژێر یەک جێگای نوستن دەخەون هەستی خۆتان بۆ یەکتر دەردەبڕن، ئەمەش هەندێکجار سەری لە لادانی سێکسیەوە دەردەچێت ئارەزوی سێکسیتان بەرەو یەک دڕوات، هەوڵبدە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ هیچ کەسێک لە ژێر یەک جێگای نوستن نەخەون ڕەگەزی خۆت بێت یان ڕەگەزی بەرامبەر.

٨-ئەوانەی ڕەگەزی خۆیانگۆڕیوە، بەتایبەت ئەوانەی کوڕن خۆیان کردوە بە کچ هەندێکیان تاوانبارن بەوەی کە لە شوێنە گشتیەکانی وەک تەوالێت و حەمام دەستدرێژی سێکسیان کردوەتە سەر منداڵان، توندوتیژیان بەرامبەر کردون. لە ڕاستیدا پاراستنی یاسایی لە زۆرێک لە ویلایەتەکاندا بەردەست نییە بۆ ئەمجۆرە دەستدرێژیانە گرنگ ئەوەیە کە هەوڵبدەیت خۆت بە دوور بگریت نەبیتە بەرکەوتەی ئەم جۆرە دەستدرێژیانە.

٩-چارەسەری لادانی سێکسی ئاسان نیە بە تایبەت ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە گیرۆدەی ئەم لادانە بوون، هەوڵبدە لەسەرتای دەرکەوتنی هەستی سێکسیت بۆ ڕەگەزی بەرامبەر تیادا دەرکەوت پەیوەندی بە دایبابت بکەیت گەر ئەوان نەیانتوانی گرفتەکەت چارەسەر بکەن داوای یارمەتی لە کەسانی پسپۆڕ بکە یان هەوڵبدە پەیوەندی بە پزیشکێکی دەروونی باوەڕپێکراو بکەیت.

دەستپێکی گفتوگۆ:

١- هاوەڕگەزخوازی چیە؟
٢- بۆچی گەنجان زیاتر توشی لادانی سێکسی دەبن؟
٣- لە قوتابخانە وانەی هاوەڕەگەزبازی دەخوێنن؟
٤- ئایا ئەوانەی هاوەڕەگەزخوازن دەتوانن منداڵ دروستبکەن؟

## هەژدەیەم:- خۆپەرەستی و چاوچنۆکی:



بەم چیرۆکە دەستپێدەکەین:

کوشتنی ئەو قازەی هێلکەی ئاڵتونی دەکرد: دەگێرنەوە کابرایەک قازێکی هەبوو، هەموو رۆژێک هێلکەی ئاڵتوونی دەکرد، پاش ماوەیەک کابرا بیری کردەوە، باشتر وایە ورگی قازەکە هەڵدرێت و هەرچی هێلکەی تێدایە دەری بهێنێت، نەک چاوەروانی بکات رۆژانە یەک هێلکەی بۆ بکات، ئەم ئەفسانەیە دەربارەی چاوچنۆکیە.

خۆپەرستی بریتییە لە گرنگیدان بە تەنها پێویستیەکانت بەبێ ئەوەی بیر لە کەسانی تر بکەیتەوە. زۆرجار بە خەمی زیادەرۆیی لە بەرژەوەندی و پێداویستی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ بەبێ رەچاوکردنی کەسانی دیکە تایبەتمەند دەکرێت.

وڵاتانی سەرمایەداری بە گشتی کار لەسەر بیری تاکگەرایی (ئەو کەسەی بڕوای بە ئازادی تاک هەیە، بەرژەوەندی تاک بەسەر کۆمەڵگەدا هەڵدەبژێرێت) توند دەکەن، ئەمەش بوەتە هۆی دروستبوونی ململانێ لە نێو هەموو تاکەکانی نێو کۆمەڵگە، هەموو مرۆڤێک کار لەسەر ئەوە دەکات چۆن بەتەنها هەموو دەستکەوتەکان بۆ خۆی بێت و کەسیتر هاوبەش پێنەکات. تێرنەخواردنی مرۆڤەکان، پرنەبونی گیرفان و حەزی کۆکردنەوەی پارە، دەرکەوتنی حەزی شێتانەی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ لایەنی مادی و فەرامۆشکردنی لایەنەکانی دیکەی ژیان وەک خۆشەویستی، وەفا، هاوکاری، رێزگرتن، دڵنەوایی، وە پێی هەندێک ئەفسانە پێیان وایە دایباب مافی ئەوەی نیە بەهاکان لە ناخی منداڵەکانیان بچێنن، ئەمەش منداڵێکی هەڵپەکاری هەلپەرەستی چاوچنۆک دروست دەکات. خۆپەرەستی بە شێوەیەک مرۆڤی بارگاویکردوە، بۆ چرکەیەکیش بواریان نادات لە ماهێتی ئەم ژیانە تێبگەن، بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن بەدەتیەوە دەناڵێنن و هەمیشە پێیەوە ماندوون.

هۆکاری چاوچنۆکی: خودپەسەندی، ترس لە بێبەشی، بێبەشکردن و مەحرومیەتی توند، هەبوونی پێشەنگی خراپ و چاوچنۆک، هەبوونی هەستی بۆشایی دەروونی.

چارەسەر چاوچنۆکی: بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی هەرزەکار، فێرکردنی هەرزەکارەکەت لەسەر چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەی داخوازییەکان، هاندانی هەرزەکارەکەت لەسەر بەهای بەخشین و مەردایەتی و چاکەکاری، بەرجەستەکردنی نمونەی پێشەنگ کە دوربین لە خۆپەرەستی و چاوچنۆکی. خۆپاراستن لە زیادەڕەویکردن ڕەزیلیکردن، زیادەڕویکردن خۆپاراستن لە ناکۆکی خێزانی، خۆپاراستن لە سزادان و سەرکۆنەردن

## دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:

١-کێشەی گەورەی خێزانی ئێستا بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، زاڵبونی منگەراییە بەسەر ئێمەگەرایدا، ئەقڵگەرایی بەسەر ئەخلاقگەرایدا زاڵبووە، بە گشتی بەرژەوەندی تاک بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا زاڵبووە. هەموو ئەمانە کاریگەری زیانبەخشیان لەسەر کۆمەڵگە داناوە، وەک بڵاوبونەوەی کاری خراپە، لەباربردنی منداڵ، خێزانە تاقانە دایبابەکان، دورکەوتنەوە لە تێچوی سەرپەرەشتیکردنی منداڵ لەلایەن باوکانەوە، وازهێنانی دایباب لە پەروەردەکردنی منداڵ بەهۆی پەیداکردنی بژێوی، زۆربونی دیاردەی دزی و کوشتن.

٢-تاکگەرایی پایەیەکی گرنگی عەلمانیزمی ڕۆژئاوایە و زاڵە بەسە زۆرێک لەو پەیوەندیانەی کە لەنێوان مرۆڤەکاندا لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا هەن، تاکگەرایی مەرجی ئەوەیە کە هەمو مرۆڤەکان بەرژەوەندی کەسی خۆیان لە پێش هەمو شتێکەوە دابنێن، ئەمەش عەقڵێتێکی خۆپەرەستانە لە مرۆڤەکاندا دروستدەکات، هانی خەڵکی دەدات تەنها بیریان لای پێداویستیەکانی خۆیان بێت ئەوانیتر فەرامۆش بکەن.

٣-خۆپەرەستی وا لە مرۆڤەکان دەکات کە بەرپرسیارێتی وەک بارگرانیەک و بەربەستێک بەرەو بەدیهێنانی پاڵنەرە خۆپەرەستەکانیان سەیر بکەن، هەر لەبەر ئەوەیە لەکاتە باو ئاساییەکەدا مرۆڤەکان بە زۆری لە ڕۆژئاوا و بەتایبەت لە کایەی کۆمەڵایەتدا کە دەچنە ناو پەیوەندیەوە زوو دەردەچن و بۆ ئەوەی هیچ بەرپرسیاریەک هەڵنەگرن.

٤-مرۆڤایەتی بەبێ کانیاوی بەخشندەی و لێبوردەیی ناتوانێت پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەڕێوەبەرێت، ژیانێکی خۆش بەڕێوەبەرێت. زۆر گرنگە لەگەڵ هەرزەکارەکەت بەشداری دەیان چالاکی خۆبەخشی، فێربکرێت بەچاوی گیانی هاوکاریەوە سەیری ئەوانیتر بکات.

٥- مەرج نیە چاکە بە چاکە وەڵامبدەیتەوە، بەڵکو دەتوانین چاکە بە چەندین چاکە وەڵامبدەیتەوە. ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی ببیتە پێشەنگ بۆ هەرزەکارەکەت.

٦-ئاشکرایە جاران خەڵک بە گشتی ژیانێکی زۆر سادە و خاکییان بەسەر دەبرد، بەڵام لەگەل بڵاوبونەوەی تەکنەلۆژیا و نیشاندانی پارە و ماڵ و ئۆتۆمبیل خۆشگوزەرانی وای لە هەمووان کرد کە تەنها ڕاکەڕاکیان بێت بەدوای بەدەستهێنانی پارەی زیاتر بۆ ئەوەی بگەن بەوانیتر، منداڵیش ئەم دیمەنانە دەبینێت لەسەر ئەم شێوازە پەروەردە دەبێت.

هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:

١-هەر خزمەتێک بە مرۆڤایەتی بکەین لەلای خودای گەورە پاداشت دەدرێتەوە، هۆکارێکە بۆ دڵخۆشکردنی مرۆڤەکانیتر.

٢-ئەوەی بۆ خۆمان پێمان خۆشە بۆ خەڵکیش پێمان خۆشبێت، چۆن پێمانخۆشە لەکاتی نەبونی و تەنگانە خەڵکانیتر یارمەتیمان بدەن پێویستە ئێمەش یارمەتی ئەوانیتر بدەین لە کاتێکدا پێویستیان بە هاوکاری ئێمەیە.

٣-تەنها خەمی خۆمان و خەمی تێرکردنی ئارەزووەکانمان نەبین، هەست بە ئازارییەکتر و خەمییەکتر بخۆین. سەرئەنجامی مرۆڤایەتی بەیەکەوە گرێدراوە.

٤- فێربوونی وازهێنان لە خۆپەرستی دەتوانێت یارمەتیت بدات زیاتر سەرنجت لەسەر ئەو کەسانە بێت کە بۆت گرنگن. هەروەها دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ چنینەوەی پاداشتی دەروونی نیشاندانی گرنگیدان و خەمخۆری بۆ کەسانیتر، لە کۆتاییدا پەیوەندییەکانتان باشتر دەکات، دڵنیابن لەوەی کە پێداویستییەکانتان دابین دەکرێن.

٥- گرنگی بە کەسانی تر بدە، گرنگیدان بە کەسانیتر و گوێگرتن لە قسەکانیان گرنگە ئەگەر بتەوێت واز لە خۆپەرستی بهێنیت. گوێگرتنی چالاک کارامەیییەکە کە دەتوانێت یارمەتیت بدات سەرنجت لەسەر کەسانیتر بێت، یارمەتیان بدات هەست بە بەها بکەن و سەرنجت لەسەر خۆت لاببەیت.

٦- هاوسۆزبە: هاوسۆزی ئەوەیە کە ڕێگەت پێدەدات شتەکان لە ڕوانگەی کەسانی دیکەوە لەبەرچاو بگرێت و سەرنجت لەسەر شتەکانی دەرەوەی پێداویستییەکانی خۆت بێت. پەرەپێدانی توانا هاوسۆزیەکانت ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ وازهێنان لە خۆپەرستی. ئەو ستراتیژیانەی کە دەتوانن یارمەتیت بدەن لە بنیاتنانی هاوسۆزی: بەشداریکردنە لە چالاکییە نوێیەکان کە یارمەتیدەرن بۆ فراوانکردنی بازنەی کۆمەڵایەتیت و ناسینی کەسانی چینە جیاوازەکانی ژیان، توێژینەوەکان دەریانخستووە کە کەسانی هاوسۆزی زیاتر بەشداری لە ڕەفتاری لایەنگری کۆمەڵایەتیدا دەکەن. بە واتایەکی تر کەمتر خۆپەرستن.

٧- خۆپەرست بوون دەکرێت ئازاری کەسانیتر بدات، بەڵام زیان بە خۆتیش بگەیەنێت. خۆپەرەستی ڕێگەت پێنادات وەک مرۆڤێک خاوەن هەست گەشە بکەیت. هەروەها دەتوانێت لە پەیوەندییە تەندروستەکان بێبەشت بکات کە باشبوونی سۆزداری بەرەوپێش دەبات. ئەگەر دەتەوێت واز لەخۆپەرستی بهێنیت، هەندێک لەسوودەکانی خۆنەویستبوون لەبەرچاو بگرە و دەستبکە بە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە کەسانی دیکە.

٨- سوپاسگوزاری نیشانبدە: سوپاسگوزاری بریتییە لە قەدرزانینی شتە باشەکانی ژیانت. پراکتیزەکردنی سوپاسگوزاری دەتوانێت خۆسەنتەری کەمبکاتەوە بە یارمەتیدانت بۆ ئەوەی سەرنجت لەسەر ئەو شتانە بێت کە خۆشتدەوێت و ڕێزی لێدەگریت لە کەسانیتردا.

٩-کێشەکە ئەوەیە ئەگەر هەمیشە بەرژەوەندییەکانی خۆتان بخەنە سەرووی هەموو شتێکەوە، ئەوە کاریگەرییەکی جددی لەسەر پەیوەندییەکانتان دەبێت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی ئەو بەخشین و وەرگرتنەی یەکتر کە زۆر پێویستە بۆ باشترکردنی پەیوەندیی نێوان کەسەکان.

١٠-گرنگیدان بە کەسی بەرامبەر نیشانبدە بە پاراستنی چاوپێکەوتنێکی باش و پرسیاری کراوە بۆ ئەوەی گفتوگۆکە بەردەوام بێت. لەگەڵ پراکتیزەکردنی ئەم کارامەییەدا، ڕەنگە خۆت زیاتر حەزت لەوە بێت کە کەسانی دیکە بیری لێدەکەنەوە و هەستیان پێدەکات.

١١-بەختەوەری زیاتر: لە کاتێکدا زۆر گرنگە گرنگی بە خۆت بدەیت، بەڵام وەرچەرخانی سەرنجت بۆ دەرەوە و تەرکیزکردن لەسەر کەسانی تر دەتوانێت یارمەتیت بدات هەست بە دڵخۆشی و زیاتر ڕازیبوون بکەیت.

١٢-پەیوەندی باشتر: خۆپەرەستی پەیوەندی نێوان کەسەکان تێکدەدات. ئەگەر هەرگیز هاوکاری پێشکەش بەوکەسانەی دەوروبەت نەکەیت ئەوا لە کۆتاییدا پەیوەندییەکی یەکلایەنەیان دەبێت. ئەمەش دەبێە هۆی ئەوەی خەڵک بەرکەوتنیان لەگەڵت کەم بکەنەوە یان تەنانەت پەیوەندییان لەگەڵت بە تەواوی کۆتایی پێبهێنن.

١٣-کاری خۆبەخشی ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی سەرنجت بەرەو دەرەوە بگەڕێنیتەوە. لە کاتێکدا کە یارمەتیدانی دۆزی باش بە دڵنیاییەوە ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ یارمەتیدان بۆ ئەوەی جیهان ببێتە شوێنێکی باشتر، بەڵگەکان ئەوەش پیشان دەدەن کە خۆبەخشەکان دەستکەوتی باشتر بەدەست دەهێنن.

١٤-کەمکردنەوەی تەنیایی و زیادکردنی پشتیوانی کۆمەڵایەتی، باشترکردنی خۆڕاگری بەرامبەر بە فشارەکان، یارمەتیت دەدات هاوڕێیەتی نوێ دروست بکەیت، ئەمەش هاوکارت دەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی هەستەکانی خەمۆکی، بەختەوەری زیاد بکە.

١٥-جینات: سیفەتی کەسایەتی لە ژێر کاریگەری جیناتدایە، بۆیە هەبوونی ئەندامانی خێزان کە کەسایەتییەکی نەرگسی زیاتریان هەیە، ڕەنگە مرۆڤەکان زیاتر ئەم تایبەتمەندییە پیشان بدەن.

دەستپێکی گفتوگۆ:

١- ئایا خۆپەرستبوون نەخۆشییەکی دەروونییە؟
٢- ئایا هەرگیز خۆپەرست بوون باشە؟
٣- نیشانەکانی مرۆڤی خۆپەرست چین؟
٤- هاوسۆزی چییە؟
٥- ئایا خۆبەخشی دڵخۆشترمان دەکات، یان کەسانی دڵخۆشتر ئەگەری زیاترە خۆبەخشانە کار بکەن؟

## نۆزدەیەم:- مانەوەی هەرزەكار لەدەرەوە بەدرێژای شەو:



هەرزەكار كاتێک دەگەنە تەمەنێكی دیاریكراو بەتایبەت لەم سەردەمەدا وادەزانن كە گەورەبوون، پێویستە ئازادی تەواویان پێبدرێت و بە هیچ جۆرێک لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەكرێت، زۆجار ئەم ئازادیە بەهەڵە بەكاردەهێن توشی كێشەوگرفت دەبن.

یەكێكە لەو گرفتانە مانەوەیانە لەدەرەوە بەدرێژای شەو، خەوتن بەدرێژای ڕۆژ. بۆ كات بەسەربردن و مانەوەیان تا درەنگانێكی شەو لەدەرەوەی ماڵ دەمێننەوە، ئیتر مانەوەكەیان لە كافتریا و ڕێستۆرانتە یان لەسەر شەقام و جادەوبانەكان یان ڕۆشتن بۆ ماڵی هاوڕێكانی بێت.

### دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــكەن:

١- زۆر گرنگە یاسای خێزانت هەبێت كە خزمەت بە هەموو خێزانەكە بكات. بیر لەو مەبەستە بكەرەوە كە لە پشت دەرئەنجامەكەیەوەیە. هیچ خێزانێک بەبێ یاساوڕێسا بە باشی بەڕێوەناچێت. دكتۆر لۆرا ئێس كاستنەر، نووسەری كتێبی گەیشتن بە ئارامبوونەوە، دەڵێت: پێویستە دایباب یاساكانی ماڵ دابنێن، و بە توندی جێبەجێیان بكەن، ئەگەر پێویست بوو سزای ئەوانە بدەن پابەندنابن.

٢-دووبارە سنوورەكان پێناسە بكەرەوە بۆ ئەوەی هەرزەكارەكەت بە دزییەوە نەچێتە دەرەوە، گرنگە هەرزەكارەكەت بزانێت سنوورەكان لە ماڵەوە چۆنن. ئایا هەرزەكار بە تەواوی دەزانن كەی دەبێ لە ماڵەوەبن؟ بۆ نموونە ئەگەر هەرزەكارەكەت سنورەكان نەزانێت شەوانە بەدزییەوە دەچێتە دەرەوە، لەوانەیە وادابنێیت كە ئەمە ڕێگەپێدراوە.

٣-دانانی قەدەغەی هاتووچۆ بۆ هەرزەکارێک یەکێکە لەو کارانەی کەدەبێت هەر لەسەرەتاوە بەوریاییەوە ئەنجام بدرێت و بەتەواوی جێبەجێ بکرێت. بەهیچ جۆرێک مۆڵەت بە منداڵەکەت مەدە شەوانە بچێتە دەرەوە مەگەر بۆنەیەکی کۆمەلایەتی گرنگ هەبێت، بەهیچ جۆرێک مۆڵەتی مەدە شەوانە لە ماڵی هاوڕێکانی بمێنێتەوە.

٤-هاندەرێک بۆ منداڵەکەت دروست بکە تا لەکاتی خۆیدا بگاتە ماڵەوە. بۆ نموونە پێیان بڵێن ئەگەر هەموو ڕۆژێک لە کاتی خۆیدا بگەنە ماڵەوە بۆ ماوەی دوو هەفتە، ئەوا قەدەغەی هاتووچۆیان بۆ شەوی هەینی ٣٠ خولەک درێژتر دەکەیتەوە. پاداشتکردنی ڕەفتاری باش دەتوانێت ڕێگەیەکی دوور ببڕێت بۆ ئەوەی هەرزەکارەکەت پاڵنەرێکی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی یاساکان.

٥-ئەگەر هەرزەکارەکەت زیاتر لە کاتژمێرێک درەنگتر لەکاتی خۆی گەڕایەوە ماڵەوە، یان چەند جارێک قەدەغەی هاتووچۆی شکاند، ڕەنگە سنووردارکردنی زیاتر پێویست بێت بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات لە هەڵەکانیانەوە فێربن.

٦- سەلامەتی دەستبەجێ: کاتێک هەرزەکارەکەت شەوانە بە دزییەوە دەچێتە دەرەو کاتێکی دەوێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی متمانەپێکراوی و ڕێزگرتنی یەکتر بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کە هەرزەکارەکەت ڕێز لە سنوورەکانت دەگرێت و جارێکیتر دوبارەی ناکاتەوە. (متمانە و ڕێزگرتن لە یەکتر و پەیوەندی کراوە ڕێگەیەکی باشدەبێت لە ڕێگریکردن لە دەرچوونی هەرزەکارەکەت و بەشێکی سەرەکییە لە پەیوەندییەکی تەندروست لە نێوان دایک و باوک و منداڵدا. بەبێ متمانە منداڵەکەت ڕێز لەو سنوور و ڕێسایانە ناگرێت کە تۆ دایدەنێیت. یان بە ئاشکرا یان بە نهێنی سنوورەکان پێشێل دەکەن.

٧- هەستت بەوەکرد ناتوانی کۆنترۆڵی هەرزەکارەکەت بکەیت و دەسەلاتت بەسەریدا ناشکێت، پێویستە بیر لەداوای یارمەتی لەکەسانی پسپۆڕ بکەیتەوە. مەترسە ئەگەر پشتگیری لەخزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییەکانەوە پێشکەشت بکرێت. توێژەرانی کۆمەلایەتی و کارمەندانی پەروەردەکردنی منداڵ شارەزان لە پاراستنی هەرزەکارانی لاواز. ئەوان دەیانەوێت هاوکاری بکەن. لەوانەیە بتوانن ڕێنمایی و پشتگیری لەپەروەردەکردنی منداڵ بکەن.

٨- مەترسە لەدانانی سنوورێکی زۆرپتەو ئەگەر گەشەی سۆزداری منداڵەکەت دواکەوت و نەتوانێت خۆی بەسەلامەتی بپارێزێت. هەر لەمنداڵیەوە هەوڵبدە ڕێگری بکەیت لەچونە دەرەوەی شەوانەی.

٩-بە هیچ جۆرێک جیاوازی مەکە لەنێوان کوڕ و کچ، کاتێک مۆڵەت بە کوڕەکەت دەدەیت، کچەکەش پێدەچێت بڕوبیانوت لێگرێت بۆ چوونە دەرەوە، لەبەرئەوە هەر لەسەرەتاوە مۆڵەت مەدە کوڕەکەشت شەوانە لەدەرەوە بمێنێتەوە.

١٠- ئەگەر شەوانە هەرزەکارەکەت بەدزییەوە ڕۆشتە دەرەوە و نازانیت لەکوێن، پەیوەندی پێوەدەکەیت و وەلامناداتەوە، مەترسە پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکە. ئەمە دۆخێکی جدییە نەوەک توشی کارەساتێک بوبێتەوە، پۆلیس هەمیشە هاوسۆزی و یارمەتیدەرە. یەکێک لە بەربلاوترین کێشەکانی دایباب لەگە هەرزەکارەکانیان نەمانی یان لاوازبونی کۆنترۆڵ و دەسەلاتیانە بەسەر هەرزەکارەکانیاندا.

١١-دانانی قەدەغەی هاتووچۆ بەگشتی لەدوای کاتژمێر ٨ی شەو ڕێگە بە هەرزەکارەکەت دەدات پێش کاتەکەی خۆی پلان دابنێت. بەڵام دانانی یاساکانی قەدەغەی هاتووچۆت با نەرم و نیانیەکی تێدابێت کەڕێگەی پێبدات ناوبەناو بەشداری بۆنە گرنگە کۆمەڵایەتییەکان بکات.

١٢-هەرچەندە چاودێریکردن لە چاوی هەرزەکارەکەتدا ڕێگەپێدراو نییە، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت پێویستە بیکەیت! کاری تۆیە پشکنینی گەنجەکەت بکەیت بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کە ڕاستیت پێدەڵێت. بە پشتبەستن بە داتاکانی چاودێری ڕەفتاری مەترسی گەنجان لە ساڵی ٢٠١٥، ٤١%ی خوێندکارانی ئامادەیی ڕاپانگەیاندووە کە پەیوەندی ناشەرعیان هەیە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، لە کۆی ٢٠ ملیۆن نەخۆشی نوێی گواستنەوەی سێکسی ساڵانە، زیاتر لە نیوەیان لەنێو گەنجاندا بووە کە تەمەنیان لەنێوان ١٥ بۆ ٢٤ ساڵدایە. زۆرجار، دایک و باوک باوەڕیان بەوە نییە کە منداڵەکانیان پەیوەندی ناشەرعیان هەیە. وەک دایباب خۆت منداڵەکانت فێری پەروەردەی سێکسی بکە. جێیمەهێڵە بۆ مامۆستاکانیان، قوتابخانەکانیان، هاوڕێکانیان، یان بەرنامە گشتیەکانیان.

١٣-هەوڵبدە منداڵەکانت ڕابهێنیت زووی بخەون و زوو لەخەو هەڵبسن، شەوانە لەماڵەوە چالاکیتان هەبێت. گەر کرا ناوبەناو شەوانە بە خێزانی پێکەوە بچنە دەرەوە.

### هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بـــکەن:

١- پەیوەندی بەدایبابتەوە بکە یان نامەیان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی ئاگاداری دۆخەکە بیت ئەگەر بڕیارە دوابکەون. بەڵام ڕوونی بکەرەوە بەهۆی چیەوە دوادەکەویت.

٢- سی خولەک پێش کاتی قەدەغەی هاتووچۆ زەنگی ئاگادارکردنەوە لە مۆبایلەکەتان دابنێن. لەوانەیە زەنگەکە بیرتان بخاتەوە کاتی ئەوە هاتووە بەرەو ماڵەوە بڕۆنەوە.

٣- بۆ نموونە هەرزەکارێکی تەمەن پانزە ساڵانی بە دزییەوە دێیتە دەرەوە بۆ ئەوەی شەوی هەینی لەگەڵ هاوڕێکانت بیت. دایبابیان کاتێک زانیان بەدزیەوە ماڵەوەت بەجێهێشتوە بەبێمۆڵەت، ڕەنگە دەرئەنجامە سروشتییەکەی ئەوەبێت کە دایک و باوکەکە ڕێگە بە منداڵەکە نادات شەوی دواتر بچێتە ئاهەنگێک.

٤-لەوانەیە هەست بە نادادپەروەرییەکی قووڵ بکەیت کە هاوڕێیەکانت قەدەغەی هاتووچۆیان نیە و زۆر بە ئازادی لە ماڵەوە دەچنەدەرەوە. بەڕاستی گرنگە کە تۆ بزانیت ڕۆڵی سەرەکی دایبابت ئەوەیە کە تۆ پارێزراوبیت.

٥- فێربە کە گرنگە یاساکان جێبەجێ بکەیت و بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا بکەیت. بەشێک لەبوون بە ئەندامێکی بەرپرسیار لە خێزانەکەدا بریتییە لەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە لە کاتی خۆیدا.

٦- ڕێگەدان بە گەشتکردن لەگەڵ هاوڕێکانتدا بە دڵنیاییەوە ئیمتیازێکە بۆت، هەوڵبدە ئەودرفەتە بەباشی بەکاربهێنیت، ئەگەری ئەوە هەیە دایبابان لە هەموو کاتێکدا ئاگادارت نەبن، بەڵام دەبێت خۆت ئاگاداری ژیانی خۆت بیت، گەر ماڵەوە ڕێگەیان پێدایت هەندێک شەوان بچیتە دەرەوە نابێت لەگەڵ هەموو کەس و بۆ هەموو شوێنێک شەوانە بچیتە دەرەوە.

٨-دانانی قەدەغەی هاتوچۆ بۆ ئێوەی هەرزەکار زۆر گرنگە. ئیدارەی سەلامەتی ڕێگاوبانەکانی ئەمریکا بەو ئەنجامە گەشتوە کە هەرزەکاران لەدوای نیوەی شەو لەڕووداوەکانی ئۆتۆمبێل زیاتر لەهەموو کاتێکی دیکە گیانیان لەدەستدەدەن. هەروەها لە دوای نیوەی شەو زۆربەی ئەو دامەزراوانەی کە خزمەت بە گەنجان دەکەن دادەخرێن.

٩- لە ڕەخنەگرتن لە هاوتەمەنەکانت مەترسە. هەرگیز مەکەوە ژێرفشاری هاوتەمەنەکانتەوە ئەوان پێیان وایە چوونە دەرەوە چێژێکی تایبەتی هەیەو هەست بە ئازادی دەکەیت. بەڵام مانەوە لەماڵەوە هاوکارت دەبێت بۆ ڕاپەراندنی زۆربەی چالاکیەکان، زۆرجار ئەو هەرزەکارانەی بەشەو دەچنە دەرەوە، سەردانی کافتریا و نێرگەلەخانەکان دەکەن، هەندێکجاریش فێری کێشانی مادەی هۆشبەر و خواردنەوەی مەی دەبن.

دەستپێکی گفتوگۆ:

١- ئایا هەموو شەوێک دەچیتە دەرەوە؟

٢- ئایا مانەوە لەدەرەوە بەدرێژای شەو سودی هەیە؟

٣- لەماڵی ئێوە تا کاتژمێر چەند ڕێگەتپێدەدرێت لە دەرەوە بمێنیتەوە؟

### بیستەم: هەڵهاتنی هەرزەکار لەماڵەوە:

هەڵهاتن کێشەیەکی جدییە، بەپێی ئامارەکانی National Runaway Switchboard، کە ڕێکخراوێکە و پەیوەندییەکان وەردەگرێت و یارمەتیی ئەو منداڵانە دەدات کە هەڵاتوون یان بیر لە هەڵاتن دەکەنەوە، لە هەر ٧ منداڵێک کە تەمەنیان لەنێوان ١٠ بۆ ١٨ساڵدایە، یەکێکیان لە شوێنێکدا هەڵدێت، وە یەک ملیۆن بۆ ٣ ملیۆن منداڵی هەڵهاتوو و بێ ماڵ و حاڵ لە ئەمریکا لەسەر شەقامەکان دەژین.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەم دواییەی پەیمانگای نیشتمانیی تەندروستیی دەروونی، ساڵانە ژمارەی ئەو منداڵانەی هەڵدێن بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. دکتۆر ڕۆبەرت شیڵۆ، ئەو دەروونناسەی کە ئامادەکاری توێژینەوەکە بووە، ڕاپۆرت دەکات کە ڕاکردن لە ساڵانی ئامادەیی دەگاتە لووتکە.

یەکێک لە تێڕوانینێکی هەڵە ئەوەیە کە ئەو گەنجانەی هەڵاتوون، -منداڵانی خراپن- زۆر جار ئەمانە منداڵانی باشن کە تووشی دۆخی خراپ دەبن. ئەو گەنجانەی کە ماڵەوە جێ دەهێڵن، زۆر جار ڕووبەڕووی ئەزموونی زەبربەخش و هەڵبژاردنی زۆر سەخت دەبنەوە، دکتۆر شیڵۆ دەڵێت ئەم منداڵانە بەدەگمەن تاوانبارن.

توێژینەوەکەی دکتۆر شیڵۆ بۆ پەیمانگای نیشتمانیی تەندروستیی دەروونی بە هەمان ئەنجام دەگات: "زۆربەی هەڵهاتووەکان"، دەر کەوتووە، هیچ پلانێکی ڕێکخراو و نیازێکیان نییە بۆ ئەوەی ماڵەوە جێ بهێڵن بۆ هەمیشە.

### دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:

ڕەنگە هەڵهاتنی هەرزەکار لە ماڵەوە دابنرێت بە خراپترین دەرئەنجام لە ئەنجامی پێکدادانی هەرزەکار لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگە، هەڵهاتن کۆتاییەکە نییە، بەڵکوو سەرەتایە بۆ زنجیرە کێشەیەکی تر کە بەرۆکی هەرزەکارەکە دەگرێت، گەر بگەڕێینەوە بۆ هۆکاری هەڵهاتنی گەنج لە ماڵەوە، هۆکارە سەرەکییەکەی ئەو گرژی و ناکۆکییانەیە کە لە خێزاندا هەیە و هۆکاری ئەم گرژییە ئەمانەیە:

١- نائاشنابوونی دایباب بە شێوازی ئەرێنییانەی چالاکانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرزەکار.

٢- نەزانی بەرامبەر ئەو پێشهات و گۆڕانکارییانەی ڕوو دەدەن لە هەرزەکاران.

٣- تێنەگەشتنی خێزان لە هەرزەکارەکە و ڕەخنەی هەرزەکاریش لە خێزان لە لایەکی ترەوە هۆکارێکە بۆ قووڵبوونەوەی ناکۆکی و سەرئەنجام هەرزەکار ماڵەوە جێ دەهێڵێت.

٤- کەموکووڕی لە شێوازەکانی ڕێنماییکردنی ڕەفتار لەلایەن دایباب بۆ منداڵەکانیان، کاتێک فشاریان لەسەرە یان ڕەت دەکرێنەوە، دەبێتە هۆی پەرەسەندنی بازنەی کردار -هاندەری دەرەکی- و کاردانەوە -وەڵامدانەوە– لە ئەنجامدا کاریگەریی خراپی دەبێت لە پەیوەندیی نێوان دایباب و هەرزەکارەکە.

هۆکاری هەڵهاتنی هەرزەکار لە ماڵ:

**پرسەکانی خێزان** – ناکۆکی لەگەڵ یاساکانی خێزان و کێشە و شەڕی بەردەوامی دایباب، جیابوونەوەی دایباب یان هاتنی دایبابێکی نوێ بۆ نێو ژیانی هەرزەکارەکە، پرسەکانی خێزانی تێکەڵ، سەرپەرشتیکردن، گواستنەوە و بارکردن، مردنی کەسێک لە خێزاندا، هەڵە پەروەردەکردنی هەرزەکاران، لەدایکبوونی منداڵێکی نوێ لە خێزانەکەدا، کێشەی دارایی خێزان، دایبابێکی مەیخۆر یان بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر، توندوتیژیی خێزان... هتد.

**ئازاردان** – دەستدرێژیی سۆزداری، جەستەیی و سێکسی لەگەڵ پشتگوێخستن دەگرێتەوە.

**تەندروستیی دەروونی** - خەمۆکی، خۆکوشتن، تێکچوونی خواردن، زیانگەیاندن بە خود، کێشەی دەروونی یان ڕەفتار و هتد.

**کێشەکانی هاوتەمەن** - گۆشەگیری، قسەی ناشرین، شەڕ لەگەڵ هاوڕێیان و هتد.

**کێشەی هەرزەکار لە خوێندنگە** – نزمبونەوەی ئاستی زانستی، دروستبونی کێشە لەگەڵ مامۆستایان یان بەڕێوبەر.

**دایباب هەمیشە درک بە قورسایی قسەکانیان ناکەن.** ڕەنگە هەندێک لە هەرزەکاران پێیان وا نەبێت کە دەتوانن بگەڕێنەوە ماڵەوە، تەنانەت ئەگەر دایبابیان ئارەزووی گەڕانەوەیان هەبێت. زۆر جار کاتێک دایباب هەرزەکارەکانیان دەردەکەن، هەمیشە بیر لەوە ناکەنەوە کە هەڵدێن. لە کاتی دەمەقاڵەدا، ڕەنگە دایبابێک بە منداڵەکەیان بڵێت لە ماڵەکەیان دەر بچن و دواتر کاتێک منداڵەکەیان ڕۆیشت، سارد ببنەوە. دایبابەکە پێی وایە کە منداڵەکەیان دوای یەک-دوو ڕۆژ دەگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام هەمیشە وا نییە. هەندێک لە هەرزەکاران ڕەتی دەکەنەوە بێنەوە ماڵەوە و هەوڵەکانی دایبابیان بۆ دۆزینەوەیان پشتگوێ دەخەن، هەندێکی دیکەش زۆر لە دایبابیان دەترسن و بیر لەوە ناکەنەوە پێیان بچنەوە ناو ماڵە کۆنەکانیانەوە.

پەیوەندی کە یارمەتیی ڕێگریکردن لە هەڵاتن دەدات:

کاتێک شتێک ڕوون دەکەنەوە، قسەکان مەبڕن، تەنانەت ئەگەر ناکۆکیش بوویت، چاوەڕێ بکە تا تەواو دەبێت.
هەرگیز ناوی منداڵەکەت مەهێنە کە بە وشەی وەک، درۆزن، ناپێگەیشتوو، خۆپەرست، درندە، گەمژە، نامیهرەبان، ناوی لێ بنێن. منداڵەکەت دەست دەکات بە بیرکردنەوە لە زاراوەی نەرێنی و دەست دەکات بە ناونانی ناوی خراپتر.
هێمن و بێدەنگ بە، چاوپێکەوتن بکە، وە کاتێک منداڵەکەت تووڕە دەبێت، وەڵام مەدەرەوە، چاوەڕێ بکە تا ئارام دەبێتەوە.

**هەنگاوەکانی کەمکردنەوەی مەترسیی هەڵاتن:**

١-پلانی دەستتێوەردانی قەیرانەکان بۆ منداڵەکەت دابڕێژە ئەگەر دۆخەکە قەیرانێک یان قەیرانێکی دووبارەبووەوەی تێدا بوو.

٢-هەر بەکارهێنانێکی کحول یان مادده هۆشبەرەکان هەڵسەنگێنە و چارەسەری بکە وەک ئەوەی کەسێکی پسپۆڕ پێشنیاری کردووە.

٣-ئەگەر گونجاو بوو، ناوت تۆمار بکە لە گروپی پەروەردەیی یان ڕاهێنانی کارامەیی کە تواناکانی پەیوەندیکردن و نێوان کەسەکان باشتر دەکات.

٤-چەندین هۆکاری پارێزەر هەن کە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی گەنجێک لە ماڵەوە ڕابکات، وەک دروستکردنی پەیوەندییەکی مانادار لە کۆمەڵگاکەیاندا، دروستکردنی پەیوەندیی پاڵپشت، هەبوونی شوێنێکی سەلامەت بۆ ڕۆشتن لە کاتی قەیرانەکاندا، پەرەپێدانی تواناکانی ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان. با مەنهەجی قسە بکەین: خۆپاراستن لە هەڵاتن یارمەتیی گەنجان دەدات زۆرێک لەم کارامەییانەی ژیان بنیات بنێن.

## هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بــکەن:

بیرتە چ هەستێکت هەبوو دوایین جار کە لەگەڵ دایبابت یان یەکێک لە خوشک و براکانت تووشی شەڕێکی گەورە بوویت؟ ئەو جۆرە تووڕەیی و ئازارە دەتوانێت ئەوە بێت کە پاڵ بە کەسێکەوە بنێت بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ڕابکات.

لە ڕاستیدا زۆربەی هەرزەکاران بە هۆی کێشە لەگەڵ خێزانەکانیان هەڵدێن، هەندێک هەرزەکار بەهۆی یەک دەمەقاڵەی توندەوە هەڵدێن، تەنانەت هەندێکیان بڕیاری ڕۆشتن دەدەن بەبێ ئەوەی هەرگیز شەڕیان هەبێت، لەوانەیە شتێکیان کردبێت کە شەرمیان لێ بکات و دەترسن بە دایبابیان بڵێن.

**واقیعی هەڵهاتن.** کاتێک بیر لە ڕاکردن دەکەیتەوە، ڕەنگە وا بیر بکەیتەوە کە چیتر یاسا نامێنێت، هیچ دایبابێک پێت بڵێت چی بکەیت، چیتر شەڕ نامێنێت، ژیانێکی نایاب و ورووژێنەر دەست پێ دەکات، ڕاستە؟

١-لە واقیعدا ڕاکردن جگە لە ناخۆشی، هیچی تر نییە، ئەو منداڵ و هەرزەکارەی کە هەڵدێن، ڕووبەڕووی کێشەی نوێ دەبنەوە، وەک نەبوونی پارە، خواردەمەنی بۆ خواردن، شوێنێکی سەلامەت بۆ خەوتن، یان هەرکەسێک کە ئاگاداریان بێت.

٢-ئەو کەسانەیماڵیان نییە و پارەیان نییە، بێهیوا دەبن، هەر کارێک دەکەن تەنیا بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان. بە هۆی ئەمەوە زۆر جار خۆیان لە دۆخێکی مەترسیداردا دەبیننەوە کە ترسناک دەبێت، تەنانەت بۆ گەورەکانیش. هەرزەکارانی هەڵهاتوو زۆر زیاتر تووشی تاوانە مەترسیدارەکان دەبن لەچاو ئەو منداڵانەی کە لە ماڵەوە دەژین.

٣-ئەو منداڵانەی لەسەر شەقامەکان دەژین، زۆر جار دەبێت دزی بکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان، زۆرێک بۆ تێپەڕاندنی ڕۆژەکەیان ماددەی هۆشبەر بەکار دەهێنن یان مەی دەخۆنەوە، چوونکە زۆر خەمۆک دەبن و هەست دەکەن کەس گرنگییان پێ نادات، هەندێکیان ناچارن ئەو کارانە بکەن کە بە شێوەیەکی ئاسایی نەیاندەکرد بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەن. ژمارەی ئەو منداڵانەی کە تووشی ئایدز یان نەخۆشییەکانی دیکە بوون لە شەقامەکانیشدا زیاترە، چوونکە ئەم منداڵانە لەوانەیە دەرمانی IV بەکار بهێنن یان سێکسی بێپارێزراو بکەن (زۆرجار بۆ پارە).

بۆ ڕزگاربوون لە ئەزموونێکی ناخۆش، ئازاربەخش یان سەختی دووبارەبووەوە یان بەردەوام لە ژیانیاندا.

هێڵی سەلامەتیی نیشتمانیی هەڵاتن چەند ئامارێکی باس کرد کە بۆچی منداڵان هەڵدێن:

٤٧%ی منداڵان لە ماڵەوە تووشی ناکۆکی لەگەڵ دایباب یان سەرپەرشتیار دەبن.

٣٤%ی هەڵهاتووەکان لە ماڵەوە تووشی دەستدرێژیی سێکسی بوون (٨٠%ی ئەو کچانە).

٤٣%ی هەرزەکاران باسیان لە دەستدرێژیی جەستەیی کردووە وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی جێهێشتنی ماڵەوە.

٤-لە کاتێکدا دەستدرێژی هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی گەنجان ماڵەکانیان جێ بهێڵن، بەڵام زۆر جار هۆکارگەلێکی بەشداربوو هەن کە دەستدرێژیی جەستەیی، سۆزداری، یان سێکسیی خراپتر دەکەن. دەستدرێژیی جەستەیی و ژیانی خراپی قوتابخانە دەتوانێت هەرزەکارێک دوور بخاتەوە، یان دەستدرێژیی سێکسی بە هۆی ژیانی ناجێگیری ماڵەوە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ بگاتە خاڵی شکاندن. بە هەردوو ڕێگاکە، گەنجان هەست دەکەن تاکە بژاردەیان ڕۆشتنە.

دەستپێکی گفتوگۆ:

١- ئایا تا ئێستا بیرت لە هەڵهاتن کردوەتەوە لە ماڵەوە؟

٢- پێویستە کێشەکانمان بە گفتوگۆ چارەسەر بکەین یان نا؟

٣- مانەوە لەگەڵ دایبابت باشترە یان لەگەڵ باند و مافیاکان؟

## بیست و یەک: بەشداری چالاکی قوتابخانە و چالاکی کۆمەڵایەتی:



لە ئەوروپا و ئەمریکا کچان و کوڕان هەمان ئاستی خوێندن وەردەگرن. ئامادەبوون لە قوتابخانە لە پێشینەی کارەکانە چونکە بەزۆری دەرچووی ئامادەیی پێویستە یان بچنە کۆلێژ یان کارێکی باش دەدۆزنەوە، هەروەها لە پۆلدا خوێندکاران هاندەدرێن کە قسە بکەن و بەشداری گفتوگۆکان بکەن و پرسیار بکەن. تا خوێندکار پابەند بێت بە یاساکانی پۆلەوە، ئەمە بە ڕەفتاری سەرقاڵکەر نازانرێت، لە ڕاستیدا زۆرجار پێویستە بۆ سەرکەوتنی هەرزەکارەکەت لە قوتابخانە، وەک دایبابێک چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە تۆش بە ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ مامۆستاکان بەشداری لە خوێندنی منداڵەکەتدا بکەیت بۆ ئەوەی بزانیت چۆنیەتی پێشکەوتنی زۆر پێش هەرزەکاریت بەدەستی دەهێنێت.

بەشداری کۆمەڵایەتی: لێرەدا چەند نموونەیەک لە چالاکییەکانی کۆمەڵگا دەخەینەڕوو:

١- ژەنینی ئامێری موزیک یان پاکردنەوەی ژینگە.

٢- بەشداری یانەکانی دوای خوێندن بکە، لەنێویاندا یانە نێودەوڵەتییەکان. بە شێوازێک بێت بتوانێت ئەو پۆشاکەی ئەتەوێ بیپۆشیت، نەوەک بە زۆر پۆشاکێکی نیمچە ڕووتت بەسەردا بسەپێنن.

٣-بەرنامەی وەرزشی قوتابخانەکان.

٤- بەرنامەی وەرزشی کۆمەڵایەتی، وەک ئەوانەی کە لەلایەن هەر یانەیەکەوە بەڕێوەدەبرێن، بەڵام بە مەرجێک دژ بە بەها ئاینی و کلتوریەکانتان نەبێت.

٥-پۆل و پرۆگرامی کۆمەڵایەتی بە سپۆنسەری پارک و کتێبخانە و بەشی کات بەسەربردن.

٦-چالاکی کولتووری یان ئەخلاقی دەکرێت بەتایبەت ئەو چالاکیانەی لە لایەن ڕەوەندی نەتەوەکەتەوە یان هاو ئاینەکانتەوە ڕێکدەخرێت.

## دایبابان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بـــکەن:

١- لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا زۆرجار دایباب ئامادەی چالاکییەکانی منداڵەکانیان دەبن لە خوێندنگە. بەشداریکردن لەو چالاکیانەی خوێندنگە ڕێکیدەخات دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ ناسینی جۆری چالاکییەکانی هەرزەکارەکەت لە خوێندنگە لە وڵاتێکی نوێ.

٢- زۆرێک لە خوێندنگە ناوخۆییەکان کۆمەڵێک چالاکیی بەرفراوانیان هەیە کە ڕەنگە تۆ و خێزانەکەت چێژیان لێ وەربگریت. هەروەها بەشداریکردن لەم چالاکیانەدا دەتوانێت ڕێگەیەکی سەلامەت بێت بۆ تۆ و هەرزەکارەکانت بۆ پەرەپێدانی متمانە و تواناکانی سەرکردایەتیکردن.

٣- بەشداریکردن لە چالاکی خوێندنگە دەکرێت هۆکار بێت بۆ ناسینی دایبابانیتر کە یارمەتیدەرە بۆ هاوکاریکردنی ئەو ئاستەنگیە پەروەردەیانەی هەرزەکارێک پێیدا تێدەپەڕن.

٤- بەشێک لەو چالاکییانە پارەیان پێدەدرێت. ئەو بەرنامانەی کە لەلایەن قوتابخانەکان و کتێبخانە گشتییەکانەوە پێشکەش دەکرێن زۆرجار بەخۆڕایین و ڕەنگە زۆرێک لە بەرنامە وەرزشییەکانی قوتابخانەکان بتوانن یەکپۆشی لەخۆبگرن بۆ ئەوەی شەرم و شکۆی کچان بپارێزن.

٥- خەمی سەردانی قوتابخانە و پۆلی هەرزەکارەکەت و پرسیارکردن لە مامۆستا و کارگێڕان نەبێت. ئەگەر منداڵەکەت تووشی کێشەی ئەکادیمی بوو، داوای پێشنیاری مامۆستاکەی بکە وەک وانەی تایبەت.

٦-ئارەزووی خۆبەخشی لە قوتابخانەی هەرزەکارەکەت دەرببڕە وەک ڕێگەیەک بۆ مانەوە لە بەشداریکردن و ناسینی دایبابی تر.

## هەرزەکاران پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بـــکەن:

١-ڕێگەیەکی باش بۆ ئەوەی هەست بە ئاسوودەیی زیاتر بکەیت لە کۆمەڵگە نوێیەکەتدا ئەوەیە کە بەشداری بکەیت لە چالاکییەکانی وەک یاریکردنی وەرزش لە تیمی قوتابخانە یان تیمی گەڕەک، بەشداریکردن لە یانەیەکی قوتابخانە، یان وانە خوێندن لە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی. بەشداریکردن لەم چالاکییانەدا ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانی دیکە کە هەمان بەرژەوەندییان هەیە و متمانە بەخۆبوون دروست بکەن و فشاری دەروونی کەم بکەنەوە.

٢- بە بەشداریکردن لەم چالاکییانەدا، سەرکردایەتی و ژیانی هاوسەنگ و دڵسۆزی بۆ کۆمەڵگەی ناوخۆیی نیشان دەدەیت، کە ڕەنگە یارمەتیت بدات ئەگەر ئارەزووی چوونە کۆلێژ یان بەدەستهێنانی کارت هەبێت. ئەگەر قوتابخانەکەت گروپێکی تازەی بۆهات یان جۆرێکی تری گروپ یان چالاکییەکانی نییە کە تۆ جێگەی سەرنجە، لەگەڵ یەکێک لە ڕاوێژکارانی قوتابخانە یان مامۆستاکان قسە بکە سەبارەت بە پێکهێنانی ئەو گروپە یان دەستپێکردنی ئەو چالاکییە. هەروەها هاندانی دایبابت بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانت و ئاهەنگەکانی قوتابخانە و بۆنە و ئاهەنگەکانی تردا، ڕەنگە یارمەتی بدات هەست بە ئاسوودەیی زیاتر بکات.

٣-گرنگیدان بە چالاکییەکانی دوای خوێندن وەک بەشداریکردن لە یانەکان و مەشقکردنی بیرکاری. ئەم چالاکییانە دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ دۆزینەوەی ئەو منداڵانەی کە هەمان ئارەزووی تۆیان هەیە و پشتگیریت بکەن لە بنیاتنانی کارامەیی گرنگ بۆ داهاتووتان.

٤-پێویستە بەو شێوەیە دەست پێ بکەیت کە بزانیت بۆچی هەندێک لە خوێندکارەکان حەزیان لە بەشداریکردن نییە. هەندێک لە خوێندکاران خۆیان لە پەیوەندی چالاکانە لەگەڵ هاوپۆل و مامۆستاکانی تر دەپارێزن. بێ گومان هەندێک خوێندکار هەر هەیە کە پێیان وایە بەشداریکردن لە چالاکییەکانی قوتابخانەدا بێ بەهایە و پێیان باشترە شتێکی مانادارتر بکەن. بەداخەوە هەندێک لە خوێندکاران بەرێکەوت لە ڕابردوودا لە دەوری مامۆستا خراپەکانیش بوون. ئەزموونکردنی زەلیلکردنیان لەلایەن مامۆستایەکەوە بووە بەهۆی ئەوەی کاریگەرییەکی خراپی لەسەر مێشکی منداڵەکە بەجێبهێڵێت و لە ئەنجامدا خۆیان لە بەشداریکردن لە چالاکییەکانی قوتابخانەدا بپارێزن.

### دەستپێکی گفتوگۆ:

١- چ جۆرە چالاکییە خوێندنگەت حەز لێیە؟ حەزت لە پراکتیزەکردنە یان زارەکی؟

٢- ئایا هیچ چالاکییەک هەیە وەک خوێندکار بتوانیت ئەنجامی بدەیت؟

٣- ئایا تا ئێستا بەشداریت کردوە لە چالاکی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەت؟

## چەند ڕێنماییەکی گشتی بۆ دایبابان

١. دەستنیشانکردنی کێشەکە: دایک و باوک دەتوانن یارمەتی هەرزەکاران بدەن بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکەیان.

٢. سەرنج خستنە سەر بابەتەکە: سەرنجتان لەسەر بابەتەکە بێت نەک کەسەکە یان هەستەکانی. سەرنج خستنە سەر بابەتەکە یارمەتی دەدات بە ئازایانە ڕووبەڕووی کێشەکە ببێتەوە نەک تووشی دڵەڕاوکێ و بێزاری ببێت.

٣. گوێیان لێبگرن: دەتوانن ڕێنمایی هەرزەکاران بکەن بۆ گوێگرتن بەبێ ئەوەی موناقەشە و مشتومڕ بکەن، گوێگرتن زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدانی تواناکان و چارەسەرکردنی کێشەکان. بە هەرزەکارەکەت بڵێ گوێت لێدەگرم، بەبێ ئەوەی موناقەشە و مشتومڕت لەگەڵ بکەم. هانی بدە کە وتەی وەک پێویستم، دەمەوێت، هەست دەکەم' بەکاربهێنێت.

٤. دروستکردنی چارەسەرێک بۆ کێشەکە: لەگەڵ هەرزەکارەکەت دابنیشە و هانی بدە بیر لە هەموو ڕێگا و ئەگەرەکان بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی کە تووشی بووە و گیرۆدەیەتی. داوا لە هەرزەکارەکەت بکە بیر لە ئەزموونەکانی ڕابردووی بکاتەوە بەتایبەت لە کاتی کێشەکانی پێشووتردا. لەوانەیە هەرزەکارەکەت چەندین چارەسەری جۆراوجۆر بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئەکرێ هەندێکیان نا واقعی بن کێشە نییە. با بەدواداچوون بۆ توانا داهێنەرەکانی خۆی بکات. بێهیوایان مەکەن.

٦. بیرۆکەکە بخەرە بواری جێبەجێکردنەوە: ئێستا بە هەرزەکارەکەت بڵێ ئەو بیرۆکەیەی کە دەتوانێت قەیرانەکەی پێچارەسەر بکات جێبەجێی بکات. هانی بدە کە باشترینی هەوڵی خۆی بدات و بزانێت چۆن کاردەکات. ئامانجت ئەوە بێت کە ڕێگە بە هەرزەکارەکەت بدەیت بە شێوەیەکی سەربەخۆ کێشەکان چارەسەر بکات، بەبێ دەستێوەردانی، بەڵام کاتێک پێویستی بە هاوکاری بوو یان داوای هاوکاری کرد بە هانایەوە بچۆ.

٧. هەڵسەنگاندن بۆ دەرئەنجامی چارەسەرەکانی بکە: لە کۆتاییدا هەڵسەنگاندن بۆ دەرئەنجامی چارەسەرەکە بکە. ڕەنگە چارەسەرەکە کاتێکی زۆری بوێت تا کارا و کاریگەر بێت. هەروەها لە هەندێک کاتدا ناتوانێت بە یەک هەوڵدان کێشەکانی چارەسەر بکات. بۆیە پێی بڵێ هەموو چارەسەرە ئەگەرییەکان تاقی بکاتەوە و پلانێتر ئامادە بکات. هەروەها هەرزەکارەکەت فێر بکە کە لە ژیاندا بە ئاسانی واز نەهێنێت.

٨- چۆن لەگەڵ هەرزەکارەکەت قسە بکەیت: پەروەردەکردنی هەر بابەتێکی قورس لەگەڵ هەرزەکارەکەتدا هەست بە نارەحەتی دەکات. کاتێک هەڵبژێرە کە هەم بۆ تۆ و هەم بۆ ئەویش باش بێت. شوێنێکی ئاسوودە هەڵبژێرە، جا چ ئەوە بێت بۆ سەیران، کارلێککردن لەگەڵیدا لە وەرزش یان خولیای دڵخوازی خۆیان، یان بردنی بۆ دەرەوە بۆ نانی بەیانی یان قاوە. کوڕان مەیلیان هەیە باشتر گوێ بگرن کاتێک بەشداری چالاکیەکی جەستەیی دەکەن. وتار مەدە و پرسیاری ڕاستەوخۆی زۆر مەکە. ڕێگەیەکی باش بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆیەک سەبارەت بە بابەتە هۆشبەرەکان، سێکس، یان بارودۆخە نارەحەتەکانی تر ئەوەیە کە پرسیارێکی وەک "پێتوایە ئەمە پرسێکی گەورەیە لە قوتابخانەکەتدا؟" گوێ بگرە کە هەرزەکارەکەت چی دەڵێت. زۆرجار هەرزەکارەکەت بیربخەرەوە کە خۆشت دەوێن و باشترینت بۆ دەوێت. بە درێژایی ڕۆژ بە بەردەوامی پشکنینی کورت لەگەڵیان بکە. دەرفەتەکە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی "ساتەکانی فێرکاری" لەگەڵیان هەبێت. چاوەڕوانی و بۆچوونەکانتان ڕوون بکەنەوە. بە هەرزەکارەکەت بڵێ کە تۆ خۆتبەدەستەوە نادەیت بۆ هەندێک شت و باسی دەرئەنجامەکانی شکاندنی یاساکانت بکە.

## کۆتایی

لە کۆتاییدا زۆر سوپاس بۆ خودای بێپایان، توانیم ئەم کتێبە بە کۆتا بگەیەنم، هیوادارم توانیبێتم سوودێک بە کۆمەڵگە بگەیەنم، ئامانج لە نووسینی ئەم کتێبە ناوو ناوبانگ نەبێت، بەڵکوو ئامانج لێی سوودبینین بێت بۆ ئەو دایبابانەی لەپێناو ژیانێکی باشتر ڕوویان لە تاراوگە کردوە، بەڵام لە ئەنجامی بەریەککەوتنی دوو کلتور و دو دوونیابینینی جیاواز هەرزەکارەکانیان توشی ئاڵنگاری نوێ بوون، هەرزەکارانیش بە تەواوەتی توشی شۆک بوون ئایا کام لەم دوونیابینانە ڕاستن وە بەتەواوەتی پشتگوێ خراون و بە هیچ جۆرێک ڕێنمایی ناکرێت، ئەم جۆرەش بەزۆری هەرزەکارێکی نابەرپرسی سەرەڕۆی لێ دەر دەچێت، هەرزەکار پێویستی بە ڕینمای و هۆشیاریە، ئەگەر دایباب نەتوانن ئەم ڕۆڵە بگێڕن، لەوانەیە هەرزەکارەکان کەسایەتی خۆیان لەدەست بدەن، ئەم پەرتووکەم هەوڵێکە بۆ ئەوەی بتوانم هاوکاربم لەچارەسەرکردنی هەندێک لە گرفتەکانی گەنجان، گەر خودا یار بێت و سوودی هەبێت.

داواکارم لە خودا بیکاتە توێشووی دواڕۆژ

غفور تاهیر محمد

سلێمانی ٢٠٢٣/١٠/٣٠

## سەرچاوەکان


قورئانی پیرۆز.

١- ١٠٠ ڕێسای بنەڕەتی لە پەروەردەکردنی هەرزەکاردا، ئادەم گیونەش، وەرگێڕانی: شیاو لەتیف نەورۆلی، (٢٠١٨) ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا.

٢- ئالودەبون بە مادەی هۆشبەر- لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و مەیدانی لە هەرێمی کوردستان، د. خانزاد ئەحمەد عەبد – ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، (٢٠١٩) چاپخانەی ئازادی.

٣- ببە بە هەرزەکارێکی دڵخۆش، ئەندریۆ ماسیۆن، وەرگێڕانی: وەلید صمد، (٢٠١٥) دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

٤- پەروەردەی سێکسی منداڵ، د.جەعفەر عومەر، (٢٠٢٣) ناوەندی ڕێنوێن- سلێمانی.

٥- هاوڕەگەزخوازی- هۆکارێکی بۆماوەیی یان لادانێکی ڕەفتاری. د. یوسف مەلا خەلیل. (٢٠٢١) ناوەندی ڕێنوێن – سلێمانی.

٦- ٧ خوەکەی نەوجەوانی پێشەنگ، شین کۆڤی، وەرگێڕانی: د.شێرکۆ عبدوڵا، (٢٠١٢) لە بڵاوکراەکانی هیوا فاوەندەیشن.

٧- بۆ کوران و کچانم- ٥٠ مۆم بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگاتان، د. عبدالکریم بکار، وەرگێرانی: ڕەؤوف أمین محمد، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا .

٨- پەیوەندیەکانی نێوان دایباب و منداڵ- ڕێبەرێک بۆ پەروەردەکردنی مندالان، د.هیشام تاڵیب- عبدولحەمید ئەبو سولەیمان- عومەر تالیب، وەرگێڕانی: بێخال لەتیف محیەدین – زانا محمود حەسەن – ئازاد عەلی محەمەد، (٢٠١٧) لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی.

٩- خولیاو خواستەکانی گەنج، د. موحەممەد خیر شەعال، وەرگێڕانی: قاسم سەلام، (٢٠٢٣) ناوەندی ڕێنوێن-سلێمانی.

١٠- فێرکردنی منداڵان- بەرنامەیەکی ئاکاری، ڕۆحی و گشتگیر بۆ گەشەپێدانی پەروەردەیی، ئان موسلیمانی، وەرگێڕانی: نزار لەتیف ئەحمەد، (٢٠٢٣) لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی.

١١- گەنجێتی بێ کێشە- گەشتێک لە ناخەوە، د. ئەکرەم رضا، (٢٠١٣) ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا.

١٢- لادانە سێکسیەکان و گرفتی جێندەری- لە نێوان زانست و بەرژەوەندیدا، خاڵ-گۆڤارێکی هزری و رۆشنبیریە، ژمارە(٣٨) پایزی (٢٠٢٢).

١٣- هەنگاو بە هەنگاو پەروەردەی سێکسی منداڵ، ئادەم گیونەش، وەرگێڕانی: ئەحمەد خالیدی، (٢٠١٨) ناوەندی ڕاگەیاندی ئارا.

١٤- تربية المراهقين في دولة جديدة- دليل لكل الأسرة، منظمة خدمات مد جسور التواصل للاجئين الشباب والأطفال.

١٥- تربية الأطفال في الإسلام- أسسها وتطبيقاتها- د. جمال الخالدي، (٢٠١١) دار وائل للنشر والتوزيع.

١٦- كيف تعالج مشكلات ابنتك المراهق بنفسك- حلول عملية للمشكلات المعاصرة للمراهقين (من سن١٢: ٢١سنة) - (٢٠١٦) دار الراية للنشر والتوزيع.

١٧- تعديل سلوك الطفل في ٩ اسابيع، د. مصطفى ابو سعد، (٢٠٢١) الإبداع الفكر.

١٨- المراهقون المزعجون, د.مصطفى أبو سعد, (٢٠١٠) الإبداع الفكري.

١٩- سلامة أطفالنا على شبكة الإنترنت- مادة تدريبية حول سلامة الأطفال على الإنترنت، غريس صوان – سيدة الأحمر – كارمن شبيب، (٢٠٢٠) المركز التربوي للبحوث والإنماء-لبنان.

٢٠- مبادئ توجهيهية لاولياء الأمور والمربين بشان حماية الأطفال على الإنترنت، الاتحاد الدولي للاتصالات قطاع التنمية، مجموع من المؤلفين، (٢٠٢٠) منشورات ITU.

بەرگی کتـــێب

خێری خۆت گوێم لێبگرە، کە من داوات لێدەکەم گوێم لێبگریت بەڵام تۆ دەست دەکەیت بە ئامۆژگاریکردنم.

ئاواتەکەم ناهێنیتە دی کە من داوات لێدەکەم گوێم لێبگریت و تۆ پێم دەڵێیت فلانە بیرکردنەوەم، بۆم خراپە.

تۆ بیر و هەستم وێران دەکەیت کاتێک من داوات لێدەکەم گوێم لێبگریت و تۆ وادەزانیت پێویستە کارێک بکەیت کە کێشەکەم چارەسەر بکات.

تۆ بەو کارانەت نائومێدم دەکەیت ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێت بەڵام تکایە گوێم لێبگرە هیچم لە تۆ ناوێت

تەنها گوێبگرە و قسە مەکە، هیچ هەوڵێکیشم بۆ مەدە تەنها گوێم لێبگرە.